ڕووداو
RÛDAW
ژمارە (572) دووشەممە 2019/9/30 - 8ی ڕەزبەر 2719 (750) دینار

# کۆرپەیەک فڕێدەدرێ و دایکەکەشی دەکوژرێ

**ڕووداو — هەولێر**

ڕۆژی 2019/9/18، کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی لەیلا فازڵ، دانیشتووی گەڕەکی کۆبانێ لە شاری کەرکووک، لەلایەن برا تەمەن 19 ساڵانەکەیەوە بەناوی (ع.فازڵ) کوژرا.

عەمید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دایک و باوک و برای کچەکەیان دەستگیرکردووە. برای کچەکە لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: "خوشکەکەم پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی عەرەب هەبووە و لێی دووگیان بووە، کوڕەکە کاتێک بەمەی زانیوە هەڵاتووە، خێزانەکەم گوتیان تا منداڵەکەی نەبێت نایکوژین، با نەبێتە دوو تاوان، ئەو منداڵە هیچ تاوانێکی نییە، بۆیە نۆ مانگ چاوەڕێمان کرد تاوەکو منداڵەکەی بوو". لەیلا ڕۆژی 2019/9/13 لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە کەرکووک منداڵەکەی بوو. (ع) لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: "دایکم لەگەڵی چووبوو بۆ نەخۆشخانە. ئەو ڕۆژەی منداڵەکەی بوو، یەکسەر هێنایانەوە ماڵەوە و منداڵەکەیان فڕێدا". (ع) تەنیا پێنج ڕۆژ چاوەڕێی کردبوو. ئەو دەڵێت: "دوای پێنج ڕۆژ بە دایکم و باوکم گوت، لەیلا دەکوژم. ئەوان هیچیان نەگوت. لەیلا زۆر پاڕایەوە کە نەیکوژم، بەڵام بە دەمانچەکەی باوکم دوو گوللەم لێدا و کوشتم". ئەمە لە ئیفادەی (ع)دا هاتووە بۆ پۆلیس.

ڕۆژی 2019/9/13 پۆلیسی کەرکووک لە دۆزینەوەی منداڵێکی تازە لەدایکبوو ئاگادار کرایەوە. دوای بەدواداچوون دەرکەوت ئەوە منداڵەکەی لەیلایە. منداڵەکەی لەیلا کە کوڕە، ئێستا لە نەخۆشخانەی لەدایکبوونە.

12»

## گۆڕان داوای دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی یاریدەری سەرۆکی حکومەت دەکات

4




## فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی کێشەی تێدەکەوێت

10



د.زوبێر ڕەسوڵ:

## ستراتیجی گەڕانەوە بۆ بەغدا ناکاملە

18

د.بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق بۆ (ڕووداو):

# هەوڵێکی جددی هەیە کە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی بودجە بدۆزرێتەوە



**ڕووداو– نیویۆرک**

د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق، ڕایگەیاند هەوڵێکی جددی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بودجە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی. هەروەها دەڵێت ئێستا کەشوهەوایەکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە و پێویستە وەبەرهێنانی تێدا بکرێ.

د.بەرهەم ساڵح، هەفتەی ڕابردوو بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک کرد، لەوێ بە زمانی کوردی و عەرەبی گوتارێکی پێشکەش کرد. هەر لەوێ پەیامنێری (ڕووداو) هەڤپەیڤینێکی نێو کاژێری لەگەڵ سازکرد.

د.بەرهەم لەبارەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا قسەی کرد و لەبارەی پرسی بودجەوە گوتی دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان ئەوەیە هەولێر و بەغدا بۆ ماوەی ساڵێک، واتە لەسەر بودجەی 2020 ڕێکبکەون، هەوڵێکی جددیش هەیە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی بودجە بدۆزرێتەوە "چونکە ناکرێ هەموو ساڵێک ئەو بێنەوبەردەیە لەسەر بودجە بکەین". هەروەها دەڵێت: "لەم ماوە نزیکە مەسەلەی بودجە دێتەوە ئارا. من لە هەرێمی کوردستان بووم، بە درێژی باسی ئەو بابەتەمان کرد. چەند جارێک وەفدی عێراقی هاتووەتە هەولێر. هەندێکجار بە ئاشکرا و هەندێکجار بەبێ ئاگاداری میدیا".

سەبارەت بە دۆخی کەرکووک، سەرۆک کۆماری عێراق گوتی: "دۆخی کەرکووک ئاسایی نییە، دەبێ ئاسایی بکرێتەوە. هەوڵێکی زۆریش هەیە بۆ ئەوەی دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە چارەسەر بکرێ. ئێستا هەوڵێکی زۆر هەیە کە پێکهاتەکانی کەرکووک پێکەوە دانیشن. من وەکو سەرۆککۆمار لەو هەوڵانە بەشدارم بۆ ئەوەی بە ئاراستەیەکیدا ببەین کە بگەینە ئەنجامێک. نەتەوەیەکگرتووەکان بە هەمانشێوە. نزیکن لە ڕێکەوتن".

د.بەرهەم ساڵح لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەی یوئێن لە نیویۆرک بە جیا لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و حەسەن ڕۆحانی، سەرۆککۆماری ئێران کۆبووەوە. سەبارەت بە هەڵوێستی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر ململانێکانی واشنتن و تاران. د.بەرهەم ساڵح دەڵێت " هەڵوێستی ئێمە ڕوونە. نابینە میحوەرێک لە دژی میحوەرێکی دیکە. نامانەوێ ببینە بەشێک لە ناکۆکی و شەڕی دیکە. 40 دانە ساڵە خەڵکی عێراق لەشەڕدایە. ئەم وڵاتە پێویستی بە ئارامییە".

3»

حکومەت هەشت پڕۆژە یاسا دەنێرێتە پەرلەمان

# لێژنەیەکی نۆ کەسی بە پڕۆژە یاسای چاکسازیدا دەچنەوە

**ڕووداو– هەولێر**

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند لەم وەرزەی پەرلەماندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەشت پڕۆژە یاسا دەنێرێتە پەرلەمان کە یەکەمیان پڕۆژە یاسای چاکسازییە لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەکان. سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێت: "هەر کاتێک پڕۆژە یاساکە گەیشتە پەرلەمان، دەیخەینە بەرنامەی کارەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، حکومەت لە کۆتایی مانگی تەمووزی ئەمساڵ لێژنەیەکی نۆ کەسی پێکهێناوە بۆ چاوخشاندنەوە بە (پڕۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان).

لێژنەکە پێکدێ لە: وەزیرانی (دارایی و ئابووری، پلاندانان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان)، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێوەبەری گشتیی ژمێرکاری لە وەزارەتی دارایی و نوێنەرێکی سیستمی بایۆمەتری.

عەلی حەمەساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کارنامەی کابینەی نۆ لە 22 پڕۆژە یاسادا جێگای کراوەتەوە "لەم وەرزەی پەرلەماندا کە سێ مانگێکی ماوە، بڕیارە حکومەت نزیکەی 8 پڕۆژە یاسا بنێرێتە پەرلەمان بۆ پەسەندکردن، یەکەمیشیان پڕۆژە یاسای چاکسازییە لە خانەنشینی و مووچە ء دەرماڵەکان".

سەبارەت بەو بڕگانەی کە ئەگەری هەیە گۆڕانکارییان تێدا بکرێ، عەلی حەمەساڵح دەڵێت: "ئەو بڕگانەی کۆدەنگیان لەسەر دروست بووە، پرسی خانەنشینی پلە باڵاکان ء کەمترین مووچەی خانەنشینی ء قەرزی مووچەخۆرانە، کۆدەنگی لەسەر کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینی پلە باڵاکان ء کەمترین مووچەی خانەنشینی کە 400 هەزار دینار بێت، دروست بووە".

هەر بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە، قسە لەسەر ئەوە کراوە، لە پڕۆژە یاساکەدا جێگای ئەوەش بکرێتەوە کارتێک بۆ مووچەخۆران دروست بکرێت ء پرسی قەرزی مووچەخۆرانی تێدا چارەسەر بکرێت، بەجۆرێک فەرمانبەر بتوانێ بەو کارتە قەرزەکانی ئاو ء کارەبا ء باجە جۆراوجۆرەکان بداتەوە، بەوەش چارەسەری بەشێکی زۆری قەرزی پاشەکەوتی مووچە دەکرێت.

هەروەها ڕێواس فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وەک دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان چاوەڕێی گەیشتنی پڕۆژ یاساکە دەکەن و گوتی: "هەر کاتێک پڕۆژە یاسای چاکسازی گەیشتە دەستمان، ڕاستەوخۆ دەیخەینە بەرنامەی کارەوە، بۆ نموونە ئەگەر ڕۆژی شەممە بەدەستمان بگات دەیخەینە بەرنامەی کاری ڕۆژی سێشەممەوە". سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داواکارە حکومەت پڕۆژە یاساکە بە باشی و ڕەزامەندیی سەرجەم لایەنەکان ئامادە بکات، ئەمەش لە پێناو ئەوەی لە پەرلەمان بە ئاسانی تێپەڕێت.

4»

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای داناگاز بۆ (ڕووداو):

# زیاتر لە 20 ملیار دۆلار پارەمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاندووەتەوە

**ڕووداو– ئەبووزەبی**

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای داناگاز، یەدەگی گازی هەردوو کێڵگەی کۆرمۆر و چەمچەماڵ ئاشکرا دەکات و دەڵێت 75 ملیار پێ سێجا پێ. هەروەها دەڵێت لەو کاتەوەی گازی سروشتی بۆ وێستگەکانی کارەبای هەرێمی کوردستان دابین دەکەن، 20 ملیار دینار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە کە پێشتر بۆ ئیشپێکردنی وێستگەکان بە گازوایل دەدرا.

د.پاتریک ئالمان وارد، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای داناگاز کردووە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرای دەکات بە نیازی دامەزراندنی دوو وێستگەی نوێی بەرهەمهێنانی گازن لە کێڵگەی کۆرمۆر کە ڕۆژانە 500 ملیۆن پێ سێجا گاز بەرهەمدەهێنن، بەمەش توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەکە بۆ 900 ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا بەرز دەکەنەوە. بە گوتەی ناوبراو ئەم گازەش بەشی کارپێکردنی سەرجەم وێستگەکانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان دەکات.

کۆمپانیای دانا گاز لەگەڵ کۆمپانیای هیلال دامەزرێنەری کۆنسێرتیۆمی پێرڵن و لە چوارچێوەی پێرڵدا لە کێڵگەی چەمچەماڵ و کۆرمۆر کاردەکەن. لە ساڵی 2007 گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە، لە ساڵی 2009 دا بۆ یەکەمجار گازیان بەرهەمهێناوە.

سەبارەت بە کێڵگەی گازی چەمچەماڵ. د.پاتریک ئەلمان وارد دەڵێت "لە کاتی پەرەپێدانی کێڵگەی چەمچەماڵ هەندێ نادڵنیایی هەبوو. بەڵام هەڵکۆڵینی بیری ژمارە 3ی ئەزموونی لە چەمچەماڵ ئەوەی بۆ سەلماندین کە سەرچاوەی گازی سرووشتی لە چەمچەماڵ هەیە، لەگەڵ قەبارەیەکی زۆر لە گازی شلی کۆندێنسەیت". هەروەها دەڵێت دەتوانن لە قۆناغی سەرەتایی ڕۆژانە 80 تاوەکو 100 ملیۆن پێ سێجا گاز لەو کێڵگەیە بەرهەم بێنن.

بە گوتەی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای داناگاز، دوای بەکارخستنی دوو وێستگە نوێیەکەی کێڵگەی کۆرمۆر، ڕۆژانە 250 ملیۆن پێ سێجا گازی زیادیان دەبێ و دەیانەوێ بازاڕی بۆ بدۆزنەوە. د.وارد دەڵێت "پێمانباشە ڕۆژانە 250 ملیۆن پێ سێجا گازی زیادەی خۆمان کە لەسەرووی خواستی ناوخۆی کوردستانە، هەناردە بکەین و پێمانباشە ئەو بڕەپارەیەمان هەبێت کە هەناردەی تورکیای بکەین". گوتیشی "توانای ڕکابەریی باشمان هەیە کە بە نرخێکی هەرزان گاز بە تورکیا بفرۆشین".

سەبارەت بە بەرنامەی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکە و دابینکردنی هەلی کار بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان. د.وارد دەڵێت: "ئێمە چەندین دەسپێشخەریمان هەیە بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ ئەو گوندانەی لە نزیک کێڵگەکەی ئێمەن، هەروەها ژێرخانی گونجاو دادەمەزرێنین وەک ڕێگەوبان و پشتگیریی خەڵکانی ئەو ناوچەیە لەڕووی تەندروستییەوە". گوتیشی "لە قۆناغی یەکەمی پەرەپێدانی پڕۆژەکەمان هەلی کارمان بۆ 20 هەزار کەس ڕەخساند. ئێستا کەمبووەتەوە بۆ 8000 کەس کە 95%یان خەڵکی هەرێمی کوردستانن".

9»

کۆمەڵایەتی 13
هەولێر لەچاوی گۆڤاری (پلەی بۆی)ـەوە



ڕاپۆرت 14
قەیرانێکی دارایی گەورە چاوەڕێی جیهان دەکات

ڕاپۆرتە هەواڵ 2
سزای بکوژانی پاسەوانەکەی کۆمەڵ سووک دەکرێ



ئابووری 8
زیانی ساڵانەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە کوردستان 20 ملیۆن دۆلارە



راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (572) - دووشەممە 2019/9/30

## پێدانی کارەبای نیشتیمانی زیاد دەکات



**ڕووداو – هەولێر**

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە مانگی داهاتووەوە پێدانی کارەبای نیشتمانی زیاد دەکات و زیاتر لە 21 کاژێر کارەبا دەدرێت. ئومێد ئەحمەد، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەهۆی کەشوهەوای ئەم وەرزەوە پێدانی کارەبا زیادیکردووە، ئەگەر دۆخەکە بەم جۆرە بەردەوام بێت لە 20 تاوەکو 23 کاژێر کارەبای نیشتمانی بە هاووڵاتیان دەدرێت. لە خراپترین دۆخیشدا 20 کاژێر کارەبا بە هاووڵاتیان دەدرێت. دەربارەی خواست لەسەر بەکارهێنەرانی کارەبا، ئومێد ئەحمەد گوتی: "ئێستا 3200– 3500 مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنین، خواستیش لەسەر بەکارهێنانی کارەبا لەخوار 4000 مێگاواتەوەیە".

دۆسیەی حەمکۆ و خۆشەویستەکەی لە زاری خۆیانەوە

# حەمکۆ: دەستدرێژیم نەکردووەتەوە سەر ئەو کچە و بە خواستی خۆی سێکسمان کردووە



**ڕووداو – هەولێر**

ماوەی 11 ڕۆژە ئەکتەری کۆمیدی محەممەد فەرەیدوون جۆرج (حەمکۆ) لەسەر سکاڵای کچێکی تەمەن 29 ساڵ دەستگیرکراوە. کچەکە دەڵێت حەمکۆ لەگەڵی خەوتووە و ئێستا پەردەی کچێنی لەدەستداوە، بەڵێنی پێداوە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، بەڵام ژنێکی دیکەی هێناوە، بۆیە سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە.

(س) کە پەیوەندیی لەگەڵ حەمکۆ هەبووە، لەو ئیفادەیەی بۆ پۆلیسی داوە دەڵێت: "سەرەتا پەیوەندییەکی ئاساییمان هەبوو، بەڵام دواتر بوو بە خۆشەویستی، چەند جارێک لە کافتریا و بارڕ و ماڵی حەمکۆش یەکدیمان بینی، تەنانەت کچەکانیشی ئاگاداری پەیوەندییەکەمان بوون".

(س) لە درێژەی قسەکانیدا گوتوویەتی کە شەوی سەری ساڵ کچێنی لەدەستداوە "سەعات 7:30ی ئێوارەی 2018/12/31 چووم بۆ ماڵی حەمکۆ، هەردوو کچەکەشی لەوێ بوون. بەیەکەوە دەمانخواردەوە، من بەتەواوی سەرخۆش بووم و ئاگام لە خۆم نەما، بەیانییەکەی چاوم کردەوە خۆم لە ژووری نووستنەکە بینی، لەشم بە خوێن بوو، زۆر شڵەژام و زانیم ئەو شەوە حەمکۆ کچێنی بردووم".

(س) دەڵێت حەمکۆ بۆ ئەوەی کێشەی بۆ دروست نەبێت، بەڵێنی پێداوە بیخوازێ "بەڵێنی دا هاوسەرگیری بکەین، منی برد بۆ لای سێ پزیشکی ئافرەتان، دەرچوو کچێنیم لەدەستداوە. ڕاپۆرتی پزیشکیش کە لە ڕۆژی 2019/9/5 دەرچوو، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە. تەنیا دایکم بەمەی زانیوە. بۆ ئەوەی کەسوکارم نەزانن پێمگوت بۆ شەش مانگ با هاوسەرگیری بکەین و دوایی جیادەبینەوە، بەڵام حەمکۆ هەڵیخەڵەتاندم، دوای چەند مانگێک ژنی هێنا، بۆیە سکاڵام لە دژی تۆمار کرد، وێنە و بەڵگەی زۆریشم لەسەر پەیوەندییەکە داوەتە پۆلیس".

حەمکۆ کە ئێستا بەپێی ماددەی (395) لە زیندانە، لە وتەکانیدا بۆ پۆلیس نکۆڵی لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ (س) ناکات و دەڵێت: "نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر لەڕێگەی فەیسبووکەوە یەکدیمان ناسی. دواتر لە بارڕێک یەکترمان بینی، ئەو پێشتر مەشروبی زۆر خواردبووەوە، نەیدەتوانی لەسەر پێیەکانی بوەستێ، لەگەڵ شوفێری منداڵەکانم بردمانەوە بۆ ماڵەوە".

حەمکۆ ڕەتیدەکاتەوە دەستدرێژی کردبێتە سەر کچەکە و دەڵێت: "ئەو شەوە (س) و هاوڕێیەکی میوانی من بوون. دوو کچەکەشم لەلام بوون، مەشروبمان دەخواردەوە، دواتر کچەکانم و هاوڕێیەکەی (س) ڕۆیشتن، بە ڕەزامەندیی خۆی سێکسمان کرد. کەمێک خوێنی کاڵم بینی لەگەڵ ئاوێکی زەرد، بە کلینس هەڵمگرتەوە".

بەپێی قسەکانی حەمکۆ، کچەکە هەڕەشەی لێکردووە "نزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر کچەکە هەڕەشەی لێکردم، بەیەکەوە چووین بۆ لای دوو پزیشکی ئافرەتان، گوتیان پەردەی کچێنی نەماوە، بەڵام ئەو کچە نزیکەی هەشت مانگ پێشتر پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی دیکە هەبووە، بۆیە گومان دەکەم لەگەڵ کەسێکی دیکە خەوتبێ". حەمکۆ هیچ زانیارییەکی لەبارەی ئەو کەسە نەبووە کە دەڵێت پەیوەندی لەگەڵ (س) هەبووە و گوتوویەتی "دەڵێن پەیوەندی هەبووە".

بەپێی قسەکانی حەمکۆ، جارێک (س) چووەتە ماڵەکەی و مووسی لە دەموچاوی خۆی داوە و هەوڵیداوە خۆی بکوژێ، لەبەر ئەوەی حەمکۆ بەنیاز بووە ژن بێنێ، بەڵام دەڵێت: "من ئەو ماوەیە وەکو هاوڕێ لەگەڵ کچەکە بووم و کەسوکارەکەشی ئاگادارن". بەڵام لە کۆتایی وتەکانیدا بۆ پۆلیس گوتوویەتی "بەڵێنی هاوسەرگیریم بە (س) دابوو، بەڵام کەسوکارەکەی خۆی رازی نەبوون".

پێشتر فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو

# سزای بکوژانی پاسەوانەکەی کۆمەڵ سووک دەکرێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

دادگای هەولێر بڕیاری لەسێدارەدانی چوار تاوانباری دۆسیەی کوشتنی پاسەوانەکەی بارەگای کۆمەڵی ئیسلامیی هەڵوەشاندەوە، پارێزەری کەسوکاری پاسەوانەکە دەڵێت، بنەماڵەی پاسەوانەکە بە سوڵح ڕازین و تەنیا برایەکی دژی سوڵحە.

شەوی 2014/5/30 پاسەوانێکی مەڵبەندی کۆمەڵی ئیسلامی بەناوی محەممەد عەزیز لەبەردەم بارەگای مەڵبەندەکە کوژرا. دواتر پۆلیس چوار کەسی بەناوەکانی (ج. ئەکرەم)، 27 ساڵ. (ئا. ئەسکەندەر)، 31 ساڵ. (ق. ئەکرەم)، 32 ساڵ و (ئی. ج) تەمەن 36 ساڵ دەستگیر کرد. ڕۆژی 2016/5/8 دادگای تاوانی هەولێر بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بەسەر یەکێکیاندا سەپاند و ئەوانەی دیکە ئازادکران.

بەڵام بنەماڵەی محەممەد عەزیز، بڕیارەکەی دادگایان تەمیز کردەوە، چونکە محەممەد عەزیز کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ بووە و لەکاتی دەوامدا کوژرابوو، بۆیە (ئا.ئەسکەندەر) دەستگیرکرایەوە، دووەکەی دیکەش هەڵاتن. تۆمەتبارەکان دادگایی کرانەوە، ڕۆژی 2018/12/4 دادگای تاوانی هەولێری یەک سزای لەسێدارەدانی بەسەر هەرچواریاندا سەپاند.

ئەمجارەیان کەسوکاری تۆمەتبارەکان بە بڕیارەکەی دادگا ڕازی نەبوون. خانێ ئەکرەم، خوشکی (ج. ئەکرەم) و (ق. ئەکرەم) بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی بەڵگە ڤیدیۆییەکان و ڕاپۆرتی دادپزیشکی، پاسەوانەکە بە دەستی براکانم و دوو کەسەکەی دیکە نەکوژراوە، بەڵام دوای 18 دانیشتنی دادگا کە هیچیان دادپەروەرانە نەبوون، دادگا بڕیارێکی هەڵەی دا. پێمانوابوو بڕیارەکە لەژێر گوشاردا دراوە. بۆیە تەمیزمان کردەوە".

دوای پێنج ساڵ لە ڕووداوەکە، دەستەی گشتی سزایی لە سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسێدارەدانی چوار کەسەکەی هەڵوەشاندەوە. ئامانج ئەسکەندەر برای (ئا. ئەسکەندەر) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی دادگای تاوانی هەولێری یەک بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ براکەم و سێ تۆمەتبارەکەی دیکە دەرکرد، ئێمە تەمیزمانکردەوە، ڕۆژی 2019/9/1 دادوەر سزای لە سێدارەدانەکەی هەڵوەشاندەوە و کردی بە زیندانی هەتاهەتایی".

دۆسیەکە لە دادگا کۆتایی هاتووە و داخراوە. ئامانج ئەسکەندەر دەڵێ: "ئێستا ئیفراج شەرتی و لێبووردنی گشتی دەیانگرێتەوە، هەروەها ئەو 5 ساڵەشیان بۆ هەژمار دەکرێت کە لە زیندان بەسەریان بردووە، بۆیە ئەگەر ساڵی 2020 بڕیاری لێبووردنی گشتی دەربچێ ئازاد دەکرێن، ئەگەرنا لە زۆرترین حاڵەتدا تەنیا چوار ساڵی دیکە لە زیندان دەمێننەوە".

هێشتا یەکێک لە تۆمەتبارەکان خۆی ڕادەست نەکردووە. ئامانج ئەسکەندەر دەڵێ: "ئێستا هەریەک لە (ج. ئەکرەم) و (ئا. ئەسکەندەر) و (ئی. ج) لە زیندانن، بەڵام (ق. ئەکرەم) هێشتا خۆی ڕادەست نەکردووە لەبەرئەوەی دەترسێت، چاوەڕێیە سوڵح بکرێ، ئەگەرنا ئەویش خۆی ڕادەست دەکاتەوە".

کەسوکاری پاسەوانە کوژراوەکە بە بڕیارەکەی دادگا ڕازین. بڕۆ سەعید، پارێزەری هاوژینەکەی محەممەد عەزیز بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی چوار تۆمەتبارەکەی هەڵوەشاندووەتەوە و کراوە بە زیندانی تاهەتایی کە 20 ساڵە، بەڵام مەرجی ئیفراج شەرتی دەیانگرێتەوە کە بۆ هەر ساڵێک 3 مانگە، بەمەش ماوەی زیندانیکردنەکەیان دەبێتە 9 ساڵ، هەروەها 30%ی لێبووردنی گشتی دەیانگرێتەوە، بۆیە ئەوپەڕی چەند ساڵێکی دیکە لە زیندان دەمێننەوە و ئازاد دەکرێن".

لەبارەی سوڵحی عەشایەریش، بڕۆ سەعید دەڵێت: "من لە سەرەتاوە دەمزانی ئازاد دەکرێن، ئەمەم بە کەسوکاری محەممەد عەزیز و کۆمەڵی ئیسلامیش گوتووە، هاوژینی کوژراوەکە و کۆمەڵیش لە سەرەتاوە بە سوڵح ڕازی بوون، بەڵام برایەکی محەممەد عەزیز ڕازی نەبووە و ناهێڵێت سوڵح بکرێت".

# ناوی مستەفا ڕەشید بە 15 هەزار دۆلار دەچێتە کتێبی گینسەوە



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ئەو گەنجەی لە شاری دهۆک ریکۆردێکی کتێبی گینسی شکاند، دەڵێت تەنیا یەک بەڕێوەبەر لە دهۆک پەیوەندی پێوەکردووە و پیرۆزبایی لێکردووە. ئێستاش دەڵێت پێویستی بە 15 هەزار دۆلارە بۆ ئەوەی ناوی لە کتێبی گینس تۆمار بکات.

ڕۆژی 2019/9/24 مستەفا ڕەشید، تەمەن 22 ساڵ، کە گەنجێکی دانیشتووی شاری دهۆکە، توانی بۆ یەکەمجار ریکۆردێکی نوێی جیهانی تۆمار بکات و بۆ ماوەی 55 کاژێر و 14 خولەک بەبێ خەوتن و وەستان بۆکسێن بکات.

لە کاتی وەشاندنی بۆکسەکاندا مستەفا ڕەشید هەمیشە چوار دەوری قەرەباڵغ بوو، زۆر بەرپرسی دهۆک لەوانەش پارێزگاری دهۆک سەردانیان کرد و بەڵێنیان پێدا هاوکاریی بکەن، بەڵام دوای شکاندنی ریکۆردەکە، ئێستا بەتەنیا ماوەتەوە.

مستەفا ڕەشید کە 7 ساڵە یاری لەشجوانی دەکات، دەڵێت هەر لە سەرەتاوە ڕاهێنەرەکەی هانیداوە و بەردەوام پێیگوتووە کە ئەو توانایەکی زۆری هەیە. دوو مانگ لەمەوبەر بە هاوکاریی سەرۆکی فیدراسیۆنی جیهانی کۆبۆ دەستی بە ئامادەکاری کرد بۆ تۆمارکردنی ریکۆردێکی کتێبی گینس.

> تەنیا یەک بەڕێوەبەری دهۆک تەلەفۆنی بۆ کردم
>
> مستەفا ڕەشید

خەڵک دەپرسن کە ناوی مستەفا لە کتێبی گینس تۆمار کراوە؟ ئەو دەڵێت: "ئەوەی من کردوومە، لە چەند ڕۆژی داهاتوو بۆ لیژنەی دادوەریی کتێبی گینسی دەنێرن کە لە دوبەی دادەنیشن. ڕەنگە دوو مانگی پێبچێ تا لیژنەکە بڕیار دەدات".

مستەفا ڕێکارەکانی تۆمارکردن لە پەرتووکی گینس ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: "پرۆسەکە پێویستی بە پارەیە، چونکە دوای قبوڵکردنی ئەنجامەکە، دەبێ سەردانی دوبەی بکەم، یان ئەوان لیژنەیەک دەنێرن بۆ ئێرە کە خەرجیی لیژنەکە دەکەوێتە ئەستۆی من، ئەو پرۆسەیەش لانیکەم پێویستی بە 15 هەزار دۆلارە. ئەوەش لە توانای مندا نییە".

مستەفا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوکاتەی سەرقاڵی شکاندنی ریکۆردەکە بووە، زۆر بەڵێنی پێدراون، بەڵام دوای شکاندنی ریکۆردەکە، هیچ لە بەڵێنەکان جێبەجێ نەکران. مستەفا گوتی: "دوای ئەوەی گەڕامەوە ماڵەوە، تەنیا بەڕێوەبەری هاتوچۆی دهۆک پەیوەندی پێوەکردم. زۆر بەڵێنم پێدراون، بەڵام جارێ تەنیا قسەن و نەبوون بە کردار".

گوتیشی: "تەنانەت دوای شکاندنی ریکۆردەکەش کە چووم بۆ نەخۆشخانە، خۆم خەرجی نەخۆشخانەم دا".

بەپێی ڕێکخراوی تۆماری جیهانیی گینس، گەنجێک بە ناوی ئازاد حەیدەریان لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵی 2018 توانی ببێتە خاوەنی ماوەدرێژترین بۆکسەری جیهان پاش ئەوەی توانی بۆ ماوەی 55 کاژێر و 10 خولەک و 4 چرکە بۆکسێن بکات.

بەتۆمەتی ئەوەی کە داعشە

# سوپای عێراق کوردێک ئەشکەنجە دەدات

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

کوردێکی دانیشتووی گوندی پونگینەی سەر بە قەزای مەخموور لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە بەبێ هیچ بەڵگەیەک دەستبەسەر دەکرێت و زۆر بە توندی ئەشکەنجە دەدرێت. بەڕێوەبەری ناحیەی قەراج دەڵێ داوای ڕوونکردنەوەیان لە سوپای عێراق کردووە.

شوان سدیق، تەمەن 38 ساڵ، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە. دانیشتووی گوندی پونگینەی دەشتی قەراجی سەر بە ناحیەی باقرتی قەزای مەخموورە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن سوپای عێراقەوە بەتۆمەتی ئەندامێتی داعش دەستگیرکراوە و زۆر بەتوندیش ئەشکەنجە دراوە.

شوان کە بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە توانای قسەکردنی نییە، ئێستا لە ماڵەوە کەوتووە. بەکر سدیق، برا گەورەی شوان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "براکەم ڕۆژی 2019/9/25 بەیانی زوو مەڕەکانی بردبووە دەرەوە بۆ لەوەڕاندن، بەڵام دوو سەربازی عێراقی براکەمیان دەستبەسەر کردووە و بردوویانە".



ڕۆژی پێش دەستگیرکردنی شوان، بۆمبێک لە نزیک پونگینە تەقییەوە کە چەکدارانی داعش بۆ سوپای عێراقیان دانابوو، بۆیە سەربازەکان گومانیان لە شوان کردووە. بەکر دەڵێت: "براکەم گوتبووی من خەڵکی گوندی پونگینەم و بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ هاتووم، بەڵام ئەوان بە قۆنداغە تفەنگ لێیانداوە و بە زەبری چەک بردوویانە بۆ بارەگایەکی خۆیان، لەوێ بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەشکەنجەیان داوە".

کەسوکاری شوان چەند جارێک پەیوەندی بەو فەوجەوە دەکەن کە شوانیان بردبوو، بەڵام ئامر فەوجەکە دەڵێت هیچ زانیارییەکیان نییە، پاشان پەیوەندی بە ئامر لیوایەکی سوپای عێراق لە ناوچەکە دەکەن، ئەویش نکۆڵی لەوە دەکات کە شوان لەلایەن سەربازەکانی ئەوانەوە ڕفێنرابێ.

دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر، سەربازەکان شوان ئازاد دەکەن. بەکر دەڵێت: "براکەم هێندە بە خراپی لێیدرابوو، توانای قسەکردنی نەمابوو، هەموو جەستەی بریندار بوو، دوای ئەوەی دۆزیمانەوە بردمان بۆ نەخۆشخانە، ئێستاش لە ماڵەوە کەوتووە".

بە گوتەی بەکر، دوای ڕووداوەکە ئامر فەوجەکە سەردانی کردوون، داوای لێکردوون سکاڵا تۆمار نەکەن و خۆیان کێشەکە چارەسەر دەکەن. بەکر دەڵێت: "پێمانگوتن دەبێت ئەو کەسانە سزا بدرێن کە شوانیان ئەشکەنجەداوە. ناشبێت لەو ناوچەیە بمێنن، ئەگەرنا سکاڵا لەدژیان تۆمار دەکەین، چونکە ئەوان خەڵکی گوندەکە دەناسن و تۆمەتی داعشبوونیان بۆ براکەم هەڵبەستووە".

هێرش حوسێن حەسەن، بەڕێوەبەری ناحیەی قەراج سەبارەت بە ئەشکەنجەدانی ئەو هاووڵاتییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ماوەیەکە دانانەوەی بۆمب لەو سنوورە زۆر بووە کە چەکدارانی داعش بۆ سوپای عێراق دایدەنێنەوە، بەڵام زۆرجار ئەوانەی دەبنە قوربانی دانیشتووانی ناوچەکەن. ئەو پیاوەش بەتۆمەتی ئەوەی چەکداری داعشە، لەلایەن چەند سەربازێکی سوپای عێراقەوە دەستبەسەرکراوە، هەرچەندە خۆشی پێناساندوون، بەڵام ئەوان گوێیان بەوە نەداوە و ئەشکەنجەیان داوە".

هێرش حوسێن داوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکات و دەڵێ: "ئێمە بەوردی چاودێریی دۆسیەکە دەکەین، داوای ڕوونکردنەوەمان لە سوپای عێراق و لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە کردووە و چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانین، دەبێت ئەو سەربازانەی شوان سدیقیان ئەشکەنجەداوە بدرێنە دادگا و سزای خۆیان وەربگرن".

## د.بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق بۆ (ڕووداو):

# هەوڵێکی جددی هەیە کە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی بودجە بدۆزرێتەوە

د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق، هەفتەی ڕابردوو بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک کرد، لەوێ بە زمانی کوردی و عەرەبی گوتارێکی پێشکەش کرد. هەر لەوێ پەیامنێری (ڕووداو) هەڤپەیڤینێکی نێو کاژێری لەگەڵ سازکرد. د.بەرهەم لەبارەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا قسەی کرد و لەبارەی پرسی بودجەوە گوتی دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان ئەوەیە هەولێر و بەغدا بۆ ماوەی ساڵێک لەسەر بودجەی 2020 ڕێکبکەون، هەوڵێکی جددیش هەیە بۆئەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەی بودجە بدۆزرێتەوە.

**هەڤپەیڤین: مەجید نیزامەددین گلی**
**ڕووداو - نیویۆرک**



(فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو: دەمەوێ لە گوتارەکەتەوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەستپێبکەم کە بەشێکی بە کوردی بوو، چۆن ئەو بڕیارەت دا؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** کوردم. زمانی ڕەسمیی عێراق کوردییە. ئەمڕۆش سەرۆککۆمارم. ئەرکی سەرشانمە بەناوی هەموو پێکهاتەکانی عێراقەوە بە عەرەب و کورد و پێکهاتەکانی دیکەوە قسە بکەم. خەڵکی کوردستان دەنگیان هەیە لە نێو پرۆسەی سیاسی و بڕیارەکانی عێراق.

**ڕووداو: لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆبوویتەوە، داواکاری سەرەکیی ترەمپ لە تۆ چی بوو؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** بەڕێزەوە باسی پێشکەوتنەکانی عێراقی کرد. باسی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراقی کرد. چۆن هەوڵ بدرێ ئەو پەیوەندیانە بەهێز بکرێن. ئەو پێشکەوتنانەی لە عێراق هەیە پەرەی پێبدەین. باسی بارودۆخی ناوچەکەمان لە دوای داعش کرد. پەیامی ئەوە بوو کە سەرکەوتنی سەربازی دژی داعش، کارێکی زۆر زۆر گەورە بووە، بەڵام پێویستمان بە کاری دیکەیە بۆ زامنکردنی ئەوەی جارێکی دیکە ئەو تیرۆرستانە ڕوونەکەنەوە نەک عێراق، بگرە ناوچەکە. ئەمە

> **چاوەڕوانین وەفدی کوردستان بێتە بەغدا**

ئیشی زۆری دەوێ، ئیشی ئەمنی، سیاسی و ئابووری. ڕووبەڕووبوونەوەی بیروبۆچوونە توندەکانی ناوچەکەی دەوێ. چارەسەری بارودۆخی سووریای دەوێ.

**ڕووداو: هەستناکەی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ، پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی داعش لەڕووی سەربازییەوە کەمبووەتەوە، بەڵام عێراق دەڵێت داعش هێشتا هەڕەشەیە؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** داعش مەسەلەیەکی درێژخایەنە، نەک هەر داعش، مەسەلەی تیرۆر و توندڕەوی مەسەلەیەکی گرنگە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. سەرکەوتنی سەربازی بەسەر داعش کە بە هەوڵی پێکهاتەکانی عێراق، خەڵکی کوردستان و ناوچەکانی دیکە بەدیهات، سوپای عێراق، پێشمەرگە و حەشدی شەعبی بە هاوکاریی دۆستەکانمان و پشتیوانیی نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە تێکشکاندنی. بەڵام داعش ئێستاش خەڵکی ماوە، چ لە سووریا بێ، یان لە هەندێک ناوچەی سنووری عێراق. پێویستی بە کاری بەردەوامە، بەڵام توندڕەوی لە کوێوە دێ؟ توندڕەوی لە بێکارییەوە دێ. لە بارودۆخی شێواوی سیاسییەوە دێ. لە ململانێ و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی ناوچەکەوە دێت. ئەمانە ئیشی زۆری دەوێ، ئەگەر بمانەوێ جارێکی دیکە، داعشێکی دیکە پەیدا نەبێتەوە. بەڕاستیش لە قسەکانمان لەگەڵ سەرۆک ترەمپ و

> **پەیوەندیم لەگەڵ کاک مەسعوود ئاساییە**

لایەنەکانی دیکەش باسمان لەوە کرد کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی زۆرە، بەڵام کێشە سەرەکییەکەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و توندڕەوییە. ناکرێ بۆ دەوڵەتێکی وەکو عێراق دوای ئەو هەموو خوێنڕشتن و تێکۆشانە بۆ تێکشکاندنی تیرۆر، ڕێگە بدەین جارێکی دیکە تیرۆر ڕووبکاتەوە وڵاتەکەمان.

> **عێراق نابێتە میحوەرێک لە دژی میحوەرێکی دیکە**

**ڕووداو: لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە عێراق؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای پێویستییە ئەمنییەکان بڕیار لەوە دەدات. بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لەسەر داوای عێراقە. لەسەر بنەمای پێویستییە ئەمنییەکانی عێراقە.

**ڕووداو: تۆ هەم سەرۆک ترەمپت بینی، هەمیش سەرۆک ڕووحانیت بینی، هیچ کامیان گوشاریان خستە سەر عێراق کە لایەنگیری بکات؟ هەڵوێست دەربڕی؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** هەڵوێستی ئێمە ڕوونە. نابینە

> **پێکهاتەکانی کەرکووک نزیکن لە ڕێککەوتن**

میحوەرێک لە دژی میحوەرێکی دیکە. نامانەوێ ببینە بەشێک لە ناکۆکی و شەڕی دیکە. 40 دانە ساڵە خەڵکی عێراق لەشەڕدایە. ئەم وڵاتە پێویستی بە ئارامییە. بۆیە بە ڕوونی و ئاشکرایی لە گوتارەکەم لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو پەیامەم دا. لە سعودیەش لە کۆنگرەی وڵاتانی عەرەبی زۆر بە ڕوونی ئەو پەیامەمان ڕاگەیاند. ئەمەش لەبەر خاتری ئەم و ئەو نییە، بەڵکو لەبەر خاتری وڵاتی خۆمانە. ئەم وڵاتە وێران بووە، ئەم وڵاتە ئەم هەموو ساڵە لە شەڕەوە بۆ شەڕ، کاتی ئەوەیە ئارامی بەخۆیەوە ببینێ. کاتیەتی لە جیاتی ئەوەی پارە و داهاتی بۆ شەڕ وماڵوێرانی بەکاربهێنێ، بۆ دروستکردنی قوتابخانە و خزمەتگوزاریی تەندروستی و خزمەتکردنی هاووڵاتیانی بەکاربێنێ. ئەگەر واش نەکرێ، بە دڵنیاییەوە توندڕەوەکان دێنەوە و ئەوان دەبنە سوودمەندی ناکۆکییەکان. دراوسێکانمان کە قسە لەگەڵ ئێمە دەکەن، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئارامیی عێراقیان بەلاوە مەبەستە و نایانەوێ ئەو ئارامییە تێکبچێ. ئێمەش بۆ ئەوان جەخت لەوە دەکەینەوە کە خاکی عێراق نابێتە مەترسی بۆ هیچکام لە دراوسێکان.

**ڕووداو: لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سعودیە قسەم کرد، گوتی: حەشدی شەعبی کێشەیە بۆ ئێمە. پێویستە چارەسەر بکرێ. تەنانەت حەشدی شەعبی وەکو کێشەیەکی جیهانی باسکرد.**

> **هەڵوێست و ئیجرائات و ڕێگریم بەرامبەر پرۆسەی تەعریب هەبووە**

**د.بەرهەم ساڵح:** حەشدی شەعبی هێزێکە لە پەرلەمانی عێراق یاسای بۆ دەرچووە. ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە شەڕی دژی داعش. ئێستا بەپێی یاسا دەبێ ئەو هێزە لەژێر دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکاندا بێ. هێزێک لە دەرەوەی یاسا کار بکات دژ بە یاسایە و دەبێ حکومەتی عێراق ڕووبەڕووی ببێتەوە.

**ڕووداو: بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە ئەو هێزانە زۆر ڕێکخراو نین.**

**د.بەرهەم ساڵح:** تاڕادەیەک ئەو قسەیە ڕاستە.

ڕووداو: گەورەترین باسی لوتکەی یوئێن ئەو هێرشە بوو کە کرایە سەر ئارامکۆ. حکومەتی عێراق دەڵێت هێرشەکە لە عێراقەوە نەبووە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە حکومەت کۆنترۆڵی بەسەر هەموو بەشەکانی عێراقدا نییە. چۆن لەوە دڵنیان ئەو مووشەکانە لە عێراقەوە ئاراستەی ئارامکۆ نەکراون؟

د.بەرهەم ساڵح: ئەو مووشەکانە لە عێراقەوە نەبووە. هیچ دەوڵەت و لایەنێک ناڵێت لە عێراقەوە بووە.

**ڕووداو: لەوە دڵنیان؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** ئەوە مەسەلەی تەکنەلۆژیایە. عێراق لە قۆناغێکی ئینتیقالیدایە، هەوڵ دەدات خۆی کۆبکاتەوە. هەوڵدەدات پێگەی دەوڵەت و بڕیاری دەوڵەت و یاسا لە وڵاتەکە بچەسپێنێ. من پێموانییە هیچ دەوڵەتێکی ناوچەکە بتوانێ زامنی ئەوە بکات هەموو شتێک بە دڵی خۆی بێ. ئێمە بەردەوام لە کۆشکی سەلام سەرکردە سیاسییەکان کۆدەکەینەوە

> **هێز هەیە لەنێو کورد، بە ئاراستەیەک ئیش دەکات جیاواز بێ لەوەی لە دەستووردا هەیە**

و قسە لەسەر ئەو مەسەلانە دەکەین. جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە عێراق نایەوێ ببێتە بەشێک لەو ململانێیانە. ئەمە قسەی لایەنێک و دووان نییە، قسەی لایەنە هەرە سەرەکییەکانی هاوکێشەی سیاسیی عێراقە. من ناڵێم هەموو کەسێک پابەندە بە بڕیاری حکومەتی عێراقەوە. بە دڵنیاییەوە خەڵک هەیە پێچەوانەی ئەمە کار دەکات. بەڵام ئەرکی سەرشانی حکومەت و دەوڵەتی عێراقە ڕووبەڕووی ئەمە ببێتەوە.

**ڕووداو: بەوپێیەی بەغدا پەیوەندی لەگەڵ واشنتن و تاران بەهێزە، هیچ کەناڵێکی پەیوەندیتان کردووەتەوە لە نێوانیاندا. ئەگەر نەتانکردووە بە تەمان؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** ئێمە لە پەیوەندیداین لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ئەو هاوکێشەیە، جا چ لە ئەمریکا، سعودیە، ئێران مەسەلەیەکی گرنگە و پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە، بەڵام وڵاتانیش کەناڵی پەیوەندییان هەیە. ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ من نامەوێ بچمە نێو وردەکارییەکانەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە بۆچوونی ئێمە ئەوەیە دوا شت کە ئەو ناوچەیە پێویستی بێ شەڕێکی دیکەیە. هێشتا شەڕی دژی تیرۆر تەواو نەبووە. شەڕێکی دیکە کارێکی عاقڵانە نییە. ئەم شەڕە نەخوازەڵڵا ئەگەر ڕووبدات بۆ هەموو ناوچەکە کارەساتبار دەبێ. ئێمە لە ناوەڕاست و جەرگەی ڕووداوەکانداین. لە بەرژەوەندیی خۆمان و ناوچەکەشی دەبینین هەوڵ بدەین ئەو ناکۆکییە بە ئاراستەی تەقینەوە و وێرانکاری نەڕوات.

**ڕووداو: ئێستا لە عێراق باس لەوە دەکرێ نەک هەر شیعە باڵادەستە، بەڵکو عێراق بەرەو دەوڵەتێکی تائیفی دەڕوات، وەکو سەرۆک کۆماری عێراق و پارێزەری دەستوور، نیگەرانی و ترست نییە لەو تەوژمانەی دەیانەوێ عێراق بەرەو تائیفی ببەن؟**

> **کەشوهەوایەکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە**

**د.بەرهەم ساڵح:** هێزی سیاسی لە عێراق هەیە بێگومان تائیفییە. چ لە شیعە بێ چ لە سوننە. هێز هەیە لە نێو کورد ناسیۆنالیستە، بە ئاراستەیەک ئیش دەکات جیاواز بێ لەوەی کە لە دەستووردا هەیە. بەڵام پێموایە ئەگەر بەم جۆرە تێزە بتەوێ بارودۆخی عێراق دیاری بکەی، تێزێکی سادەکراوەیە. بۆچوونی جیاواز لە عێراق هەیە، بەڵام هەر نەبێ هێزە سەرەکییەکان جەخت لەسەر پابەندبوون بە دەستوور دەکەنەوە. ئەرکی منیشە وەکو سەرۆک کۆمار کار لەگەڵ حکومەت بکەین بۆ جێبەجێکردنی دەستوور. هەڵبەتە جێبەجێکردنی دەستووریش کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بیرت نەچێ چەندین ساڵە خەڵک دەڵێت شەڕی ناوخۆ هەڵدەگیرسێ، نێوانی کورد و عەرەب وای لێدێ، نێوانی شیعە و سوننە وای لێدێ. لە کەرکووک وا دەبێ، لە مووسڵ و دیالە وا دەبێ. ناڵێم کێشە نییە، کێشە هەیە و زۆریشە، بەڵام هێزە سەرەکییەکانی عێراق توانیومانە پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ بین، هەوڵ بدەین ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی باش ببەین.

**ڕووداو: هەولێر و بەغدا جەخت لەوە دەکەنەوە کە گفتوگۆی نێوانیان بە باشی بەڕێوەدەچێ، بەڵام دەرئەنجامەکانی هەتا ئێستا هیوابەخش نییە. گفتوگۆکان گەیشتوونەتە چ قۆناغێک؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** لەم ماوە نزیکە مەسەلەی بودجە دێتەوە ئارا. من لە هەرێمی کوردستان بووم، بە درێژی باسی ئەو بابەتەمان کرد. چەند جارێک وەفدی عێراقی هاتووەتە هەولێر. هەندێکجار بە ئاشکرا و هەندێکجار بەبێ ئاگاداری میدیا. چاوەڕوانین وەفدی کوردستانیش بێتە بەغدا. دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێک ئەوەیە کە ئەمساڵیش ڕێککەوتنێک لەسەر بودجەی ساڵی 2020 بکرێ. هەوڵێکی جددیش هەیە کە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە. ناکرێ هەموو ساڵێک ئەو بێنەوبەردەیە لەسەر بودجە بکەین. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کەشوهەوایەکی باش هەیە لە نێوان هەولێر و بەغدا. لە میدیاکانی خۆمان زۆر باس لە نەیار دەکرێ. بێگومان خەڵک هەیە نەیارە و دژی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانە. بەڵام لە هەمانکاتدا خەڵکی کوردستان دۆست و پشتیوانی زۆریشی هەیە لە بەغدا. خودی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیران دۆستێکی دێرینی خەڵکی کوردستانە. نەیارەکانی عادل، هاوکارییەکانی ئەو بۆ خەڵکی کوردستان بە خاڵی نێگەتیڤی ئەو دەزانن. کەشێکی باش هەیە و دەبێ وەبەرهێنانی تێدا بکەین. بۆ ئەوەی بەردی بناغەی چارەسەرێکی

> **لەگەڵ سەرۆکوەزیران بەنیازی دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاوەدانین**

بنەڕەتی بۆ مەسەلەی داهات و بودجە دابنێین. مەسەلەکە تەنیا مووچە نییە، بەڵکو بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابوورییە. لەو ماوەیەدا لەگەڵ د.عادل پرۆژە یاسایەک پێشکەش بە پەرلەمان دەکەین بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاوەدانی کە داهاتی حکومەتی عێراقی تێدەچێ، وەبەرهێنانی دەرەوەشی بۆ دێت. ئاستەنگمان لە پێشە، بەڵام ئیرادەیەکی سیاسی بۆ چارەسەری کێشەکان هەیە.

**ڕووداو: وەکو سەرۆککۆمار چی دەکەی کە جارێکی دیکە بودجەی هەرێمی کوردستان وەکو ئامرازێکی سیاسی بەکارنەهێنرێ؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** قووتی خەڵک نابێ یاری پێبکرێ و ببێتە بابەتی ململانێی سیاسی. من وەکو سەرۆککۆمار ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێ دەکەم، هیوادارم هەموو لایەنێکی پەیوەندیداریش بە مەسئولییەتەوە مامەڵە بکات.

**ڕووداو: بەردی بناغەی ئەو پەیوەندییە باشەی نێوان هەولێر و بەغدا، یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی د.عادل عەبدولمەهدییە، بەڵام ئەو لە بەغدا بێهێزە و ڕکابەرەکانی زۆر بەهێزترن. داهاتووی سیاسیشی دیار نییە..**

**د.بەرهەم ساڵح:** سەرۆکوەزیران خاوەن هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرایە، پێویستی بە پشتیوانییە. ئەرکی سەرشانی من گەورەترە، بەڵام بەم عەقڵییەتە هەر ئاوا سەیری بکەین و بڵێین هەموو

> **هەندێک وەفدی عێراق دوور لە چاوی میدیا سەردانی کوردستانیان کردووە**

دونیا لە دژی ئێمە کۆبووەتەوە! من پێموایە بەو پلەیەش نییە، خەڵک هەیە دۆستمانە، پشتیوانمان دەبن، جاری وا هەیە ئەگەر داوای شتی ناهەق بکەین، دۆستەکانیشمان لە پێش هەموویانەوە عادل عەبدولمەهدی دەڵێن ئەمە ناهەقە. پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەگەر بیانەوێ شتی هەڵە بەسەر کوردستاندا بسەپێنن، واجبی سەرشانی منە لە پێش خەڵکی دیکە بڵێم نەخێر.

**ڕووداو: دۆخی کەرکووک ئاسایی دەبینی ئێستا؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** نەخێر، دەبێ ئاسایی بکرێتەوە. هەوڵێکی زۆریش هەیە بۆ ئەوەی دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە چارەسەر بکرێ. ئێستا هەوڵێکی زۆر هەیە کە پێکهاتەکانی کەرکووک پێکەوە دانیشن. من وەکو سەرۆککۆمار لەو هەوڵانە بەشدارم بۆ ئەوەی بە ئاراستەیەکیدا ببەین کە بگەینە ئەنجامێک. نەتەوەیەکگرتووەکان بە هەمانشێوە. نزیکن لە ڕێککەوتن. هەندێک کێشە ماون، بەڵام لە نەتیجەدا دەبێ پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکووک پێکەوە دانیشن و چارەسەرێک بدۆزنەوە.

**ڕووداو: گوتت لە ڕێککەوتن نزیک بوونەتەوە، ڕێککەوتنەکە لەسەر چییە؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** لەسەر کۆمەڵێک بابەتی گرنگە. لەوانە هاوبەشی و هاوکاریی نێوان پێکهاتەکان بۆ بەڕێوەبردنی کەرکووک.

**ڕووداو: پرۆسەی تەعریب لە کەرکووک بەردەوامە**

> **هێزی سیاسیی لە عێراق هەیە بێگومان تائیفییە**

**کە ئەمە پێچەوانەی دەستوورە، بۆچی د.بەرهەم ئەو دەسەڵاتە یاساییەی هەیەتی بەکارناهێنێ بۆ یەکەم: ڕێگری لە تەعریب، دووەم: بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** زۆر قسە هەیە دەتوانم لە ڕووداوەوە بیکەم، بەڵام ئێستا کاتی نییە. ئێمە هەوڵدەدەین کێشەکان چارەسەر بکەین. بەدڵنیاییەوە پێتدەڵێم د.بەرهەم وەکو سەرۆککۆمار چ لە ڕێگەی ئامرازە دەستوورییەکانەوە چ لە ڕێگەی دادگاوە، چ لە ڕێگەی دامودەزگاکانەوە کۆمەڵێک هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای هەبووە، کۆمەڵێک ئیجرائاتی زۆریش کراوە، کۆمەڵێک ڕێگری کراوە لە تەجاوزات، نەک هەر بەرامبەر بە کورد، بەرامبەر بە پێکهاتەی دیکەش. ئەرکی دەستووریی سەرۆککۆمارە ڕووبەڕووی ئەمانە ببێتەوە، بەڵام ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە هەیە، پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە. هیوادارم بە ڕێککەوتنی پێکهاتە ڕەسەنەکانی کەرکووک بتوانین ئەم کێشەیە لە ڕاکێش ڕاکێش و بێنەوبەردەی هەندێک ئەجێندای سیاسی ڕزگار بکەین.

> **بەداخەوە لە کوردستان تا ئێستا دوو ئیدارەیی ماوە**

**ڕووداو: ئێستا لە هەرێمی کوردستان گرژییەک لە نێوان پارتی و یەکێتی هەیە. بیرمانە کە مام جەلال سەرۆککۆماری عێراق بوو، دەمات هەوڵی دەدا ئەم گرژیانە کەم بکاتەوە. تۆ لەو ڕووەوە تا ئێستا چیت کردووە؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** من لەو ماوەیەدا لە هەولێر و سلێمانی بووم. پێویستە هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هاوکار و هەماهەنگ بین. بۆچوونی سیاسیی جیاواز شتێکی ئاساییە، بەڵام نابێ ئەوە ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان. هەوڵ بدەین ئەو ئەزموونەی لە کوردستان هەیە پارێزراو بێ. چاکسازییە پێویستەکان بۆ خزمەتی خەڵک بێ، نەک دابەشکاری. دوای 21 ساڵ لە ڕێککەوتنی واشنتن بەداخەوە تاوەکو ئێستاش کۆمەڵێک ئاسەواری ناخۆشی شەڕی ناوخۆ هەر ماون. دوو ناوچەیی هەر ماوە. هیوادارم بەهیممەتی هەموو لایەک ئەو کێشانە چارەسەر بکەین.

**ڕووداو: جۆرە ساردییەک لە نێوان تۆ و کاک مەسعوود بارزانیدا هەبوو، چووی سەردانت کرد، ئێستا پەیوەندیتان چۆنە؟**

**د.بەرهەم ساڵح:** پەیوەندیمان ئاساییە.

**ڕووداو: ماوەی ساڵ و نیوێک دووریووی لە بارودۆخی ناوخۆی کوردستان....**

**د.بەرهەم ساڵح:** دوور نەبووم. میدیای کوردی و سیاسەتمەداری کوردی بە بەرهەمیشەوە، ئەرکی سەرشانمانە، عاملی خێر بین. ئەو میللەتەی ئێمە میللەتێکی ماندووە. دەردەسەری و ناخۆشی و زەحمەتیی زۆری چەشتووە. پێویستی بە خزمەتکردن و بەدواداچوون و چاکسازییە. میدیای کوردی بە ڕووداویشەوە دەبێ ئاراستەی ئارامیی بارودۆخەکە بگرنەبەر.

> **خەڵکی کوردستان دۆست و پشتیوانی زۆری لە بەغدا هەیە**



## قەتەر كۆنسوڵخانە لە هەرێمی كوردستان دەكاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

باڵیۆزی قەتەر لە عێراق بەجیا لەگەڵ سەرۆک بارزانی، نێچیرڤان بارزانی و مەسروور بارزانی كۆبووەوە و ڕایگەیاند: وڵاتەكەی خوازیاری پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەكانە لەگەڵ هەرێمی كوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش نیازی خۆیان بۆ كردنەوەی كۆنسوڵخانەی قەتەر لە هەولێر نیشاندا.

ڕۆژی 2019/9/29 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە كۆبوونەوەیدا لەگەڵ خالد حەمەد ئەلسلیتی، باڵیۆزی قەتەر لە عێراق باسیان لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوولا كرد. وەک لە ڕاگەیێندراوی كۆبوونەوەكەدا هاتووە، باڵیۆزی قەتەر لە عێراق ڕایگەیاندووە وڵاتەكەی خوازیاری پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەكانیەتی لەگەڵ هەرێمی كوردستان و عێراق و بۆ ئەم مەبەستەش نیازی خۆیان بۆ كردنەوەی كۆنسوڵخانەی قەتەر لە هەولێر نیشانداوە.

### حكومەت هەشت پڕۆژە یاسا دەنێرێتە پەرلەمان

# لێژنەیەكی نۆ كەسی بە پڕۆژە یاسای چاكسازیدا دەچنەوە

## بە پەسەندكردنی پڕۆژە یاسای چاكسازی، 100 تاوەكو 150 ملیار دینار بۆ حكومەت دەگەڕێتەوە

**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی كوردستان ڕایگەیاند لەم وەرزەی پەرلەماندا، حكومەتی هەرێمی كوردستان هەشت پڕۆژە یاسا دەنێرێتە پەرلەمان كە یەكەمیان پڕۆژە یاسای چاكسازییە لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەكان. سەرۆكی پەرلەمانی كوردستانیش دەڵێت: "هەر كاتێک پڕۆژە یاساكە گەیشتە پەرلەمان، دەیخەینە بەرنامەی كارەوە".

لە خولی ڕابردووی پەرلەمانی كوردستاندا پڕۆژە یاسای چاكسازی لە پەرلەمانی كوردستان پەسەند كرا، بەڵام بەهۆی ناڕەزایی خەڵكەوە، بە تایبەتی لە ئیمتیازاتی پەرلەمانتاران، پڕۆژە یاساكە ڕەتكرایەوە.

لەدوای سوێندخواردنی كابینەی نوێی حكومەت، مەسروور بارزانی، سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە كاتی ڕاگەیاندنی هێڵە گشتییەكانی كارنامەی كابینەكەی، ڕایگەیاند كە پڕۆژە یاسای چاكسازی بە فۆرمێكی تازە ئامادە دەكەنەوە و دەینێرنەوە بۆ پەرلەمان.

بەپێی زانیارییەكانی (ڕووداو)، حكومەت لە كۆتایی مانگی تەمووزی ئەمساڵ لێژنەیەكی نۆ كەسی پێكهێناوە بۆ چاوخشاندنەوە بە (پڕۆژە یاسای چاكسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازەكانی دیكە لە هەرێمی كوردستان).

لێژنەكە پێكدێ لە: وەزیرانی (دارایی و ئابووری، پلاندانان و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان)، سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی، سەرۆكی دەستەی دەستپاكی، سكرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆكی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڕێوەبەری گشتیی ژمێركاری لە وەزارەتی دارایی و نوێنەرێكی سیستمی بایۆمەتری.

عەلی حەمەساڵح، سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی كوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، كارنامەی كابینەی نۆ لە 22 پڕۆژە یاسادا جێگای كراوەتەوە "لەم وەرزەی پەرلەماندا كە سێ مانگێكی ماوە، بڕیارە حكومەت نزیكەی 8 پڕۆژە یاسا بنێرێتە پەرلەمان بۆ پەسەندكردن، یەكەمیشیان پڕۆژە یاسای چاكسازییە لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەكان".

ئەگەرچی باس لەوە دەكرێ كە تێپەڕاندنی پڕۆژە یاساكە لە پەرلەمان ڕەنگە قورس بێ، بە تایبەتی دەگوترێ هەندێک لایەن بەهۆی ئەوەی خەڵكێكی زۆریان لەسەر حیسابی حكومەت خانەنشین كردووە، لەگەڵ تێپەڕاندنی یاساكە نین، بەڵام سەرۆكی فراكسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی كوردستان لەو بڕوایەدایە، لەبەر ئەوەی پڕۆژە یاساكە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دێت، تێپەڕاندنی لە پەرلەمان ئاسان دەبێت "چونكە ڕێككەوتنی ئەو حیزبانەی لەسەر دەبێت كە پێكهێنەری سەرەكی حكومەتن".

> **پڕۆژە یاسای چاكسازی هەر كە گەیشتە پەرلەمان دەیخەینە بەرنامەی كارەوە**
> سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان

سەبارەت بەو بڕگانەشی كە ئەگەری هەیە گۆڕانكارییان تێدا بكرێ، عەلی حەمەساڵح دەڵێت: "ئەو بڕگانەی كۆدەنگییان لەسەر دروست بووە، پرسی خانەنشینی پلە باڵاكان و كەمترین مووچەی خانەنشینی و قەرزی مووچەخۆرانە. هەرچەندە تاوەكو ئێستا هیچ بڕیارێكی كۆتایی نەدراوە، بەڵام كۆدەنگی لەسەركەمكردنەوەی مووچەی خانەنشینی پلە باڵاكان و كەمترین مووچەی خانەنشینی كە 400 هەزار دینار بێت، دروست بووە".

بە گوێرەی یاسای خانەنشینی عێراقی كە لە ساڵی 2014 دەرچووە، كەمترین مووچەی خانەنشینی 400 هەزار دینارە، بەڵام بەپێی پڕۆژە یاسای چاكسازی كە خولی ڕابردوو هێنرابووە پەرلەمان، كەمترین مووچەی خانەنشینی 300 هەزار دینار دانرابوو، ئێستا كۆدەنگییەک هەیە كە لە كوردستانیش كەمترین مووچەی خانەنشینی 400 هەزار دینار بێ.

هەر بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە، قسە لەسەر ئەوە كراوە، لە پڕۆژە یاساكەدا جێگای ئەوەش بكرێتەوە كارتێک بۆ مووچەخۆران دروست بكرێت و پرسی قەرزی مووچەخۆرانی تێدا چارەسەر بكرێت، بەجۆرێک فەرمانبەر بتوانێ بەو كارتە قەرزەكانی ئاو و كارەبا و باجە جۆراوجۆرەكان بداتەوە، بەوەش چارەسەری بەشێكی زۆری قەرزی پاشەكەوتی مووچە دەكرێت.

> **كۆدەنگی دروستبووە كە كەمترین مووچەی خانەنشینی 400 هەزار دینار بێ**
> عەلی حەمەساڵح

دوای چاوخشاندنەوە بە پڕۆژە یاساكە لەلایەن ئەو لێژنەیەی دروستكراوە، پڕۆژەكە لە كۆبوونەوەیەكی ئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لەسەر دەكرێ، دوای پەسەندكردنی، ڕەوانەی پەرلەمانی كوردستان دەكرێ.

ئومێد خۆشناو، سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی كوردستان دەڵێت ئەو پرۆژ یاسایە پێشتر چووە پەرلەمان و دەنگیشی لەسەر دراو هیچ گرفتێكی نەبوو "بەڵام هەڵە تێگەیشتنی بەشێكی خەڵک و موزایەداتی سیاسی ڕێگر بوو لە پەسەندكردنی". دەشڵێت: "ئێستا لیژنەیەک لە سەرۆكی فراكسیۆنەكانی پەرلەمان و ئەوانەی بەشداریی حكومەتیان كردووە، لەگەڵ لیژنەیەكی ئەنجوومەنی وەزیران دروستكراوە بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆژە یاساكە. لێژنەكەش بەمنزیكانە كۆدەبێتەوە".

پەرلەمانتاران و بەرپرسانی حكومەت جەخت لەوە دەكەنەوە كە بە پەسەندكردنی پرۆژە یاساكە، نزیكەی 100 تاوەكو 150 ملیار دینار بۆ خەزێنەی حكومەت دەگەڕێتەوە.

عەباس فەتاح، پەرلەمانتاری فراكسیۆنی یەكێتی كە جێگری سەرۆكی لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمانیشە، دەڵێت: "دۆخی ئەمڕۆی ئابووریی كوردستان ئەوە دەخوازێ كە كەمترین مووچەی خانەنشینی 400 هەزار دینار بێت و خانەنشینی پلە باڵاكانیش كەمبكرێتەوە، بەڵام قسە لەبارەی بڕینی دەرماڵەكان هەیە. پێشتر لە پڕۆژە یاساكەدا بە تەواوەتی پرسی بڕینی دەرماڵەكان ڕوون نەكرابووەوە، دەبێت ئێمە بزانین دەرماڵە بڕینەكان چۆنە و لە كێ دەبڕدرێت كە دەڵێن بە پەسەندكردنی یاساكە 100 تاوەكو 150 ملیار دینار بۆ حكومەت دەگەڕێتەوە؟ خۆ دەبێت بزانین ئەو پارەیە لە چ دەرماڵەیەک دەبڕدرێت و چۆن بۆ حكومەت دەگەڕێتەوە".

> **جێبەجێكردنی یاسای چاكسازی ئاسان نییە، چونكە بەرەی دژەچاكسازی لە كوردستان لاواز نین**
> سەرۆكی دەستەی دەستپاكی

د.ئەحمەد ئەنوەر كە یەكێكە لە ئەندامانی لێژنەی چاوخشاندنەوە بە پڕۆژە یاسای چاكسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازەكانی دیكە، پێیوایە كاری قورسی حكومەت دوای پەسەندكردنی پرۆژە یاساكەیە.

د.ئەحمەد ئەنوەر بە (ڕووداو)ی گوت: "جێبەجێكردنی ئەو یاسایە دوای پەسەندكردنیشی ئاسان نییە، چونكە بەرەی دژە چاكسازی لە كوردستان لاواز نین، خەڵكانێكی زۆر بەهۆی پەسەندكردن و جێبەجێكردنی ئەو یاسایە تووشی زیان دەبن، بۆیە پێویستە لەسەر پەرلەمانتاران دوای پەسەندكردنی یاساكەش چاودێرییەكانیان چڕ بكەنەوە بۆ جێبەجێكردنی یاساكە وەكو خۆی".

پڕۆژە یاسای چاكسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەكان لە هەرێمی كوردستان لە 24 ماددە پێكهاتبوو. بەپێی ئەو پرۆژە یاسایە كە پێشتر لە پەرلەمان پەسەند كرا، كەمترین مووچەی خانەنشینی پەلەمانتارێک كە تەنیا خزمەتی پەرلەمانی هەبێت زیاتر لە 2 ملیۆن 500 هەزار دینارە، بەپێی ساڵانی خزمەتیش مووچەی خانەنشینییەكە زیاتر دەبێت، كەمترین مووچەی خانەنشینیش بە 300 هەزار دینار دیاریكرابوو.

هەر بەپێی پرۆژە یاساكە، تەنیا میراتگیری شەهید و ئەنفالكراوەكان بۆیان هەیە لە مووچەیەک زیاتریان هەبێت. هەروەها لە هەموو كوردستاندا یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی دەبێت، لەكاتێكدا ئێستا حەوت بەڕێوەبەرایەتی هەن. بە پەسەندكردنی ئەو پڕۆژە یاسایە سندوقی خانەنشینی لە كوردستاندا كارا دەبێت كە ئێستا نییە.

خاڵێكی دیكەی پڕۆژە یاسا كۆنەكە، هەڵوەشاندنەوەی یەكەكانی ژمێریارییە لە گشت یەكەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، بە یەكەكانی (حەفتا) و (هەشتا)شەوە و یەكخستنیان لە یەک یەكەی ژمێریاریدا.

### پەرلەمان چاوەڕێیە

ڕێواس فایەق، سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وەک دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان چاوەڕێی گەیشتنی پڕۆژ یاساكە دەكەن و گوتی: "هەر كاتێک پڕۆژە یاسای چاكسازی گەیشتە دەستمان، ڕاستەوخۆ دەیخەینە بەرنامەی كارەوە، بۆ نموونە ئەگەر ڕۆژی شەممە بەدەستمان بگات دەیخەینە بەرنامەی كاری ڕۆژی سێشەممەوە". سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان داواكارە حكومەت پڕۆژە یاساكە بە باشی و ڕەزامەندیی سەرجەم لایەنەكان ئامادە بكات، ئەمەش لە پێناو ئەوەی لە پەرلەمان بە ئاسانی تێپەڕێت.



# گۆڕان داوای دیاریكردنی دەسەڵاتەكانی یاریدەری سەرۆكی حكومەت دەكات

**سیروان عەباس**
**ڕووداو- هەولێر**

هێشتا ئەو بەربژێرە دیار نییە كە لە پشكی گۆڕان دەبێتە یاریدەری سەرۆكی حكومەت بۆ چاكسازی، بەرپرسانی گۆڕان دەڵێن تاوەكو دەسەڵاتەكانی دیاری نەكرێن، ناوی بەربژێرەكەیان نادەنە حكومەت. بەڵام گوتەبێژی حكومەت دەڵێت "هەر كاتێک بزووتنەوەی گۆڕان ناوی بەربژێرەكەی نارد، سەرۆكی حكومەت دەسەڵاتەكانی دیاری دەكات".

دوای تێپەڕبوونی نزیكەی سێ مانگ بەسەر پێكهێنانی كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هێشتا یاریدەری سەرۆكوەزیران بۆ كاروباری چاكسازی دەستبەكار نەبووە. ئەوە لەكاتێكدایە ئەو پۆستە لە كاتی دانوستاندنەكاندا گفتوگۆی زۆری لەسەر كرا و یەكێک لە هۆكارەكانی دواكەوتنی پێكهێنانی حكومەت بوو، چونكە یەكێتی سەرەتا ڕازی نەبوو سەرۆكی حكومەت بێجگە لە جێگر، یاریدەریشی هەبێ.

پێشتر سەرچاوەیەک لە حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو كە داوایان لە بزووتنەوەی گۆڕان كردووە ناوی بەربژێری یاریدەری سەرۆكی حكومەت بۆ چاكسازی بنێرن، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان تاوەكو ئێستا ناوەكەی نەناردووە. هەرچەندە وا بڕیار بوو دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن و ڕێكخەری گشتی لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول، بزووتنەوەكە بەربژێری ئەو پۆستە دیاری بكات.

ڕۆژی 18ی شوباتی 2019 پارتی دیموكراتی كوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ڕێككەوتننامەیەكیان لەبارەی پێكهێنانی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان واژۆ كرد، بە گوێرەی ڕێككەوتنەكە یاریدەرێكی سەرۆكوەزیران پشكی بزووتنەوەی گۆڕان دەبێت.

كاروان هاشم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئاماژە بە هۆكاری یەكلانەكردنەوەی ئەو بەربژێرەی بزووتنەوەی گۆڕان دەدات و دەڵێت: "دیاریكردنی بەربژێری بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پۆستی یاریدەری سەرۆكوەزیران پەیوەندی بە یاسای چاكسازییەوە هەیە، دەبێ دەسەڵاتەكانی بە یاسا ڕێكبخرێ، نەک هەڕەمەكی وەكو ئەوانەی پێشوو بێت. ئەو یاریدەرەی كە لە پشكی بزووتنەوەی گۆڕانە، دەبێ دەسەڵاتەكانی دیار بێت، بە تایبەتی لە بواری چاكسازیدا".

ئەگەرچی ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت دەبێ دەسەڵاتەكانی یاریدەری سەرۆكی حكومەت بە یاسا ڕێكبخرێ، بەڵام پەرلەمانتارێكی ئەو بزووتنەوەیە دەڵێت: "دیاریكردنی دەسەڵاتەكانی یاریدەری سەرۆكی حكومەت پێویستی بە یاسا نییە، ئەگەر بە پلەی وەزیر دانەمەزرێ". جەلال محەممەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی كوردستان پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "ئەگەر یاریدەرەكانی سەرۆكی حكومەت دەسەڵاتی لێپرسینەوە لە وەزیریان هەبێت، ئەوە بێگومان دەبێت یاسای ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دەستبەكاربوونیان هەموار بكرێتەوە، بەڵام ئەگەر تەنیا كاروباری ڕاوێژكارییان هەبێت، ئەوا پێویست ناكات".

> **گوتەبێژی حكومەت:**
> **هەر كاتێک بزووتنەوەی گۆڕان ناوی بەربژێرەكەی نارد، دەسەڵاتەكانی دیاری دەكرێ**

جووتیار عادل، گوتەبێژی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "دەسەڵاتی یاریدەرەكان تەنیا لای سەرۆكوەزیرانە و خۆی دابەشیان دەكات".

دوای وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن گۆڕانەوە، ناوی جەلال جەوهەر دەهات بۆ وەرگرتنی پۆستەكە، بەڵام بە گوتەی بەرپرسانی ئەو بزووتنەوەیە، ڕێكخەری گشتی بڕیاریداوە هیچ ئەندامێكی خانەی ڕاپەڕاندن ئەو پۆستە وەرنەگرێت، هەر بۆیە ئێستا جەلال جەوهەر لە ناوەكاندا نەماوە و كەسانی دیكە بەربژێرن".

ڕێبوار هیدایەت، هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت: "تاوەكو ئێستاش تەنیا ناوی جەلال جەوهەر بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە هەیە، بەڵام ڕێكخەری گشتی ڕایەكی دیكەی هەیە و دەڵێ نابێ ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن ئەو پۆستە وەربگرێ. ئەمەش پرسەكەی بە كراوەیی هێشتووەتەوە".

مەسروور بارزانی، سەرۆكی حكومەت تاوەكو ئێستا واژۆی لەسەر دەستبەكاربوونی سێ یاریدەری خۆی كردووە، ئەوانیش د.ئاشتی هەورامی، یاریدەری سەرۆكی حكومەت بۆ كاروباری وزە كە لە كابینەی ڕابردوو وەزیری سامانە سروشتییەكان بوو. ڕێباز حەملان، یاریدەری سەرۆكی حكومەت بۆ كاروباری وەبەرهێنان و ڕاژە كە لە كابینەی ڕابردوو وەزیری دارایی و ئابووری بوو. هەروەها محەممەد حاجی، یاریدەری سەرۆكی حكومەت بۆ كاروباری تەندروستی و كواڵیتیی خۆراک و دەرمان.

كاروان هاشم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت: "ئەوەی ئێمە زانیومانە یەكێک لە خاڵەكانی ڕێككەوتن بۆ كابینەی نۆ، بچووككردنەوەی حكومەتە، بەڵام سێ یاریدەر بۆ سەرۆكوەزیران پێچەوانەی ئەمەیە. ئەو یاریدەرانەی ئێستا دیاریكراون تەنیا بۆ پڕكردنەی پۆستە و هیچ ڕۆڵێكیان نابێ".

بەڵام گوتەبێژی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوە ڕەتدەكاتەوە و دەڵێت: "پۆست بۆ ڕازیكردن و پڕكردنەوە نادرێت بە كەس، یاریدەرەكانیش دەسەڵاتیان دیارینەكراوە، سەرۆكوەزیران بۆیان دیاری دەكات".

وا بڕیارە لەگەڵ دەستبەكاربوونی یاریدەری سەرۆكی حكومەت بۆ كاروباری چاكسازی، ئەنجوومەنی چاكسازی پێكبهێنرێ كە سەرۆكەكەی یاریدەری سەرۆكی حكومەت دەبێ و 12 ئەندامیشی دەبێ.

ڕێبوار هیدایەت دەڵێت: "یاریدەرەكەی ئێمە بۆ سەرۆكوەزیران سادە نییە، چونكە سەرۆكی ئەنجوومەنی چاكسازیش دەبێت، ئەمەش یاسایەكی نوێی دەوێ، ئەگەر ئەنجوومەنەكەش لە هەیكەلی حكومەتدا نەبێ ئەوا بۆ ماوەیەک دوادەكەوێ".

بەڵام گوتەبێژی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێدانی ئەو پۆستە بە بەربژێری بزووتنەوەی گۆڕان بە سەخت نازانێت و دەڵێت: "ئێمە وەكو حكومەت بۆ دابەشكردن و ڕاییكردنی كارەكان و دیاریكردنی دەسەڵات ئامادەیی تەواومان نیشانداوە و ئەو پۆستە لە ڕابردووشدا ڕێككەوتنی لەسەر كراوە. ئەوە یەكلایی بووەتەوە كە پشكی بزووتنەوەی گۆڕانە، ئەگەر ئەوان بەربژێرەكەیان بۆ سەرۆكوەزیران بنێرن، هیچ گرفتێک بۆ دیاریكردنی دەسەڵاتەكانی نابێت. دەبێ گۆڕان ناوێک بە حكومەت بدات، دواتر دەسەڵاتەكانی بۆ ڕێكبخرێت، بۆیە حكومەت بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەكات".

## د.کوردستان موکریانی، ئەدیب و نووسەری کورد بۆ (ڕووداو):

# سەددام وەڵامی ئێمەی دایەوە و گوتی نێڤەرتیتی کورد نییە



(فۆتۆ: ڕووداو)

د.کوردستان موکریانی، نووسەر، ئەکادیمیست، زمانزان و سەرۆکی پێشووی ئەکادیمیای کوردی لەم بەشەی بەرنامەی پەنجەمۆردا کە شەوی هەینی لە شاشەی تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) پەخش دەکرێ، شایەتی لەسەر چەند ڕووداوێکی پەیوەست بە بزاڤی زمان و ڕۆشنبیریی کوردی دەدات، لەوانەش مشتومڕەکانی تایبەت بە ڕێنووسی کوردی و هەروەها ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی سەردەمی بەعس لە بەغدا دەردەچوون و ڕۆڵی باش و خراپی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لەو بزاڤەدا.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو - هەولێر**

**بەشی سێیەم**

**ڕووداو: ساڵی 1983 کارنامەی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی پێشکەش دەکرێ. میوانێکی چاوەڕواننەکراوی ئێوە سەددام حوسێن بوو. ئەمە چۆن بوو؟**

**موکریانی:** زستان یان بەهاری 1983 بوو، بڕیار درا گفتوگۆ لەسەر کارنامەی ساڵانەی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بکرێ. هەر فەرمانبەرانی دەزگاکە ئامادەیان دەکرد. پێشنیاز هەبوو، چاوپێداخشاندنەوە هەبوو بە بەرنامەکانی پێشتر. هەمووی بۆ ئەوە بوو زیاتر خزمەتی وشەی کوردی بکەن. هەموو جارێک لە دەزگاکەمان کۆدەبووینەوە، ئەمجارەیان لە هۆڵی کتێبخانەیەکی وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو. ئێمە نزیکەی 50-60 کەس دەبووین، بەڵام بینیمان بەرە بەرە خەڵک دێتە ژوورەوە. هۆڵەکە کە شوێنی نزیکەی 300 کەسی تێدا دەبووەوە، پڕ بوو. ژنێک لە تەنیشتم بوو، ناوی ئوم هالە بوو، سکرتێری بەڕێوەبەری گشتیی دەزگاکەمان بوو. پرسیم ئەوانە هەموو سەر

> لەسەر ئەوەی نێڤەرتیتیمان کرد بە بووکی کورد لێپرسینەوەمان لەگەڵ کرا

بە وەزارەتن؟ گوتی: نەخێر. وەزیری ڕۆشنبیری و موسڵیح جەلالی، بەڕێوەبەری گشتیی دەزگاکەمان و سەلاح شوان لەسەر ستەیج بوون. بەڵام وەزیری ڕۆشنبیری چەند جارێک لە شوێنەکەی خۆی هەستایەوە و چووە دەرەوە. هێندەی نەبرد کۆمەڵێک سەرباز هاتنە ژوورەوە. سەددام حوسێنیان لەگەڵ بوو. سڵاوی لە خەڵکەکە کرد. چوو لە ڕیزی پێشەوە دانیشت. غازی وێنەگری دەزگاکەمان وێنەیەکی سەددامی گرت. یەکێک لە پاسەوانەکانی سەددام کامێراکەی لێوەرگرت و یەک زللەی لێدا. گوتی تۆ مافی ئەوەت نییە وێنەی ئەو بگری، چونکە وێنەگری خۆی هەبوو. سەددام گوتی دەست بە گفتوگۆکانتان بکەن. یەکێک لەوانەی قسەی جوانی کرد، مەحموود زامدار بوو. ئەوکات سکرتێری نووسینی گۆڤاری بەیان بوو. داوای کرد کە تیراژ و لاپەڕەکانی گۆڤارەکە زیاد بکرێن. کارگێڕی دەزگاکە داوای کرد چەند ئۆتۆمبێلێک بدەن بە دەزگاکە. فەرمانگەکانی دیکەی سەر بە دەزگاکەش داواکاری خۆیان هەبوو. سەددام گوتی هەموو داواکارییەکانتان جێبەجێ دەکەم. ئێوە خزمەتی وشەی کوردی بکەن. ئێوە خەریکی ڕۆشنبیریی کوردی بن. زۆر هانی ئەو کەسانەی دا کە لەوێ دانیشتبوون. ئەو ڕۆژەیان کردە ڕۆژی دەزگا بۆ ڕۆشنبیریی کوردی. دەبووایە هەموو ساڵێک لەو ڕۆژەدا یاد بکرێتەوە.

**ڕووداو: تۆ یەکەمجارت بوو سەددام ببینی؟**

**موکریانی:** بەڵێ یەکەمجار و دواجارم بوو.

**ڕووداو: باسی وێنەگرەکەی سەددامت کرد، هەموو ئەو وێنانەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاودەبوونەوە خۆیان دەستنیشانیان دەکرد؟**

**موکریانی:** سەددام خۆی بڕیاری دەدا چ وێنەیەکی بڵاوببێتەوە.

**ڕووداو: ساڵی 1984 هەوڵی بەئەکادیمیکردنی گۆڤاری ڕۆشنبیری دەدەیت، ئەو هەوڵەت سەریگرت؟**

> سەددام خۆی بڕیاری دەدا چ وێنەیەکی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوببێتەوە

**موکریانی:** باری خێزانیی مەحموود زامدار وای دەخواست بگەڕێتەوە کوردستان. لقێکی دەزگاکەمان لە هەولێر بوو. پێشنیازی کرد من ببمە سکرتێری نووسینی گۆڤاری بەیان. موسڵحیش ڕەزامەندی دا. ژمارە 99 و 100 من دەرمکردووە. دوایی بینیم گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی بوو. سێ مانگ چوار مانگ جارێک دەردەچوو. لە زانکۆی سەلاحەددین گۆڤارێک هەبوو لێکۆڵینەوەی زانستی بڵاودەکردەوە. ئەویش بەهۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە ڕاوەستابوو. کۆڕی زانیاری کوردستانیش گۆڤارێکی هەبوو. ساڵی وا هەبوو تەنیا ژمارەیەکی لێ دەردەچوو. لێکۆڵەر و مامۆستایانی کورد نەیاندەزانی بابەتەکانیان لە کوێ بڵاوبکەنەوە. منیش پێشنیازم بۆ موسڵح جەلالی کرد کە گۆڤاری ڕۆشنبیری بکەینە گۆڤارێکی ئەکادیمی. پەیوەندیم بە کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆوە کرد. پێمگوت ئێوە لە ژمارە یەک و دوو بابەتمان بۆ بنێرن، بەڵام ناتوانن لەڕووی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی سوودی لێوەربگرن، دەمەوێ جارێ گۆڤارەکە بکەم بە گۆڤارێکی زانستی. دەستەی نووسەرانێکی باشم بۆ دانا، هەموویان ئەکادیمی بوون. هەردوو ژمارەکەم نارد بۆ زانکۆکانی عێراق. یەکەم زانکۆ کە دانی بە گۆڤارەکەماندا نا وەکو گۆڤارێکی زانستی، زانکۆی بەسرە بوو. پاشان زانکۆی سەلاحەددین و بەغدا. ئیدی گۆڤارەکە بوو بە گۆڤارێکی ئەکادیمیی زانستی. لەبەر ئەوەی ئەوکات عێراق لە جەنگدا بوو، دەبوو دوو سێ لاپەڕەت تەرخانکردبا بۆ باسکردن و ستایشی ئەو جەنگە.

**ڕووداو: کێ ئەو دوو سێ لاپەڕەیەی ئامادە دەکرد؟**

**موکریانی:** موسڵیح جەلالی کەسانێکی هەبوو ئەو کارەیان بۆ دەکرد. یەکێک لەوانە لە دەوروبەری بەغدا دەژیا. من پێمگوت ئەو دوو سێ لاپەڕەیە پەیوەندی بە منەوە نییە. بەس پێمگوتن ئەگەر بکرێ بەشێوەی لێکۆڵینەوە بێ. هەندێکجار بەشێوەی لێکۆڵینەوە بوو، هەندێکجاریش هەر بەشێوەی وتارێک بوو.

**ڕووداو: ئەی گۆڤاری ڕەنگین. چۆن دەرچوو، پێشنیازی کێ بوو؟**

**موکریانی:** ساڵی 1986 یان 1987 بوو، دیسان

> گۆڤارە کوردییەکانی سەردەمی سەددام، سەتان نووسەری کوردیان پێگەیاند

کارنامەمان هەبوو. موسڵیح جەلالی منی لە ستافی کارنامەکەدا دانابوو. من دەمبینی بۆشاییەک هەیە دەبێ پڕ بکرێتەوە، هەندێک وتار و چاوپێکەوتن هەبوون لە ڕۆشنبیری و بەیان و هاوکاری جێگەیان نەدەبووەوە. کورد پێویستی بە گۆڤارێک بوو وەکو ئەلفای عەرەبی. پێشنیازم کرد کە گۆڤارێکمان هەبێ بابەتی جۆراوجۆر بڵاوبکاتەوە. گوتیان ڕەنگە ڕێگە نەدەن، چونکە جەنگە. کە وەزیری ڕۆشنبیری هات، پێشنیازەکەم کرد و ئەویش قبوڵی کرد. ژمارەی یەکەم و دووەمم لەو وتارانە پێکهێنا کە بۆ هاوکاری و ڕۆشنبیریی نوێ و بەیان هاتبوون. ژمارەی یەکەم 50 هەزار دانەی لێ چاپکرا، ژمارەی دووەمی 75 هەزار دانەی لێ چاپکرا. خوێنەری کورد زۆر تینووی گۆڤارێکی لەو شێوەیە بوون.

**ڕووداو: گۆڤارەکە دەفرۆشرا یان بە خۆڕایی دابەش دەکرا؟**

**موکریانی:** لێی دەفرۆشرا.

**ڕووداو: ئەو گۆڤارانەی کە هەبوون چ کاریگەرییەکیان هەبوو؟ بۆ نموونە هەندێک دەڵێن گۆڤاری هاوکاری قوتابخانەیەکە بۆ ڕۆژنامەگەری، هەندێکیش دەڵێن سێبەرێکی بەعس بوو، تەنیا پۆخڵەواتەکانی بەعسی پاک دەکردەوە.**

> گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێم لە گۆڤارێکی گشتییەوە کرد بە گۆڤارێکی ئەکادیمی

**موکریانی:** من بە ڕێکەوت کەوتمە ئەو شوێنە. نووسەری کورد لە کوێ بابەتی بڵاوکردبایەوە؟! ئەو گۆڤارانە بە دەیان و سەدان نووسەریان پێگەیاند. سەرچاوەیەکی زۆر باشیشن. لایەنێکی زۆر باشی ڕۆشنبیریی کوردی پیشان دەدەن.

**ڕووداو: د.جەمال ڕەشید، لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر فیرعەونەکان و میتانییەکان بڵاوکردەوە، مەبەستی چی بوو؟**

**موکریانی:** جەمال پسپۆڕی مێژووی کۆن بوو، زۆر لە سەرچاوەکان دەگەڕا، زمانی کۆنی دەزانی. هەشت زمانی زیندووی دەزانی. یەکێک لەو بابەتانەی بۆ گۆڤارەکەمانی نارد، لەسەر پەیوەندیی میتانییەکان و فیرعەونەکان بوو. باسی پەیوەندیی نێوان کوردستانی کۆن و فیرعەونەکانی کردبوو. بۆ بەرگی ئەو ژمارەیە قسەم لەگەڵ کاک موسڵیح کرد، لەبەر ئەوەی باسی نێڤەرتیتی هاتووە و پەیکەرێکی زۆر جوانی هەیە وێنەی ئەو دابنێین. لەژێر وێنەکەش بنووسین تادوخیپا (نێڤەرتیتی) بووکێکی هەوارگەی کوردەواری. چونکە وشەی کوردستانیان قبوڵ نەدەکرد. ئێمە 3000 دانەمان لەو گۆڤارە چاپ دەکرد، 800 دانەم نارد بۆ سلێمانی و 1000 دانە بۆ هەولێر. لە ماوەی دوو سەعاتدا هەمووی فرۆشرا. وتارەکە دەنگی دایەوە. لە دەزگاکانی بەعس داوایان کرد وتارەکە بکەین بە عەرەبی و 25 دانەشیان بۆ بنێرین. من و جەمال خۆمان ئامادە کرد بۆ هەموو شتێک. لێپرسینەوەیەکی زۆرمان لەگەڵ کرا، بەڵام ئێمە بە دۆکیومێنت وەڵاممان دانەوە. پاش ماوەیەک سەددام وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی نێڤەرتیتی میسرییە و هەر بە میسریش دەمێنێتەوە.

**ڕووداو: ساڵی 1984 کۆنفرانسی زمانی کوردی کرا، تێبینی دەکرێ زۆر لەوانەی بەشدارییان لەو کۆنفرانسەدا کرد، پسپۆڕی بوارەکە نەبوون. ئامانج لەو کۆنفرانسە چی بوو؟**

**موکریانی:** کۆڕی زانیاری کوردی ویستی پێداچوونەوەیەک بکات بە ڕێنووسی کوردی. پێشتر داوایان لە ئێمە کرد بابەتێک لەو بابەتانەی دایاننابوو هەڵبژێرین. لەژێر ڕۆشنایی ئەو بابەتانەی ئێمە نووسیبوومان، کارنامەی کۆنفرانسەکەیان دارشت. کۆنفرانسە لە هۆڵێکی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا کرا. بەڵام زۆر سەیر بوو، لەبری ئەوەی هەندێک لەو کێشانەی لەو ڕێنووسەدا هەیە چاک بکرێن شتی دیکە هاتە پێشەوە. ئەوانەی لەوێ تێبینییان هەبوو، نووسەر بوون، بەڵام زمانەوان نەبوون. تۆ دەبێ لەژێر ڕۆشنایی یاسای زمانەوانی چارەسەری کێشەکان بکەی نەک سۆز. گەیشتە

> نامەی دڵشاد مەریوانیم لەلا ماوە کە دەڵێت بە هاندانی تۆ دەستم بە نووسین کرد

ئەوەی ڕێنووسەکە سەختتر بێ لە جاران. هەر بە ناوی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە گوتیان بۆ دوو (و) بنووسین، یەک (و) بنووسن و شتێکی وەکو کەسرەی عەرەبی بۆ دابنێین. لە جیاتی دوو (ی) یەک (ی) بنووسین و خەتێکی لەسەر دابنێین.

**ڕووداو: ئەو کارە بە مەبەست کرا، یان دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە بوو؟ یان نەزانی بوو؟**

**موکریانی:** هیچکام لە لێکۆڵینەوەکان ئەمەی تێدا نەبوو، هیچ زمانزانێکی کورد ئەوە ناکات. ئەوەی سەیر بوو ئەوە پێشنیازی مەسعوود محەممەد بوو. هەر لەبەر ئەوەی ئەو ئەندامە لە کۆڕی زانیاری، ئەوە بوو بە بڕیار کە ئەمە ببێتە ڕێنووسی ئێمە. دواتر کۆڕی زانیاری کورد لەنێو گۆڤارەکەیان پەیڕەوی ئەمەیان کرد. داوایان کرد هەموو دامودەزگاکانی کوردی پەیڕەوی بکەن. مامۆستا نووری عەلی ئەمینیان دانا بۆ ئەوەی خولێک بکاتەوە بۆ فەرمانبەرەکانی ئێمە، بەڵام ئێمەی نووسەران پەیڕەومان نەکرد. ئیدی کارەکە سەری نەگرت.

**ڕووداو: باشە مەسعوود محەممەد مەبەستی لەو پێشنیازە چی بوو؟**

**موکریانی:** کەسێک هەبوو بەناوی سەعدوڵڵا سەلاح، ئەندازیاری نەوت بوو. لەسەر مێژوو، زمان و لەسەر هەموو شتێکی دەنووسی. زۆرجار دەهات بە ئێمەی دەگوت ئێوەی سۆرانی ئەوە چییە ئەو هەموو واوستانەتان داناوە. جا مەسعوود محەممەد زۆر لەمانەی بیستبوو، ئەوە کاری تێکردبوو.

**ڕووداو: ساڵی 1985 پرۆژەیەک بۆ فەرهەنگی کوردی یان ئەوەی پێیاندەگوت بە "فارسیکردنی زمانی کوردی" هەبوو، بەڵام دەگوترێ بەدرخان سندی دژی ئەو پرۆژەیە بوو، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە سەددامیشی بینیبوو. ئایا بەڕاستی هەوڵێکی لەو شێوەیە هەبوو؟**

**موکریانی:** زمانی کوردی بە هیچ شێوەیەک نابێ

> چوار زانکۆی عێراق گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێیان وەکو گۆڤارێکی ئەکادیمی ناساند

بە فارسی. وشەی هاوبەشی زۆر لە نێوان فارسی و کوردیدا هەیە. تۆمەت خرایە پاڵ دامودەزگا کوردییەکان کە هەوڵی بە فارسیکردنی زمانی کوردی دەدەن. کاتەکەش زۆر سەخت بوو، چونکە جەنگی نێوان عێراق و ئێران بوو. ئیدی حکومەت لێژنەیەکی بە سەرۆکایەتی سەمیر شێخلی پێکهێنا. دوو ڕۆژ گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە کرا. من ڕۆژی یەکەم لەوێ نەبووم. د.جەمال ڕەشید لەوێ بوو، لەوێ زۆر کەس قسەیان کردبوو. داوا لە د.جەمال کرابوو قسە بکات. ئەویش وەکو شارەزایەکی زمان گوتبووی زمانی زیندوو ئەوەیە کە بتوانێ وشەی زمانی دراوسێکانی یان زمانی جیهانی وەربگرێ. بۆ نموونە لە نێو زمانی عەرەبیدا دەستوور، دیوان، وەزیر ئەمانە هەموویان فارسین. سەمیر شێخلی گوتی: واتە ئێمە ئێستا قەرزاری زمانی فارسین؟ ئەویش گوتی: ناتوانین بڵێین قەرزدارین، بەڵام وشەی عەرەبیش هەیە چووەتە نێو زمانی فارسی. هیچ شتێک نییە بەناوی بە فارسیکردنی زمانی کوردی، بەڵام ئێمە هەزاران ساڵە بە یەکەوە دەژین و کاریگەریمان لەسەر یەکدی هەبووە.

> پێشنیازەکەی مەسعوود محەممەدمان بۆ گۆڕینی ڕێنووسی کوردی ڕەتکردەوە

ڕۆژی دووەم من ئامادەبووم. دیسان کەسانی دیکە قسەیان کرد. تەنانەت بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدایان هێنابوو. جەمال گوتبووی کورد وشەی بەرنامە بەکارناهێنێ، پرۆگرام بەکاردێنێ لە کاتێکدا بەرنامە وشەیەکی کوردییە، لە بەرنامەگەوە هاتووە. عەرەب کردوویەتی بە برنامج. کورد وادەزانێ ئەمە عەرەبییە، لە جیاتی ئەوە پرۆگرام بەکاردێنێ. من و د.وریا قسەمان لەگەڵ د.بەدرخان کرد. پێمانگوت د.بەدرخان ئەوە چی بوو کردت؟ گوتی: بۆ ئیشێکی خراپم کرد؟ ئێوەم هەموو لێرە کۆکردووەتەوە. گوتمان کۆبوونەوەکە خراپ نییە، بەڵام ئەوەی بۆی کۆبووینەتەوە خراپە. د.وریاش بە گاڵتەوە گوتی: "ئیسنەین ڕۆژە ڕەئسم دێشێ". باشە گوناهی ئێمە چییە دوو و سەر لە فارسیشدا هەر دوو و سەری کوردین. کە چوومەوە ئەو قسەیەم لەلای موسڵیح جەلالی کرد، گوتی: ئەمە کێ ئەو قسەیەی کرد، گوتم: وریا. ئەویش 35 دیناری بۆ خەرجکرد.

**ڕووداو: لە 1987 تاوەکو 1991 ئێوە وەکو مامۆستا کارتان کرد. ئەوکاتیش کورد ئەنفال و کیمیاباران کرا. ئەمە لەنێو ناوەندێکی وەکو زانکۆ چۆن باس دەکرا؟**

**موکریانی:** ئێمەیان گەڕاندەوە هەولێر، حکومەتی عێراق کاتێک یەکێکی سزا دەدا، پێداچوونەوەیەکی بە سزاکەیدا دەکرد. ئەو 37 مامۆستایەی لە کوردستان دوورخرابوونەوە، ویستیان بمانگەڕێننەوە. ئێمەیان گەڕاندەوە، بەڵام بە دەرماڵەیەکی کەمتر. ئێمەش خواخوامان بوو بگەڕێینەوە کوردستان. من بەدوای خانوودا دەگەڕام خانووم دەستنەدەکەوت، چونکە گوندەکان تێکدرابوون، شار پڕ بووبوو لە خەڵکی گوند. ئەمە جینۆسایدێک بوو بۆ خۆی. شیرازەی ژیان تێکچووبوو. ئیدی ئەوکاتە جەمال بزاڤێکی دانا بەناوی بزاڤی دیموکراسی و مرۆڤایەتی کورد.

**ڕووداو: ئەو بزاڤە نهێنی بوو یان ئاشکرا بوو؟**

**موکریانی:** زۆر نهێنی بوو. یەک بە یەک مامۆستایانی زانکۆی بانگ دەکردن قسەی لەگەڵ دەکردن. بۆ نموونە یەکێک لەو مامۆستایانەی قسەی لەگەڵ کرد د.سەعدی بەرزنجی بوو، پێیگوتبوو هیچمان نەما، هەر ئەوەندە ماوە لۆرییەک بێنن و نێرینەکانی شاری تێبخەن و بیانبەن، ئێمە دەبێ شتێک بکەین، هەر هیچ نەبێ لێکۆڵینەوە بۆ بەرزکردنەوەی وڕەی خەڵک بڵاوبکەینەوە. سەمینار بکەین. د.سەعدی بەرزنجی گوتی: تۆ دەزانی چی دەڵێی! ئەوەی لەلای من باستکرد، لەلای یەکێکی دیکە باسی مەکە، ئەگینا ونت دەکەن. بەڵام خەڵکیش هەبوو پشتگیرییان کرد، یەکێک لەوانە

> ساڵانە یادی سەردانەکەی سەددام بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی دەکرایەوە

کەمال غەمبار، سالم فەیلی، محەممەد بۆریچی. تەنانەت پەیوەندی بە خەڵکی چەکداریشەوە کرد، یەکێک لەوانە سەرهەدی ئەنوەربەگی بێتواتە بوو کە پێشوازییەکی باشی لەو بزاڤە کرد.

**ڕووداو: ئەو شتەی سەربەخۆ کرد یان پەیوەندی بە دەرەوە هەبوو؟**

**موکریانی:** نەخێر سەربەخۆ بوو.

**ڕووداو: دەگوترێ ئەو بزاڤە دەیویست جێی پارتی و یەکێتی بگرێتەوە، ڕاستە؟**

**موکریانی:** ئەوان ئەوکات لێرە نەبوون. نەیدەویست جێی کەس بگرێتەوە، بەڵام دەبووایە ئێمە بزاڤێک بکەین وەکو مرۆڤی کورد، هیچیتر نا.

**ڕووداو: هەر لەو سەردەمەدا دوو ڕۆشنبیری گەورەی کورد دڵشاد مەریوانی و شاکر فەتاح بێسەروشوێن کران، یاخود تیرۆرکران. شایەتی چی لەسەر ئەوانە دەدەی؟**

**موکریانی:** دڵشاد مەریوانی سەردەمێک لەگەڵ هاوڕێنەکەی چووبوونە دەرەوە بۆ خوێندن، بەڵام

> سەددام داوای لێکردین خزمەتی زمانی کوردی بکەین

سەرینەگرت و گەڕایەوە. کاتێک گەڕایەوە سەردانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کرد. چوو بوو بۆ لای موسڵیح، ئەویش ناردبووی بۆ لای من. کۆمەڵێک سلایدی سروشتی کوردستانی پێبوو. پێمگوت من ئەوانەم پێویستە بۆ بەرگی ڕۆشنبیریی نوێ، هەموویم لێ کڕی. ئەوسا باری ئابووری زۆر خراپ بوو. پێمگوت ڕاستە تۆ هونەرمەندی، بەڵام تۆ دەرچووی زمانی کوردیت، دەتوانی لێکۆڵینەوەش بنووسی. دوو سێ نامەی جوانی ئەوم لەلا ماوە کە دەڵێت بە هاندانی تۆ دەستم بە نووسین کرد، ئیدی

> تیراژی گۆڤاری ڕەنگین 75 هەزار دانە بوو

هانم دا کە بەردەوام بێ. دڵشاد مەریوانی ونبوو، دەڵێن لەسەر بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی بوو. گەنجێکی کوردپەروەر بوو، هەر نەیانویست بمێنێ.

**ڕووداو: تۆ یەکێکی لەوانەی دەڵێن بەکارهێنانی ڕێنووسی ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی باشترە. چ بەڵگەیەکت هەیە؟**

**موکریانی:** زۆربەی کێشەکانی ڕێنووسی کوردی چارەسەر کردووە. لەو ڕێنووسەی بەکاریدەهێنین کێشەمان هەیە. جگە لەوەش بۆ یەکبوونی کورد ئەگەر هیچ نەبێ با لە ڕێنووسەکەوە دەستپێبکەین. ئێستا کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات زۆر باش بەرهەمی بیری یەکدی دەخوێننەوە، بەڵام کوردی باکوور و ڕۆژئاوا ئاگایان لە بەرهەمی باشوور و ڕۆژهەڵات نییە. دەکرێ هەردوو ڕێنووسەکە بەکاربێ. من زۆر جاریش دەڵێم بریا بەدرخانییەکان ئەو کارەیان نەکردبا. چونکە بەڕاستی کێشەیەکی نوێمان بۆ پەیدا بوو، بۆ ئەوەی ئێمەی کورد زیاتر لە یەکدی دووربکەوینەوە.

گەڕانەوەی دووبارەی داعش بۆ گۆڕەپانی جەنگ

# داعش دەیویست ڕۆژئاواییەکان بۆ تۆڵەسەندنەوە لە موسوڵمانانی ئەوروپا بجوڵێنێ

بەشی دووەم

ڕووداو– هەولێر

**ئەمەی خوارەوە پوختەی ڕاپۆرتێکی پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگە سەبارەت بە گەڕانەوەی دووبارەی داعش بۆ مەیدانی جەنگ لە عێراق و سووریا و هەموو ئەو ناوچانەی تێیاندا چالاکە.**

.......

## بەشداریی ئەمریکا.. کێشەیەک بۆ داعش

داعش خۆی بە ڕێکخراوێکی هێرشبەر پێناسە دەکات. ئەو گرووپە هەوڵیدا شەڕێکی دڕندانە لە دژی ڕۆژئاوا هەڵگیرسێنێ و باوەڕیشی وابوو بتوانێ پێشبینییە ئیسلامییەکە وەدی بهێنێ. لە چوارچێوەی ستراتیژی ئەو ڕێکخراوەدا وا دانرابوو کە لە ڕێگەی هێرشی هاوکات و دوولایەنەی ناوخۆیی و جیهانی بگەنە ئەو ئامانجە. ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی ئەبوبەکر بەغدادی لە سەرەتای ڕەمەزان لە تەمووزی 2014دا خەلافەتەکەی ڕاگەیاند، داعش دروشمی "دەمێنێت و فراوان دەبێت"ی هەڵگرت. ئەو دروشمە دەرخەری ئەوەیە داعش ئەوەندەی بایەخ بە کۆنترۆڵکردنی فیزیکیی ناوچەکان دەدات، هێندەش پێداگیرە لەسەر فراوانکردنی سنوورە جوگرافییەکەی. ئەوان چاوەڕێی شەڕێکیان دەکرد کە چەندین نەوە پشتاوپشت بەردەوام بێت. ئەبو محەممەد عەدنانی، گوتەبێژی داعش، لە ئەیلوولی 2014دا ڕایگەیاند: "ئەگەر ئێمەش نەگەینە ڕۆما... منداڵەکانمان و نەوەکانمان هەر دەگەنێ". داعش سەرمایەگوزارییەکی زۆری لە گۆشکردنی منداڵان

> تۆڕە جیهانییەکەی داعش کەمتر هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی لەسەرە

لە عێراق و سووریا دەکرد، بۆ ئەوەی نەوەیەکی نوێی چەکداران پێبگەیێنێ و ئامادەکاری بۆ قۆناغی داهاتووی ئەو شەڕە پشتاوپشتە بکات.

هەروەها بەنیاز بوو هێرشێکی تۆڵەکردنەوە "لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە" لە دژی موسڵمانانی ڕۆژئاوا ڕووبدات، هەڵبەت ڕەنگە پێشبینی ئەوەی نەکردبێ کە دەستتێوەردانێکی نێودەوڵەتی بەو خێرایی و بەو قەبارەیە لە دژی دەستپێبکات. بەغدادی لە کانوونی دووەمی 2014 ڕایگەیاند کە داعش "چاوەڕێ دەکات" و لە داهاتوویکی نزیکیشدا "بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ" ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبێتەوە. هەمان مانگ یەکەم شانەی هێرشی داعش بەبێ ئەوەی پێی بزانرێت، گەیشتە ئەوروپا و شەش مانگ پێش کەوتنی مووسڵ لە حوزەیرانی 2014 دەستی بە هەڵمەتە جیهانییەکەی کرد. داعش بەردەوام دنەی ڕۆژئاوای دەدا، لەکاتێکدا توندوتیژییەکانی ئەو ڕێکخراوە لە سەرتاسەری عێراق و سووریا دەبینران و یەکەم ڤیدیۆی کوشتنی بارمتە ڕۆژئاواییەکانی لە ئابی 2014 بڵاوکردەوە.

دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لەڕووی سیاسییەوە لەگەڵ داعش دەگونجا، چونکە ئەو دەستتێوەردانە وایکرد داعش بتوانێ خۆی وەک بەرگریکاری دانیشتووە سوننەکان لە قەڵەم بدات. داعش سەرهەڵدانە جەماوەرییەکانی بەهاری عەرەبی قۆستەوە بۆ ئەوەی خۆی بخاتە لای عەرەبە سوننەکان لە دژی حکومەتە سەرکوتکەرەکانی عێراق و سووریا. لە تشرینی دووەمی 2014، بەغدادی دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکای وەک هەوڵێکی بێ بیانوو بۆ سەرکوتکردنی موسڵمانان لە قەڵەمدا و گوتی "خاچپەرستان و جوو لە گەڕانەوەی خەلافەت دەترسن".

لە تشرینی دووەمی 2014، عەدنانی بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەمریکا دژی سوننەکان لەگەڵ ئێران و سووریا یەکیگرتووە. بیانووی داعش بۆ هێرشەکانی لە ئەوروپا (کە پێشتر پلانیان بۆ دانرابوو) ئەوە بوو کە ئەو هەڵمەتە وەڵامێکی بەرگریکارانەیە بەرامبەر دەستتێوەردانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا. ئەمە دەنگدانەوەی هەبوو لای گوێگرانی داعش لە دەرەوە و هەڵمەتێکی لە هەموو ئەوروپا هەڵگیرساند، کە تێیدا لایەنگرانی داعش بەناوی ئەو ڕێکخراوەوە و بێ وەرگرتنی هیچ هاوکارییەکی ڕاستەوخۆ، هێرشیان کرد.

بەڵام دەستتێوەردانی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا ئاڵنگارییەکی گەورەشی بۆ داعش دروستکرد. دوای دەستپێکردنی هێرشە ئاسمانییەکان لە ئابی 2014، ئەمریکا لە مانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵەوە ڕێگەی بۆ ئۆپەراسیۆنی زەمینی لەدژی داعش خۆشکرد. لە 26ی کانوونی دووەمی 2015، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) شکستیان بە هێرشی پێنج مانگەی داعش بۆ سەر شاری کۆبانێ لەسەر سنووری نێوان سووریا و تورکیا هێنا و بە هاوکاریی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا داعشیان تێکشکاند. دواتر لە 1ی نیسانی 2015 هێزە ئەمنییەکانی عێراق تکریتیان گرتەوە. ئەم شەڕانە خاڵی وەرچەرخان بوون. هێزەکانی هاوپەیمانان فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشیان ڕاگرت و داعش بەرەبەرە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی لەدەستدەدا. ئینجا دەستی بە هێرشی پێچەوانە کرد، بەڵام لە دوای نیسانی 2015 وە، نەیتوانی سەنتەری هیچ شارێک کۆنترۆڵ بکات.

هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا ڕەوایەتیی داعشی خستە ژێر پرسیارەوە. داعش بۆئەوەی سەربکەوێ، دەبوو بتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە خەلافەت هەیە و خەریکە فراوانیش دەبێت. ئەمریکا دەستی بە لەنێوبردنی خەلافەتەکە کرد، ئەوەش بووە هەڕەشە بۆ سەر داعش کە چیتر نەتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات خەلافەتەکەی "دەمێنێتەوە و فراوان دەبێت". هاوکات ئەمریکا پشتگیری لەو هەوڵانە دەکرد کە ئامانجیان بەدرۆخستنەوەی بانگەشە ئایینییەکانی داعش بوو، بۆ ئەوەش پشتیوانی لە پەیامی زانا ئایینییەکانی سعودیە و میسر دەکرد، لەوانەش زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە. ئەمریکا ناوەندێکی میدیاییشی بە هاوکاریی ئیمارات دامەزراند کە ئامانج لێی پووچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندەی داعش بوو لەسەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیالمیدیا، وەک فەیسبووک و تویتەر.

سەرەتا ئامانجی سیاسیی ئەمریکا ئەوە بوو هەوڵبدات ئەڵتەرناتیڤێکی کارامە بۆ داعش دروستبکات، کە ببێتە هەڕەشەیەک لەسەر بانگەوازی داعش لە عێراق و سووریا. دواتر لە 2016، سەرۆک باراک ئۆباما ڕایگەیاند، ئەمریکا دەیەوێ "چارەسەری ئەو هێزانە بکات کە ڕێگەیان خۆشکرد ئەم تیرۆریستانە ببنە خاوەن جەماوەر"، چارەسەرەکەش بەوە دەکرا کە "حکومەتێکی شمولی" لە عێراق هەبێ و لە سووریاش کار بۆ "پرۆسەیەکی سیاسی و قۆناغی ڕاگوزەر لە دەسەڵاتی ئەسەد"ەوە بکرێت. دواتر دەرکەوت دەستتێوەردانەکە ناتوانێ حکومەتێکی جێی باوەڕ بخاتەوە کە نوێنەرایەتی هەموو لایەنەکان بکات، بەڵام ئەمە لە سەرەتادا ڕوون نەبوو. ئەم گوشارانە داعشی ناچار کرد خۆی بگونجێنێ.

## داعش خۆی لە شکست لادەدات

لە نیسانی 2015، داعش بە ستراتیژی خۆیدا چووەوە، لەکاتێکدا پێشبینی زیانی سەربازیی زۆری دەکرد دوای ئەوەی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان دەستیان بە کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکان کرد، داعش لەو قۆناغەدا وازی لە مانۆڕی هێرشبەرانە هێنا و ڕووی لە تاکتیکی بەرگری کرد، ئامانجیشی ئەوەبوو لەلایەکەوە کاریگەریی ئۆپەراسیۆنەکانی هاوپەیمانان کەمبکاتەوە و لەلایەکی دیکەوە ماوەی ئەو خۆبنیاتنانەوەیە کەم بکاتەوە کە پێویستی بوو لە قۆناغی پەڕینەوە بەرەو هەڵمەتی گورزوەشاندن هەنگاو بنێ.

پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگ (ISW) ئەم هەوڵەی داعش بە هەوڵی "خۆلادان لە شکست" پێناسە دەکات. ئامانجی ستراتیژیی داعش لەو هەوڵە ئەوەبوو ڕێگە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بگرێت بگاتە ئامانجە سیاسییەکەی، هەروەها ڕێ لە دامەزراندنەوەی حکومەتێکی ئەڵتەرناتیڤی جێگەی باوەڕ بگرێ و هەلی ئەوەش نەداتە گرووپە جیهادییە ڕکابەرەکانی جێی بگرنەوە.

ئامانجە مەیدانییەکانی داعش بریتی بوو لە: لەنێوبردنی شارە سەرەکییەکانی عەرەبی سوننە کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆی بوون، قورسترکردنی نرخی شەڕ لەسەر هێزەکانی بەرامبەر و هێشتنەوەی دەسەڵاتی سایکۆلۆژیی خۆی بەسەر خەڵکی مەدەنیدا بۆ درێژترین ماوە.

بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجانە، داعش لەسەر پێنج ڕێچکەی سەرەکی دەستی بە کار کرد:

یەکەم: گرتنی شاری نوێ لە دەرەوەی عێراق و سووریا

> داعش چاوەڕێی شەڕێکی دەکرد چەندین نەوە پشتاوپشت بەردەوام بێت

دووەم: بەرزکردنەوەی ژمارەی هێرشە تیرۆریستییەکان

سێیەم: بەرگریی بەهێز لە شارە سەرەکییەکانی عێراق و سووریا

چوارەم: پەرتکردنی هێزە دژبەرەکانی

پێنجەم: لێدان لە ڕکابەرە ئایینییەکانی.

## گرتنی شاری نوێ لە دەرەوەی عێراق و سووریا

داعش فراوانکردنەوەی سنووری خەلافەت بە پێویستییەکی ئایینی و بە میتۆدێکی ستراتیژیی سەرەکی دادەنێت بۆ دروستکردنی ئەو پشێوییەی سەرئەنجام ڕێگە بۆ فراوانبوونی سنوورەکانی خۆشدەکات. کاتێک لە ئابی 2014 دەستتێوەردانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا دەستپێکرد، داعش بەشێوەیەکی توندوتیژ خەریکی فراوانکردنی سنووری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بوو. لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، بەغدادی ویلایەتەکانی داعشی لە لیبیا، میسر، یەمەن، سعودیە و جەزائیر ڕاگەیاند. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە 2015 لە سووریا و عێراق لە دەستی دابوون، درێژەی بە فراوانکردنی سنوورەکانی لەسەر ئاستی جیهان دا، لە چوارچێوەی ئەو هەوڵەشدا، لە مانگی ئایاری هەمان ساڵ ناوچەیەکی لە ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان کردە ویلایەت و لە مانگی حوزەیراندا شاری (سێرت)ی لە لیبیا کۆنترۆڵ کرد. داعش هێرشەکانی خۆی لە دەرەوەی سووریا و عێراق وەک هاوتای هێرشەکانی لەو دوو وڵاتە پیشاندەدا. لە حوزەیرانی 2015دا عەدنانی ڕایگەیاند کە "دەوڵەتی خەلافەت ڕەنگە شار و ناوچە لەدەستبدات، بەڵام هەرگیز تێکناشکێ" و شوێنکەوتووانی ڕێکخراوەکەی دڵنیاکردەوە لەوەی "ئەگەر خاک لەدەستبدەن، ئەوە بە زیادەوە خاک وەردەگرنەوە".

هاوکات داعش بە کۆنترۆڵکردنی ڕومادی لە عێراق و تەدمور لە سووریا لە ئایاری 2015 ڕوویکردە دروستکردنی ناوچەی بەرگری لە ناوچە بنەڕەتییەکەی دەسەڵاتی خۆی (واتە عێراق و سووریا). دەستگرتنی کاتی بەسەر ئەم شارانەدا ئاماژەیەک بوو بۆ هێزی سەربازیی ئەو ڕێکخراوە لە کاتێکی هەستیاردا، واتە ئەوکاتەی داعش دەستی بە لەدەستدانی ناوچەکان کردبوو. هێرشەکانی داعش سەری لە نەیارەکانی دەشێواند و ئاراستەی سەرنجی نەیارەکانی لە هەردوو وڵات دەگۆڕی، ئەوەش کات و شوێنی پێویستی بە داعش دەدا بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و سووریا ئامادەکاری بۆ بەرگری بکات. حکومەتی عێراق لە شوباتی 2016 شاری ڕومادیی کۆنترۆڵ کردەوە و شاری تەدموریش دوای شەڕێکی چەند مانگە، لە ئاداری 2017 گەڕایەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئەسەد.

داعش نەیتوانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە لیبیا و ئەفغانستان بپارێزێت، کە لە 2015ەوە کەوتبوونە ژێر دەستی. ئەمریکا لە مانگی ئابی 2016 زنجیرەیەک هێرشی ئاسمانی لە لیبیا دەستپێکرد، بۆ ئەوەی هێزە خۆجێییەکان بتوانن هێرشی پێچەوانە بکەن، ئەو هێزانە لە کانوونی یەکەمی 2016 شاری سێرتیان کۆنترۆڵ کردەوە. لە کانوونی دووەمی 2016 تالیبان داعشی لە بەشێکی زۆری بنکەکانی لە پارێزگاکانی نەنگەهار و فەرەح وەدەرنا. بەڵام ئەو سەرکەوتنە کاتییانە وایانکرد داعش لە کاریگەرییە بەرایییەکانی لەدەستدانی ناوچە لە عێراق و سووریا پارێزراوبێ و لە لایەکی دیکەوە بتوانێ گەرای کۆمەڵێک تۆڕیش لە باکووری ئەفریقا و ئاسیای نێوەڕاست دابنێ کە تا ئێستاش خۆیان ڕاگرتووە. لە لیبیا، داعش بەرەو حەشارگەکانی لە باشوور پاشەکشێی کرد و لە کۆتاییەکانی 2017 سەرلەنوێ دەستی بە هێرش کردەوە. لە ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان و کابوڵیش، بووە خاوەنی تۆڕی هێرشکەران. بەگوێرەی نەتەوەیەکگرتووەکان، باڵی داعش لە ئەفغانستان بەرپرسیارە لە زۆرینەی ئەو کوژراوە مەدەنییانەی لە نیوەی یەکەمی 2018 لە هێرشەکاندا گیانیان لەدەستداوە.

سەرکەوتنی دواتری ئەو ڕێکخراوە لە مانگی ئایاری 2017 بوو، کاتێک چەکدارانی داعش سێ ڕۆژ پێش مانگی ڕەمەزان لە فلیپین دەستیان بەسەر ناوچەی مەراوی لە باشووری ئەو وڵاتەدا

> هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی ڕەوایەتیی داعشی خستە ژێر پرسیارەوە

گرت. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، لە ساڵی 2016 دا داعش دەیان هەزار دۆلاری لە سووریاوە ڕەوانەی فلیپین کردبوو کە لەوە دەچێت بۆ هێرشەکانی مەراوی بووبن. ئەو ئۆپەراسیۆنە ژمارەیەکی بەرچاو چەکداری بیانی ڕاکێشایە فلیپین و سنووری چالاکییەکانی داعشی گەیاندە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. داعش سەرئەنجام کۆنترۆڵی مەراوی لەدەستدا، بەڵام کۆنترۆڵکردنی ئەو شارە بەشێوەیەکی کاتی جارێکی دیکە ئەوەی بە شوێنکەوتووانی ئەو ڕێکخراوە سەلماند کە داعش لە فراوانکردنەوەی ناوچەکانی بەردەوامە و سەرەڕای لەدەستدانی خاک لە عێراق و سووریا، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی دیکە دەدات.

## بەرزکردنەوەی ژمارەی هێرشە تیرۆریستییەکان لە جیهاندا

داعش بەردەوام بوو لە دابینکردنی سەرچاوە بۆ هێرشە تیرۆریستییەکانی خۆی لە جیهاندا. هێرشەکانی، لایەنگری لە هەموو جیهانەوە بۆ کۆکردەوە و ئیلهامی پێ بەخشین. داعش هەوڵیدا ڕۆژئاواییەکان بۆ هەڵمەتێکی تۆڵەسەندنەوە لە موسوڵمانانی ئەوروپا بجوڵێنێ و لەوێشەوە ئاگری گەڕێک لە توندوتیژی خۆشبکات و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی تووشی جەمسەربەندی بکات. لە شوباتی 2015 لە ژمارەی حەوتی گۆڤاری (دابق) بە زمانی ئینگلیزی، داعش لە وتارێکدا لەژێر ناونیشانی "نەمانی ناوچەی نێوانی" بە وردەکارییەوە باسی ئامانجی خۆی بۆ دابڕاندنی موسوڵمانان و ڕۆژئاوا دەکات. لە پەرەگرافێکی وتارەکەدا هاتووە: "موسوڵمانان (واتە موسوڵمانانی ڕۆژئاوا) تووشی دۆخێک دەبن کە تێیدا ناچارن ماڵ و موڵکی خۆیان بەرەو شوێنێک (لە خەلافەت) بەجێبێڵن، لە کاتێکدا ئاستی چەوساندنەوەی موسوڵمانان لەلایەن خاچپەرستانەوە بەرز دەبێتەوە".

لە کانوونی یەکەمی 2017، ڕووسیا بە هاوکاریی ئەمریکا، ڕێگری لە هێرشێکی خۆکوژیی داعش کرد لە کاتیدراڵی کازانسکی و کۆمەڵێک ئامانجی دیکە لە سان پیتەرسبورگ، ئەوەش نموونەیەکی زەقە بۆ ئەوەی داعش لە هەوڵەکانی بۆ فراوانکردنی هێرشەکانی بۆ وڵاتانی نوێ بەردەوامە.

داعش بەرەبەرە ویلایەتە دەرەکییەکانی بەکارهێنا بۆ پشتگیری لە هێرشەکانی لە جیهان و ڕاکێشانی ئەو چەکدارە بیانییانەی نەیاندەتوانی خۆیان بگەیێننە سووریا و عێراق. لە ساڵی 2016دا بە ڕەزامەندیی ویلایەتی خوراسانی داعش، چەکدارانی داعش لە پاکستان، کەنەدا و فلیپین پیلانی هێرشێکیان بۆ شاری نیویۆرک دانا. کاربەدەستانی بەریتانی و ئەمریکی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە چەکدارانی داعش لە ئەفغانستان پەیوەندییان لەگەڵ شانەکانی هێرشی داعش لە ڕۆژئاوا هەیە و بۆ ڕێکخستنی هێرشەکان لە ئەفغانستان مەشق دەکەن. لە ئایاری 2017 داعش لە لیبیاوە هێرشێکی بۆ سەر کۆنسێرتێک لە بەریتانیا ڕێکخست.

> دەستتێوەردانی ئەمریکا وایکرد داعش خۆی وەک بەرگریکار لە سوننە بناسێنێ

داعش لەڕێی پێگەیاندنی توانای ڕێکخستن و ئەنجامدانی هێرش لە ویلایەکانی دەرەوە، هێزێکی دیکەشی خستووەتە سەر تۆڕی تیرۆری جیهانیی خۆی. ئەو تۆڕە هەڕەشەیەکی کەمتری هەڵوەشانەوەی لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتیی ئەمریکا لەسەرە. داعش ویلایەتەکانی دەرەوەی سووریا و عێراقی کردووەتە شوێنی مەبەستی ئەو چەکدارە بیانییانەی دەیانەوێ بێنە ناو خەلافەتەوە. لە سەرەتای 2015 عەدنانی بەردەوام داوای لە موسوڵمانان دەکرد بەرەو ویلایەتەکانی دیکە کۆچ بکەن، لەوانەش یەمەن، نیمچە دوورگەی عەرەبی، ئەفغانستان و ڕۆژئاوای ئەفریقا. بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە جیهان، گەرەنتی ئەوەی دەدایە داعش کە لە دوای شکستەکانی لە عێراق و سووریا، بتوانێ درێژە بە ژیان بدات.

سەرەڕای لەدەستدانی ناوچە لە عێراق و سووریا، هەوڵەکانی داعش هانی هاوسۆزانی ئەو ڕێکخراوەیدا درێژە بە هێرشەکان بدەن. داعش پێناسەی جۆراوجۆری بۆ "شەڕ" خستەڕوو، بۆ ئەوەی هانی لایەنگرانی بدات بەشداری جیاوازیان هەبێ. بۆ نموونە، لە نیسانی 2017 لە ژمارە هەشتی گۆڤاری (ڕومییە)دا، داعش داوای لە هاوسۆزانی کرد سەرچاوە ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا بکەنە ئامانج، پێداگیری لەسەر ئەوەش دەکرد کە "هەر هێرشێک بۆ سەر بێ باوەڕان جیهادە، یەکێک لەوانەش هێرشکردنە سەر ناوەندە داراییەکانە".

هاوکات لەگەڵ بانگەوازی داعش بۆ جیهادی تاکەکەسی، ڕێژەی هێرشەکانی داعش بەردەوام بەرز دەبوونەوە. لە کانوونی یەکەمی 2017، لۆرا شیائۆ، بەڕێوەبەری ئەوکاتی ناوەندی دژەتیرۆری نیشتمانیی ئەمریکا ڕایگەیاند "ئەو زیانانەی بەر داعش کەوتوون، تواناکانی بۆ ڕێکخستنی هێرشیان کەم نەکردووەتەوە. چونکە داعش بەشێوەیەکی بێ وێنە هەوڵدەدات دەنگی بگاتە هاوسۆزەکانی".

## پەلامارەکانی داعش




لە دەرەوەی ویلایەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ساڵی 2016

38 پەلامار لە 19 وڵات لەلایەن 60 چەکدار

تونس
بەریتانیا
میسر
ڕووسیا
بەنگال
تورکیا
فەرەنسا
ئەڵمانیا
ئوردن
ئەندەنوسیا
ئەمەریکا
فەڵەستین
ئێران
کینیا
ئیسپانیا
سوێد
بەلجیکا
ئیتاڵیا
ئوسترالیا

### دیارترین پەلامارەکانی داعش لەدەرەوەی ویلایەتەکانی

- چەکدارێکی داعش بەچەکی ڕەشاش و نارنجۆک هێرشی کردە سەر بۆنەیەکی مەسیحییەکان لە شاری ئیستانبوڵی تورکیا، کوژران و برینداربوونی 150کەسی لێکەوتەوە.
- دوو خۆکوژ هێرشیان کردە سەر دوو کەنیسە لە شارەکانی تەنتا و ئەسکەندەریە لە میسر کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی 190کەس.
- تەقاندنەوەی چەند بۆمبێکی چێندراو لەشاری مانچستەر لە بەریتانیا کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی 100کەس.
- پەلاماری چەند چەکدارێک بۆ سەر باڵەخانەی پەرلەمانی ئێران و مەزارگەی ئیمام خومەینی لە تاران کە بووەهۆی کوژران و بریندار بوونی چەند کەسێکی لێکەوتەوە
- پەلاماری چەکدارانی داعش لە شاری بارسیلۆنای ئیسپانیا لە ڕێگەی ئۆتۆمبێل و چەکی سووکەوە کە بووە هۆی کوژرانی 120کەس





# 250 هەزار دەنگی کورد لە مووسڵ مەترسی فەوتانی لەسەرە



تاوەکو ئێستا چەند جارێک ماوەی ناوتۆمارکردن لە بایۆمەتری درێژکراوەتەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

تەنیا 15 ڕۆژ ماوە پرۆسەی بایۆمەتری بۆ تۆمارکردنی ناوی دەنگدەرانی هەڵبژاردن کۆتایی بێ، هێشتا 100 هەزار دەنگدەری سنووری پارێزگای نەینەوا کە ئاوارەن و لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، ناوی خۆیان تۆمار نەکردووە. ئەگەریش ئاوارەکان ناچار بکرێن لە شوێنی نیشتەجێبوونیان دەنگ بدەن، دەنگێکی زۆری کوردی ئێزدی مەترسیی فەوتانی لەسەرە، چونکە زۆربەیان دەڵێن ناتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و لەوێ دەنگ بدەن.

بڕیارە ڕۆژی یەکی نیسانی 2020 هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بەڕێوەبچێ. لە سنووری پارێزگای نەینەوا ژمارەیەکی زۆر دەنگدەری کورد هەن، بەڵام مەترسی هەیە کە نەتوانن دەنگ بدەن، چونکە ژمارەیەکی زۆریان کە نزیکەی 100 دەنگدەر دەبێ، بایۆمەترییان نەکردووە. هەروەها دەبێ لە ناوچەکانی خۆیان دەنگ بدەن، بۆیە نزیکەی 250 هەزار دەنگدەری کورد ڕەنگە نەتوانن دەنگ بدەن.

سەگڤان دێرەشی، گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان – ئۆفیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "نزیکەی 92 هەزار دەنگدەر لەنێو کەمپەکانی سنووری پارێزگای دهۆکن، 90%یان ناویان لە بایۆمەتری تۆمار کراوە. جگە لەوە نزیکەی 147 هەزار دەنگدەری دیکە لە دەرەوەی کەمپەکانن کە تەنیا 13%یان بایۆمەترییان کردووە". گوتیشی: "بە گشتی نزیکەی 100 هەزار دەنگدەری ئاوارە لە دهۆک هێشتا بایۆمەترییان نەکردووە".

تاوەکو ئێستا چەند جارێک ماوەی ناوتۆمارکردن لە بایۆمەتری درێژکراوەتەوە. چەند ڕۆژی ڕابردووش پرۆسەکە بۆ ناوەڕاستی مانگی داهاتوو درێژکرایەوە. دێرەشی دەڵێت: "ڕەنگە چیتر ماوەی پرۆسەکە درێژ نەکرێتەوە. بۆیە هەر کەسێک بەشداری لە بایۆمەتری نەکات، مافی دەنگدانی نابێ".

جگە لە بایۆمەتری، دەنگدەرانی کورد لە سنووری پارێزگای نەینەوا کێشەیەکی دیکەشیان هەیە، ئەویش ئەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراقە کە دەبێت هەر دەنگدەرێک لە سنووری پارێزگاکەی خۆی دەنگ بدات.

> **100 هەزار ئاوارەی پارێزگای نەینەوا کە لە دهۆکن بایۆمەترییان نەکردووە**
> کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن

سەگڤان دەڵێت: "یاسای ژمارە 12ی ساڵی 2018 تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە هەموار کرایەوە، بەپێی هەموارەکە هەر دەنگدەرێک دەبێت لە سنووری پارێزگای خۆی دەنگ بدات، بۆیە ئاوارەکان ئەگەر بایۆمەتریشیان کردبێ، ناتوانن لە کەمپەکان دەنگ بدەن، بەڵکو دەبێ بچنەوە سنووری پارێزگای نەینەوا".

بە گوتەی سەگڤان، ئاوارەکان نارەزایی خۆیان گەیاندووەتە کۆمیسیۆن و داوایان کردووە لەو شوێنەی کە ئێستا لێی نیشتەجێن دەنگ بدەن، چونکە بەهۆی بوونی هێزی جۆراوجۆر لە شنگال و دەوروبەری، ناتوانن بۆ دەنگدان بگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان.

سەگڤان گوتی: "ئێمە یاداشتەکەمان بۆ سەرووی خۆمان بەرز کردووەتەوە، هەندێک لایەنی سیاسیش هەمان داواکارییان هەیە. سکاڵایەکیش لەوبارەیەوە لە دادگای فیدراڵییە، لەوانەیە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بڕیارێکی تازە لەوبارەیەوە بدرێ".

کورد لە هەڵبژاردنەکانی عێراق (پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگا) لە سنووری پارێزگای نەینەوا هەمیشە دەنگ و کورسیی زۆری هەبووە. ئێستا هەریەک لە جێگری پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کوردن.

لەسەرجەم هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگا دەنگی کورد لە پارێزگای نەینەوا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆیشتووە.

ئیدریس زۆزانی، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی لقی 17ی پارتی لە شنگال بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەنگی کورد لە پارێزگای نەینەوا مەترسی فەوتانی لەسەرە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکان ناوی خۆیان لە بایۆمەتری تۆمار نەکردووە. دووەمیشیان بەهۆی یاسای هەڵبژاردن دەنگدەر پابەندکراوە بەوەی لە سنووری پارێزگاکەی دەنگ بدات، بۆیە 250 هەزار دەنگدەری کورد کە لە دەرەوەی سنووری پارێزگای نەینەوا نیشتەجێن، ڕەنگە لە دەنگدان بێبەش بن".

ئەو بەرپرسەی پارتی ترسی خۆی لەوە نەشاردەوە کە لە ڕۆژی دەنگدان، هێزە چەکدارەکان لە شنگال بە مەبەست ڕێ لە دەنگدەرانی کورد بگرن بۆ دەنگدان بگەڕێنەوە ناوچەکانیان "ئەوکات پێگەی کورد لە ئیدارەی داهاتووی مووسڵ لاواز دەبێ".

# ناوچە کێشەلەسەرەکان.. دوو ساڵ دوای گشتپرسی

**ڕووداو- هەولێر**

دوو ساڵ دوای گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، کەرکووک هێشتا وەک پارێزگایەک ماوە کە چاوی هەموو پێکهاتەکانی لەسەرە و چارەنووسی وەک خاڵێکی سەرەکی ناکۆکیی نێوان هەولێر و بەغدا ماوەتەوە.

جەعفەر شێخ مستەفا، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بارەگای خۆی لە سلێمانی لەبارەی هەڵوێستی کورد بەرامبەر کەرکووک بە ماڵپەڕی (زە نیو هیومانیتاریەن) دەڵێت: "ئێمە هەرگیز کوردستانێک بێ کەرکووک قەبووڵ ناکەین. لە ڕابردوودا خەباتی زۆرمان بۆ کردووە و کۆڵیش نادەین".

بەشێکی بەرچاوی پارێزگای کەرکووک لە ساڵی 2014 و پاش دەرکەوتنی داعش کەوتە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەوە، ئەوەش دوای ئەوەی سوپای عێراق لە ترسی ئەو گروپە تازە دەرکەوتووە ناوچەکەی چۆڵ کرد. بەڵام سێ هەفتە دوای گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستان لە 2017 سوپا و حەشدی شەعبی جارێکی دیکە دەستیان بەسەر کەرکووکدا گرتەوە.

کەرکووک بە شاری نەوت ناسراوە و لە دوای هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەریش، پرسیارێکی سەرەکی ئەوە بوو نەوتی ئەو پارێزگایە چۆن هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێ. بەڵام شێخ جەعفەر دەڵێت: "مەسەلەکە نەوتی کەرکووک نییە، بەڵکو ئەو ڕاستییەیە کە کەرکووک شارێکی کوردستانییە و دەبێ وەک بەشێک لە کوردستان بمێنێتەوە".

لیوا ڕوکن سەعد حەربیە، فەرماندەی سوپای عێراق لە کەرکووک دەڵێت: "ئەگەر تەنانەت بە نیوەڕۆ ئەستێرە بەو ئاسمانەوە دەربکەون، ئەوان هەر ناگەڕێنەوە بۆ کەرکووک". ئەو دەڵێت کێشەیان لەگەڵ کوردستانێکی خاوەن چوار پارێزگا نییە، هەڵبەت ئەگەر کەرکووکی لەگەڵ نەبێ، چونکە "کورد دوژمنی ئێمە نین. دواجار ئەوانیش عێراقین، وەک خۆمان".

لە دوای کەوتنی کەرکووک لە 2017، باڵانسی هێز لەو شارە بۆ لای عەرەبەکان گۆڕا. بەگوێرەی داتاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە کاتی گەڕانەوەی سوپای عێراقدا زیاتر لە 100 هەزار کەس لە دانیشتووانی شارەکانی کەرکووک، مەخموور و دوزخورماتوو ئاوارە بوون، ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکە هەتا ئێستاش نەگەڕاونەتەوە.

حەربیە دەڵێت یەکێک لە ئەولەویەتەکانیان چاککردنی پەیوەندیی نێوان سوپا و خەڵکە: "قەومیەت لە کەرکووک زۆرن و ئێمە بە یەک چاو سەیری هەموویان دەکەین". دانیشتوویەکی کەرکووک کە لە دایک و باوکێکی عەرەب و تورکمانە بەناوی ئەحمەد، دەڵێ: "پێشتر زۆر هێزی کوردی لێرە هەبوون کە زۆر خراپ مامەڵەیان لەگەڵ عەرەب و تورکمان دەکرد".

بەڵام لەناو کورد و تورکمانەکاندا بۆچوونێکی جیاواز هەیە. ڕیاز ساری کەهیە، سەرۆکی حیزبی تورکمان ئیلی، بە ماڵپەڕەکە دەڵێ مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، چونکە "هەر ئێستا زۆر پۆستی ئیداری لەلایەن عەرەبەکانەوە گیراوە، پەراوێزخستن دەستیپێکردووەتەوە. لە کاتێکدا تورکمان هەتا ئێستاش وەک پێویست نوێنەریان لە ئیدارەی پارێزگاکەدا نییە".

هەفتەی ڕابردوو دوو ساڵ بەسەر گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستاندا تێپەڕی، کە تێیدا 72%ی خەڵکی کوردستان و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بەشداریی دەنگدانیان کرد و لەو ڕێژەیەش 92.7% بە بەڵێ دەنگیان بۆ جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق دا.

> **فەرماندەیەکی سوپای عێراق لە کەرکووک**
> ئەگەر ئەستێرە بە ڕۆژی ڕووناک دەربکەون، پێشمەرگە ناگەڕێتەوە کەرکووک

ژەنەراڵ ئەبوبەکر ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی زانیارییەکان لە وەزارەتی پێشمەرگە، پێیوایە گشتپرسییەکە "زۆر سەرکەوتوو" بوو، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "هۆکاری شکستی گشتپرسییەکە دەنگی خەڵک نەبوو، بەڵکو هۆکارەکەی ئەجێندای وڵاتانی دراوسێ بوو. ئەو دەنگانە وەک چەکێک بەدەستمانەوە دەمێننەوە و هەموو کاتێک دەتوانین سوودی لێ وەربگرین".

شنگال ناوچەیەکی دیکەی کێشە لەسەرە کە لە دوای هێرشەکانی ئۆکتۆبەرەوە لە دەست هێزی پێشمەرگە دەرهێنرا. ناوچەکە لە دوای ڕزگارکردنی لە دەست چەکدارانی داعش لە 2015 پرۆژەیەکی ئەوتۆی ئاوەدانکردنەوەی بەخۆوە نەبینیوە. گروپی چەکداری جیاجیاش لەو ناوچەیە جێگیرن کە ئەجێندای جیاواز جێبەجێ دەکەن. ئەو فاکتەرانە لە پاڵ نەبوونی هەلی کار و ترسی گەڕانەوەی داعش، ڕێگرن لەوەی ئاوارەکانی ئەو ناوچەیە بگەڕێنەوە.

حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزەکانی ئێزیدخان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیدارەی جیاواز لە ناوچەکە هەن، نموونەی ئەوەش ئەو قایمقامەیە کە بەغدا دایناوە، لەگەڵ قایمقامێکی دیکە کە لە دەرەوەی ناوچەکە نیشتەجێیە.

شەشۆ لەوبارەیەوە بە (نیو هیومانیتاریان) دەڵێ: "لە هەلومەرجێکی وەهادا ناکرێ خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێ، بێ خزمەتگوزاریش خەڵک ناتوانن بگەڕێنەوە. زۆر هێزی ئەمنی لە ناوچەکە چالاکن، کە هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا نییە و هەرکامیان بازگەی خۆی داناوە، ئەوەش وا لە خەڵک دەکات نەوێرن بگەڕێنەوە".

نەبوونی هاوئاهەنگی لەنێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان بۆشاییەکی ئەمنیی گەورەی لەو ناوچانە دروستکردووە کە دەکەوێتە نێوان ئەو دوو هێزەوە، دەکرێ داعش ئەو بۆشاییە بۆ خۆڕێکخستنەوە و هێرشی هاوشێوەی شەش هێرشەکەی مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ بەکاربهێنێ.

شێخ جەعفەر کە کەرکووک بە کوردستانێکی داگیرکراو ناودەبات، هۆکاری ئەو هێرشانە بۆ شکستی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی بەغدا دەگێڕێتەوە کە نەیانتوانیوە ڕێگە لە چالاکی و جموجۆڵی شانەکانی داعش بگرن.

## هەوڵەکان بۆ پەڕوباڵکردنی حەشد دەستیپێکردووە

# ململانێی عەبدولمەهدی و حەشدی شەعبی توندتر دەبێ

**ڕووداو- هەولێر**

لە دوای هێرشەکانی ئایار بۆ سەر سعودیە و گرژبوونی دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، حکومەتی بەغدا بەنیازە پەڕوباڵی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بکات، لە کاتێکدا ئێران دەیەوێ هەمان هێز بۆ زیادکردنی گوشارەکانی لە دژی ئەمریکا بەکاربهێنێ.

ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراقی و کاربەدەستی ڕۆژئاوایی بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە کە بەرپرسانی عێراقی هەستیان بە شەرمەزاری کرد کاتێک بە گوێیان گەیشتەوە هێرشەکانی 14ی ئایاری ئەمساڵ بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعودییە لە عێراقەوە کراون نەک لە یەمەنەوە، هەرچەندە حووسییەکانی یەمەن پێشتر بەرپرسیارێتیی هێرشەکانیان گرتبووە ئەستۆ.

پەرلەمانتارێکی عێراقی، بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوی، بە (واشنتن پۆست) دەڵێ: "سەرۆکوەزیران زۆر تووڕە بوو". بە گوتەی چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار، دواتر کۆبوونەوەیەکی گرژ لە نێوان عەبدولمەهدی و فالح فەیاز، سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی بەڕێوەچووە کە تێیدا سەرۆکوەزیران داوای لە فەیاز کردبوو "با ئەوە خەمی تۆ بێ".

ڕۆژێک دوای هێرشەکانی 14ی ئەیلوول بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئارامکۆ لە ڕۆژهەڵاتی سعودیە، بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی ڕایگەیاند ئەگەری زۆرە هێرشەکان لە ئێران یان عێراقەوە کرابن. حکومەتی عێراق هەر زوو ڕەتیکردەوە خاکی وڵاتەکەی بۆ هێرشی سەر ئارامکۆ بەکارهێنرابێ و بەڵێنی دا سزای هەر لایەنێک بدات کە خاکی عێراق بۆ هێرشی سەر دراوسێکانی بەکاربهێنێ.

پەرلەمانتارێکی عێراقی بە ڕاپۆرتەکە دەڵێ: "سەرنجی ئەو متمانەبەخۆبوونە بدە. سەرۆکوەزیران یەکسەر بەیاننامەیەکی دەرکرد و ڕەتیکردەوە هێرشەکە لە عێراقەوە بووبێ. ئەوەش پێچەوانەی هێرشەکەی یەکەمیان (لە ئایار) بوو کە تێیدا تووشی شەرمەزاری بوو. ئەمجارەیان تەواو دڵنیا بوو لەوەی هێرشەکان لە خاکی عێراقەوە نەکراون".


سەرەتای هەفتەی ڕابردوو، پۆستەکەی ئەبومەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی حەشد، لە هەیکەلی دەستەکە لادرا.

حکومەتی عێراق نیگەرانە لەوەی ئەگەر خاکی وڵاتەکەی بۆ هێرشی سەر دراوسێکان بەکاربهێنرێ، ئەوە نەک هەر شەڕێکی ناوچەیی هەڵدەگیرسێ، بەڵکو عێراق خۆی دەبێ بە مەیدانی شەڕەکە. عادل عەبدولمەهدی کە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا پشتێکی بەهێزی نییە، لە تەمووزی ئەمساڵ فەرمانی تێکەڵکردنی هێزەکانی حەشدی لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت دەرکرد. بڕیار بوو فەرمانەکە هەتا کۆتایی تەمووز جێبەجێ بکرێ، بەڵام ماوەکەی درێژکراوەتەوە.

بەرپرسێکی عێراقی بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "حەشد بۆمبێکی میقاتکراوە، پێویستە سەرۆکوەزیران دابەزێتە سەریان، بەڵام ئەو ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ ئەوە بکات. شتەکان بەستراونەتەوە بەوەی فەیاز چۆن کۆنترۆڵیان دەکات".

سەرەتای هەفتەی ڕابردوو، پۆستەکەی ئەبومەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی حەشد، لە هەیکەلی دەستەکە لادرا. ئەو گۆڕانکارییە لە چوارچێوەی پرۆپۆزاڵێکی فەیازدا کراوە. لە هەیکەلە نوێیەکەی حەشددا موهەندیس سەرۆکی ئەرکانی حەشدە و یەکێک لە ئەرکەکانی هاوئاهەنگییە لە نێوان گروپە جیاجیاکانی حەشد.

ڕۆژی 23ی ئەیلوول، واتە دوو ڕۆژ دوای گۆڕینی پۆستەکەی موهەندیس، دوو ڕۆکێت لە نزیک باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کەوتن. سەرچاوەیەکی نزیک لە هەواڵگریی عێراق بە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)ی ڕاگەیاندووە کە ئەوان دەزانن کێ لە پشت هێرشەکانەوە بووە، سەرچاوەکە دەڵێت ئەوە کاری گروپێکی ناو حەشدە کە بە لادانی موهەندیس لە پۆستە کۆنەکەی دڵخۆش نین.

موهەندیس خۆیشی بەو گۆڕانکارییە دڵخۆش نییە، بۆیە لە ڕۆژی هێرشەکانی سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا گوتی: "من پشتگیری لە چاکسازیی حەشد دەکەم، بەڵام داوام ئەوەیە دادپەروەر بن لەگەڵ هەموو ئەوانەی شەڕی تیرۆریزمیان کرد و شوێن فەرمان و ڕێنمایی ئەمریکا نەکەون".

موهەندیس بە کەسێکی نزیک لە سوپای پاسداران و بە تایبەتی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودس دادەنرێ، بەڵام ئێران هەڵوێستی لەبارەی لادانی موهەندیس دەرنەبڕیوە. موقتەدا سەدر بەبۆنەی تاسووعا و عاشووورای ئەمساڵ لە ئێران بوو، لە وێنەیەکیشدا لە نێوان ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ڕابەری ئێران و قاسم سولەیمانیدا دەرکەوت.

بەڵام سەرچاوەی نزیک لە ڕەوتی سەدر بۆ (ئەلمۆنیتەر) ی ئاشکرا کردووە کە یەکێ لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەجێندای گەشتەکەی سەدر لە ئێران "کۆنترۆڵکردنی موهەندیس" بووە، بۆ ئەوەی دەست لە کاروباری حکومەتی عێراق وەرنەدات. سەدر پێشتریش دژی لێدوانەکانی حەشدی شەعبی بۆ دامەزراندنی هێزی ئاسمانی هەڵوێستی وەرگرتبوو، ئەو هەنگاوەی بە کۆتایی دەوڵەتی عێراق ناوبرد.





## سێیەکی کارگەکانی وەزارەتی پیشەسازیی عێراق وەستاون

**ڕووداو- هەولێر**

دەزگای ئاماری عێراق ئاماری ساڵی 2018ی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند ژمارەی کۆمپانیاکانی سەر بە وەزارەتی پیشەسازیی و کانزاکان لە کەرتی گشتی و تێکەڵدا گەیشتە 44 کۆمپانیا، لەکاتێکدا ژمارەی کارگەکانی سەر بە وەزارەتی پیشەسازیی گەیشتە 252 کارگە، کە 38.5% یان وەستاون و کارناکەن". دەزگای ئاماری عێراق دەشڵێ "ژمارەی ئەو کارگانەی کە ئاوی خواردنەوە بەکاردەهێنن وەک سەرچاوەی سەرەکی ئاوی بەکارهاتوو لە پرۆسەکانی پیشەسازیی زیاترە لە یەک لە سێی کارگەکان، هاوکات تۆڕی ئاوەڕۆ لە لایەن زۆربەی کارگەکانەوە بەکاردەهێندرێ، ئەمەش قورسایی لەسەر ئاوی خواردنەوە و تۆڕی ئاوەڕۆ دروستکردووە".

## لە ماوەی سێ مانگدا نرخی بلۆک 30% بەرزبووەتەوە

# کارگەکانی بلۆک لە هەولێر بەگەڕدەکەونەوە



له هەرێمی کوردستان 621 کارگەی بەرهەمهێنانی بلۆک مۆڵەتیان وەرگرتووە (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی باشبوونی باری ئابووری هەرێمی کوردستان و هەڵپەساردنی بڕیاری ڕێگرتن لە دابەشکردنی زەوی و خانوو بۆ دووبەش، هەروەها جووڵەی بیناسازی و نۆژەنکردنەوە لە مووسڵ، خواست لەسەر بلۆک بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بووە، بەو هۆیەوە لە ماوەی سێ مانگدا نرخی بلۆک 30% بەرزبووەتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لە هەرێمی کوردستان 621 کارگەی بەرهەمهێنانی بلۆک مۆڵەتیان وەرگرتووە (310 کارگە لە هەولێر، 357 کارگە لە سلێمانی و 57 کارگە لە دهۆک)، بەشێک لەو کارگانە دروستکراون و بەرهەمیان هەیە، بەشێکیشیان لە قۆناغی دروستکردندان. وزەی بەرهەمهێنانی ساڵانەی کارگە مۆڵەتدارەکان دەگاتە نزیکەی 910 ملیۆن بلۆک.

لەدوای ساڵی 2014 و بەهۆی قەیرانی داراییەوە، دروستکردنی خانوو و باڵەخانە کزبوو، بەو هۆیەوە فرۆشی کەرەستەکانی بیناسازیش ڕووی لە کەمی کرد، ئەمەش داخستنی ژمارەیەک کارگەی بلۆکی بەدوادا هات، بەڵام ئێستا خواست لەسەر کەرەستەی بیناسازی زیادی کردووە، بەو هۆیەوە زۆربەی کارگە داخراوەکان جارێکی دیکە بەگەڕکەوتوونەتەوە.

تا سێ مانگ لەمەوبەر کارگەی سروود ڕۆژانە 1200 بلۆکی بەرهەمدەهێنا و هێشتاش بۆی ساغ نەدەبووەوە، بەڵام بە گوتەی خاوەنەکەی، ئێستا بەرهەمهێنانی دە هێندەی جاران زیادی کردووە و ڕۆژانە 12 هەزار بلۆک بەرهەم دەهێنێ و یەک بلۆکیشی لە کارگەکەدا نامێنێتەوە.

فەرهاد عەلی ئیبراهیم، خاوەنی کارگەی بلۆکی سروود، بە (ڕووداو)ی گوت: "تا چەند مانگێگ بەر لە ئێستا مانگانە تەنیا 7 تا 10 ڕۆژ بەیەک شیفت کارمان دەکرد، کۆی ڕۆژەکانی کارکردنمان بەتێکڕا نەدەگەیشتە 10%ی توانای کارگەکە. نرخی 1000 بلۆکیش تەنیا 270 هەزار دینار بوو، بەڵام ئێستا بە 100%ی توانای کارگەکە کار دەکەین، بەپێی خواستی بازاڕ ڕۆژانە 12 هەزار بلۆک دروست دەکەین و نرخی 1000 بلۆکیش نزیکەی 100 هەزار بەرزبووەتەوە".

کارگەکەی فەرهاد بەپێی خواستی بازاڕ 5 جۆر بلۆک بە قەبارەی جیاواز بەرهەم دێنێت، بەشی زۆری بەرهەمەکەشی لە هەولێر دەفرۆشێت.

فەرهاد دەڵێت: "لە مووسڵ خواستێکی باش لەسەر بلۆکی هەولێر هەیە، بەڵام بەهۆی دانانی قەپان لە بازگەی هەولێر کە ڕێگە بە بارهەڵگرەکان نادەن زیاتر لە 600 بلۆک بار بکەن، تێچووی گواستنەوە زۆر دەکەوێت و کارگەکانی ناو هەولێر ناتوانن بلۆک بۆ مووسڵ بنێرن، بەڵام بەشی زۆری بەرهەمی کارگەکانی کەڵەک بۆ مووسڵ دەچێت".

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر بلۆک هەیە، لە سێ مانگی ڕابردوودا 100 هەزار دینار چووەتە سەر نرخی هەر 1000 بلۆکێک، کە 60 هەزار دیناری لە ماوەی 10 ڕۆژی ڕابردوودا بووە. بەمەش نرخی بلۆک لەو ماوەیە 30% زیاد بووە.

فەرهاد عەلی باسی هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی بلۆک دەکات و دەڵێت بەشێکی بۆ خواستی بازاڕ و بەشێکیشی بۆ زیادبوونی نرخی قوم و چەو و چیمەنتۆ دەگەڕێتەوە کە ئێستا بەشێوەیەکی فراوان بۆ مووسڵ دەچێت و لەناوخۆش پرۆژەکان کەوتوونەتەوە کار، بۆ نموونە پێشتر مەترێک لم (قوم) بە 5 هەزار دینار بوو، ئێستا بە 11 هەزار دینارە، گەڵابێکی چەو بە 25 هەزار بوو ئێستا بە نزیکەی 100 هەزار دینارە.

لە سنووری پارێزگای هەولێر، مۆڵەت بە دروستکردنی 310 کارگەی بلۆک دراوە، بەڵام بەهۆکاری جیاواز تەنیا 150 کارگەیان بە تەواوی دامەزراون و بەرهەمیان هەیە.

تەیب کەژۆ عەلی، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی لە هەولێر، دەڵێت: "پێشتر بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمیی خواست 70%ی کارگەکانی بلۆک داخرابوون، ئەوانەشی لەکاردابوون بە وزەی زۆر کەم کاریان دەکرد، بەڵام بەهۆی باشبوونی باری ئابووریی خەڵک و دەستپێکردنەوەی پرۆژەکانی کەرتی تایبەت و حکومەت، 90%ی کارگەکانی هەولێر بەکارکەوتوونەتەوە و بە وزەی باش کاردەکەن و فرۆشیشیان باشە".

سەبارەت بە هۆکاری زیادبوونی نرخی بلۆکیش، تەیب کەژۆ دەڵێت: "ئەوە زیاتر پەیوەندی بە گرانبوونی نرخی چەو و لم و چیمەنتۆوە هەیە، کە بەهۆی دەستپێکردنی هەندێ پرۆژەی ستراتیژی و هەناردەکردنیان بۆ مووسڵ خواست لەسەریان زیاد بووە".

ئەو جموجۆڵەی لە فرۆشی کارگەکانی بلۆک دروست بووە، هێشتا وەک پێویست کارگەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی نەگرتووەتەوە.

محەممەد جەبار، بەڕێوەبەری گەشەپێدانی پیشەسازی لە سلێمانی، دەڵێت: "لەکۆی 257 کارگەی مۆڵەتدراو لە سلێمانی، تەنیا 84 کارگەیان بەتەواوی دامەزراون، بەڵام خەڵکی سلێمانی ئێستا بۆ دروستکردنی خانوو، زیاتر خشت بەکار دەهێنن، بۆیە بەهۆی کەمیی خواست لەسەر بلۆک وەک پێویست کارگەکانی نزیک سلێمانی بەکارنەکەوتوونەتەوە، بەڵام بەهۆی هەرزانیی نرخی چەو و لم لە سنووری ڕانیە، جموجۆڵێکی باش لە کارگەکانی بلۆک هەیە، بەرهەمیان بۆ سلێمانی و تا نزیک هەولێریش دەچێت".

محەممەد جەبار، گوتیشی: "کارگەکانی کەلاریش کاریان باشە، ئەویش بەهۆی هەناردەکردنی بلۆک بۆ خانەقین و جەلەولا و دیالە".

سەرەڕای زیادبوونی فرۆش و بەرزبوونەوەی نرخی بلۆک، بەڵام هێشتا کارگەکانی بلۆک بێ گرفت نین. فەرهاد عەلی، دەڵێت: "حکومەت و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی 17 جۆر پارەمان بەناوی جیا لێ وەردەگرن، بەڵام هیچ پاڵپشتییەکمان نییە، بۆ نموونە بۆ یەک کیلۆ وات کارەبا 130 دینارمان لێوەردەگرن، بۆیە داواکارین هەر هیچ نەبێ نرخی کارەبا کەم بکەنەوە و وەک پێشتر گازوایلمان بە نرخی پاڵپشت بۆ دابین بکەن، نووسراومان بۆ بکەن تاوەکو بتوانین لە کارگەکانی چیمەنتۆ بە نرخی کۆ چیمەنتۆ بکڕین، چونکە لەبەر بازرگانان بە ئێمەی نافرۆشن".

فەتحی مودەڕیس، گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "بۆ کەمکردنەوەی نرخی کرێی کارەبا بۆ کارگەکان چەندین نووسراومان بۆ لایەنی پەیوەندیدار کردووە، بەڵام ڕازی نین کرێیەکە کەم بکەنەوە، بۆ کڕینەوەی چیمەنتۆش لە کارگەکانی ناوخۆ، تاوەکو ئێستا داواکاری وامان لە کارگەکانی بلۆک پێ نەگەیشتووە، ئەگەر داواکاری پێشکەش بکەن، ئێمە لەگەڵ کارگەکان گفتوگۆدەکەین تا بەگوێرەی پێویست چیمەنتۆیان بە نرخی کۆ پێ بفرۆشن".

## شارەزایەکی بواری هاتۆچۆ:

# زیانی ساڵانەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە کوردستان 20 ملیۆن دۆلارە



لە سێ ساڵ و نیوی ڕابردوودا زیاتر لە 15 هەزار ڕووداوی هاتوچۆ لە کوردستان ڕوویانداوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

شارەزایەکی بواری هاتوچۆ دەڵێت زیانی ئابووریی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان ساڵانە لە 20 ملیۆن دۆلار تێپەڕ دەکات. بەڕێوەبەری گشتیی هاتوچۆی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت پلانیان هەیە بۆ کەمکردنەوەی زیانە گیانی و ماددییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ.

بەپێی ئامارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، لە سێ ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا زیاتر لە 15 هەزار ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویانداوە (7،846 ڕووداو لە دەرەوەی شار و 7،206 ڕووداویش لە ناوشار).

زیانە گیانییەکانی ئەو ڕووداوانە مردنی 2،419 کەس و بریندابوونی 26،141 کەس بووە. زیانە ماددییەکانیشی تێکچوون و لێدرانی زیاتر لە 35 هەزار ئۆتۆمبێل بووە.

مەریوان عەزیز، ڕاهێنەری پێشکەوتوو و جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی هێڵی سوور بۆ هۆشیاریی هاتوچۆ پێیوایە ڕووداوەکانی هاتوچۆ زۆر لەوە پترن، چونکە هەموو ڕووداوەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی پارێزگاکان تۆمار ناکرێن. ئەویش بەهۆی نەبوونی کۆمپانیای دڵنیایی لە کوردستان.

مەریوان عەزیز دەڵێت بەهۆی جەنجاڵیی شەقامەکان زۆرترین ڕووداوی هاتوچۆ لەنێو شارەکان ڕوودەدەن، بەڵام بەهۆی خێرایی کەمی لێخورین زیانی گیانی و ماددیی پێکدادانەکان بە بەراورد بە ڕووداوەکانی دەرەوە کەمترە، بۆیە زۆرجار ئەگەر مردن و بریندارببوونی توندی لێ نەکەوێتەوە، شوفێران لەنێوان خۆیان لەسەر قەرەبووی زیانەکان ڕێکدەکەون و پۆلیسی هاتوچۆ ئاگادار ناکەنەوە، بۆیە لە ئاماری پۆلیسدا تۆمار ناکرێن".

بەپێی هێڵکاری و لێکۆڵینەوەی ئەفسەرانی هاتوچۆ بۆ هۆکاری ڕووداوەکان دەرکەوتووە 59%ی ڕووداوەکان بەهۆی خێرایی لێخورین، 8.3% بەهۆی ناتوندوتۆڵیی ئۆتۆمبێلەکان و 32.7%یش بەهۆی کەمتەرخەمی و پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و خراپیی ڕێگاکانەوەیە.

مەریوان عەزیز دەڵێت بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکان پێویستە هاتوچۆی گشتی گەشەی پێبدرێت و سنوورێک بۆ هاوردنی ئۆتۆمبێل دابنرێت، ڕێگا سەرەکییەکانیش بکرێن بە دوو ئاراستە کە ئێستا تەنیا 11%ی ڕێگاکان دوو ئاراستەن.

بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و دەرخستنی قەبارەی زیانە گیانی و ماددییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان، دەستەی ئامار ساڵانە ڕاپۆرت لەسەر هۆکار، شێواز، شوێن، کات و ژمارەی ڕووداو و قوربانییەکان ئامادە دەکات، بەڵام ڕاپۆتەکانی ئەم دەستەیە، ئاماری ڕووداوەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین و پارێزگای هەڵەبجە و قەزای سۆرانی تێدا نییە.

بەپێی داتاکانی دەستەی ئامار، لە سێ ساڵی ڕابردوودا تەنیا لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و گەرمیان 12،474 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویانداوە. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 1،784 ڕووداو.

ڕاپۆتەکەی دەستەی ئامار داتای وردی لەسەر شێواز و کاتی ڕووداوەکان خستووەتەڕوو، بەجۆرێک لە ماوەی سێ ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا 8،941 ڕووداوی پێکدادان، 2،648 ڕووداوی وەرگەڕان، 2،390 ڕووداوی بەرکەوتن بە مرۆڤ و 520 ڕووداویش بە هۆکاری دیکە ڕوویانداوە.

بەپێی داتاکان 61%ی ڕووداوەکان لەکاتی ڕۆژ و 31.7%ی ڕووداوەکانیش لەکاتی شەو و 7.3 ڕووداوەکانیش لە کاتی ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون ڕوویانداوە. زۆرترین ڕووداوەکانیش لە مانگەکانی تەممووز، ئاب و ئەیلول تۆمارکراون.

تارق زیاد حەمۆ، ڕاهێنەر و سەرپەرشتیاری تیمی کارمەندانی کۆمپانیاکانی PVI بۆ پشکنینی ساڵانەی شیاویی ئۆتۆمبیل، دەڵێ: "بۆ دیاریکردنی قەبارەی زیانە ماددییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، دەبێ ڕووداوەکانی ناوشار و دەرەوەی شار جیابکەینەوە، چونکە ڕووداوەکانی دەرەوەی شار بەهۆی خێرایی لێخورین زیانی زیاترە، دواتریش بەها و جۆری ئۆتۆمبێل و شێوەی پێکدادان دیاری بکەین، چونکە تێچووی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان بەگوێرەی جۆر و نرخی ئۆتۆمبێلەکان و توندی و سووکیی شوێنی بەرکەوتنەکە دەگۆڕێت، زیانە ماددییەکەش دوو جۆرە: بەشێکی بۆ تێچووی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل دەڕوات، بەشێکیشی بۆ دابەزینی بەهای ئۆتۆمبێلەکە دوای پێکدادان".

بە گوتەی تارق، زۆربەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی هاوردە دەکرێن لاشە و پلێتەکانیان زۆر تەنک و بێهێزن، بۆیە لەکاتی پێکداداندا زیانی گەورەیان بەردەکەوێت، تەنانەت هەندێکیان بە کەڵکی چاککردنەوەش نایەن، بۆیە دڵنیام ئەگەر کۆمپانیای دڵنیایی هەبوایە، نزیکەی 15%ی ئەو ئۆتۆمبێلانە ڕێگەیان پێنەدەدرا جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر شەقامەکان".

بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی هاتوچۆ، تارق حەمۆ بەباشی دەزانێ هۆشیاری لێخورین و ناسینەوەی هێماکانی هاتوچۆ زیاتر بکرێن و مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتیش توندتر بکرێن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کە پشتی بە داتای وڵاتانی هەناردەکار بەستووە، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بازرگانانی کوردستان بایی 700 ملیۆن دۆلار یەدەگی ئۆتۆمبێلی بچوک و بارهەڵگریان بە هەموو جۆرەکانی هاوردە کردووە، بەشێکی لە هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و بەشێکیشی هەناردەی عێراق کراوە.

تارق زیاد حەمۆ، دەڵێت: "لەبەر ئەوەی کوردستان پەیڕەوی سیستەمی بازاڕی ئازاد دەکات، بۆیە هەر بازرگانێک ریکلام بۆ باشیی کاڵا یەدەگەکانی دەکات و بەنرخی جیاواز دەیفرۆشێت، ئەمەش تێچووی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی لەکاتی پێکدادان و وەرگەڕان زیاد کردووە".

گوتیشی: "بەهۆی ئەوەی زیاتر لە 60%ی ئۆتۆمبێلەکانی هەرێمی کوردستان لە جۆری تازەن و بەشێکیان بەهایان بەرزە و نرخی پارچە یەدەگەکانیشان بەرزە، بۆیە دەتوانین لەهەر پێکدادانێکی هاتوچۆ بەتێکڕا سەرووی 2000 دۆلار تەنیا بۆ تێچووی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان دیاری بکەین و هەمان بڕیش بۆ دابەزینی بەهای ئۆتۆمبێلەکە دیاری بکەین، بەوپێیە هەر ئۆتۆمبێلێک لەکاتی پێکدادان زیانی 4 هەزار دۆلاری بەردەکەوێت.

مەریوان عەزیز، دەڵێت: "لەکاتی هەر پێکدادانێک بەلایەنی کەمی دوو ئۆتۆمبێل یان زیاتر زیانیان بەردەکەوێ، ئەگەر بە تێکڕایی بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان تەنیا 2 هەزار دۆلار دیاری بکەین و تەنیا ڕووداوە تۆمارکراوەکانی پێکدادان و وەرگەڕان لە سێ ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا وەربگرین کە 11،585 ڕووداو بووە، ئەوا دەتوانین بڵێین هەرێمی کورستان لە سێ ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا تەنیا بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ 23 ملیۆن دۆلار زیانی بەرکەوتووە، ئەگەر کۆی ڕووداوە تۆمار نەکراوەکانیش بە نموونە وەربگرین، ئەوا زیانەکە بۆ نزیکەی 70 ملیۆن دۆلار بەرز دەبێتەوە کە ساڵانە دەکاتە زیاتر لە 20 ملیۆن دولار".

### هاتوچۆ پلانی هەیە

لیوا رزگار عەلی، بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت: "بەداتا و ئامار، سەرجەم ڕووداوەکانی هاتوچۆ و هۆکاری ڕووداوکان و زیانە ماددی و گیانییەکانمان لە کۆبوونەوەیەکی فراوان خستە بەردەم وەزیری نوێی ناوخۆ. ئێستا لە هەوڵی داڕشتنی پلانێکی گشتگیرداین بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکان و زیانە گیانی و ماددییەکان. بەڵام تا داڕشتن و پەسەندکردنی پلانەکە هیچ زانیارییەک لەبارەی ناخەینەڕوو".

پاتریک ئالمان وارد، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای داناگاز بۆ (رووداو):

# زیاتر لە 20 ملیار دۆلار پارەمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاندووەتەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا تەنیا بەهۆی گۆڕینی سووتەمەنیی گازوایل بە گازی سرووشتی لە وێستگەکانی کارەبا، توانیویەتی ساڵانە خەرجییەکانی دابینکردنی کارەبا لە سێ ملیار دۆلارەوە دابەزێنێ بۆ یەک ملیار دۆلار. ئەو کۆمپانیایەی کە گازی سرووشتی وێستگەکانی کارەبا دابین دەکات، کۆمپانیای داناگازە کە ماوەی 10 ساڵە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتییە و پلانی هەیە تاوەکوو 2023 هێندە گاز بەرهەم بهێنێ کە جگە لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ، هەرێمی کوردستان بتوانێ گاز هەناردە بکات. لە پەراوێزی 24 ەمین کۆنگرەی جیهانیی وزە کە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول لە شاری ئەبوزەبی بەڕێوەچوو، (رووداو) هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ د.پاتریک ئالمان وارد، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای داناگاز کردووە.

هەڤپەیڤین: عومەر ئەحمەد
رووداو – ئەبوزەبی


پاتریک ئالمان وارد، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای داناگاز (فۆتۆ: رووداو)

**رووداو: ئێوە لەگەڵ کۆمپانیای هیلال لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی کۆنسێرتیۆمی پێرڵ کار دەکەن. چۆن کار دەکەن و کارەکان چۆن بەڕێوەدەچن؟**

**د.وارد:** ئێمە لەگەڵ کۆمپانیای هیلال دامەزرێنەری کۆنسێرتیۆمی پێرڵین و لە چوارچێوەی پێرڵدا لە کێڵگەی چەمچەماڵ و کۆرمۆر کاردەکەین. لە دوای گرێبەستەکەمان کە لە ساڵی 2007 واژۆمان کرد، لە هەرێمی کوردستان ئامادەین. لە ساڵی 2009 دا بۆ یەکەمجار گازمان بەرهەمهێنا. لەو کاتە بەدواوە بەبێ وچان بەردەوام بووین لە بەرهەمهێنانی گاز. ئێمە ماوەیەک لەمەوبەر ئاهەنگی 10 یەمین ساڵیادی بەرهەمهێنانی گازمان لە کوردستان سازکرد.

**رووداو: ئێوە لە مانگی شوباتدا رێککەوتنێکی گەورەی فرۆشتنی گازتان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆکرد. دەکرێت ئەم رێککەوتنەمان بۆ روون بکەیتەوە؟**

**د.وارد:** ئێمە پابەندین بە پەرەپێدانی سامانەکانی ئێستامان کە لە مانگی 10 و 11 ی ساڵی 2018 وە دەستپێیکرد. بۆ ئەو مەبەستەش رێککەوتنێکی فرۆشتنی گازمان هەیە، واتە ئەو گازە زیادەیەی کە لە پەرەپێدانی پرۆژەکانمان بەرهەمی دەهێنین و نزیکەی رۆژانە 100 ملیۆن پێ سێجایە. ئێستا ئێمە بەرەو پەرەپێدانی زیاتری کێڵگەکانمان دەڕۆین. سەرقاڵی دامەزراندنی دوو وێستگەی نوێین کە هەریەکەیان توانای ئامادەکردنی 250 ملیۆن پێ سێجا گازی سرووشتی هەیە. ئەوەی کە تا ئێستا کردوومانە لە مانگی شوباتی ئەمساڵ گرێبەستێکی نوێی فرۆشتنی گازە بۆ بڕی 250 ملیۆن پێ سێجا گازی زیادەی دیکە. هیوادارین وەک ئەنجامێکی پەرەپێدانی ئێستای کێڵگەکانمان، لە سەرەتای ساڵی 2020 بتوانین ئەو گازە بەرهەمبهێنین. کەواتە ئەوە ئامانجی سەرەکی رێککەوتنی فرۆشتنی گازی نوێمانە. هەڵبەت ئەو 100 ملیۆن پێ سێجا گازەی رۆژانە کە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا بەرهەممان هێناوە، بۆ بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی کارەبا بەکارهاتووە.

**رووداو: هەموو ئەو گازەی بەرهەم هاتووە لە کێڵگەی چەمچەماڵە، یان کێڵگەکانی دیکەتان کارا کردووە؟**

**د.وارد:** هەموو ئەو گازەی ئێستا لە کێڵگەی خۆرمۆر بەرهەمدێت. ئەو پلانەی کە هەمانە بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان بە قەبارەی 500 ملیۆن پێ سێجا گازی سرووشتییە. ئەوەش هەر لە کێڵگەی کۆرمۆرەوە دەبێت. ئەمە ئەو ئاماژەیەت پێدەدات کە وێستگەکەی یەکەممان لەگەڵ ئەو دوو وێستگەیەی نوێ کە دایدەمەزرێنین، نزیکەی یەک ملیار پێ سێجا گازمان دەداتێ. ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ قەبارە و گەورەیی کێڵگەی کۆرمۆر. کەواتە ئەو پەرەپێدانەی ئێستا لە کێڵگەی کۆرمۆر هێمایەکە بۆ ئەوەی کە چەندە توانای بەرهەمهێنانی گازی زیاتری هەیە. لەم کاتەی ئێستا پەرە بە کێڵگەی چەمچەماڵ نادەین. ساڵی رابردوو بیرێکی تاقیکردنەوەمان لە کێڵگەی چەمچەماڵ هەڵکۆڵی کە زۆر سەرکەوتوو بوو، ئەنجامی تاقیکردنەوەی بیری ژمارەی سێ لە کێڵگەی چەمچەماڵ ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرچاوەیەکی زەبەلاحی گاز لەوێ

> **ئەو بڕە گازەی رێککەوتنی فرۆشتنمان واژۆ کردووە، بەشی هەموو کارەبای هەرێمی کوردستان دەکات**

> **توانای بەرهەمهێنانی کێڵگەی کۆرمۆر بۆ 900 ملیۆن پێ سێجا بەرز دەکەینەوە**

هەیە. ئێستا ئێمە لە قۆناغی وتووێژداین لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ پەرەپێدانی ئەو سەرچاوانە بۆ ئەوەی لەو ناوچەیەش دەست بە بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی بکەین.

**رووداو: پێتوایە کێڵگەی چەمچەماڵ لەڕووی قەبارەی یەدەگ و سامانەوە دەکرێت بەراورد بکرێت بە کێڵگەی کۆرمۆر؟**

**د.وارد:** لە کاتی پەرەپێدانی کێڵگەی چەمچەماڵ هەندێ نادڵنیایی هەبوو. بەڵام هەڵکۆڵینی بیری ژمارە 3ی ئەزموونی لە چەمچەماڵ ئەوەی بۆ سەلماندین کە سەرچاوەی گازی سرووشتی لە چەمچەماڵ هەیە، لەگەڵ قەبارەیەکی زۆر لە گازی شلی کۆندێنسەیت. هەروەها بۆمان دەرکەوت کە سەرچاوەکە توانای بەرهەمهێنانی هەیە. قەبارەی بەرهەمهێنانیش لە کاتی تاقیکردنەوەدا زۆر باش بووە.

**رووداو: کەواتە ئاسۆی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی تاوەکوو ساڵی 2022 چۆن دەبینی؟**

**د.وارد:** بەوچەشنەی کە باسمان کرد ئێمە پلانێکی جدیمان هەیە. ئێستا لە قۆناغی دەستەبەرکردنی سەرمایەین بۆ ئەو دامەزراوە نوێیانە. پلانەکەش بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی گازە لە رۆژانە 400 ملیۆن پێ سێجای ئێستاوە بۆ رۆژانە 900 ملیۆن پێ سێجا لە ساڵی 2023، لەسەرووی ئەوەش ئێمە لە قۆناغی دانوستاندنداین بۆ پەرەپێدانی سەرەتایی کێڵگەی چەمچەماڵ کە دەتوانێت بە رۆژانە 80 تاوەکوو 100 ملیۆن پێ سێجا گاز دەستپێبکات.

**رووداو: ئەم بڕە گازە بەشی دابینکردنی هەموو پێداویستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان دەکات؟**

**د.وارد:** ئەو 250 ملیۆن پێ سێجا گازەی کە ئێمە رێککەوتنی فرۆشتنمان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ واژۆ کردووە، قەبارەی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لە هەرێمی کوردستان بەرز دەکاتەوە بۆ رۆژانە 650 ملیۆن پێ سێجا. ئەوەش بەشی دابینکردنی کارەبای هەموو هەرێمی کوردستان دەکات. ئێستا دامەزراوەکەی دیکە کە 250 ملیۆن پێ سێجا گازی سروشتی بەرهەمدەهێنێ، پێرڵ مافی ئەوەی هەیە بازاڕی بۆ بدۆزێتەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ. بۆیە بەدوای بازاڕی گونجاو بۆ ئەو گازە زیادەیەدا دەگەڕێین، بەڵام یەکێک لەو بژارانە ئەوەیە کە هەر لە خزمەت هەرێمی کوردستاندا بێت ئەگەر خواست بۆ بەکارهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان زیاد بکات. تێگەیشتنی ئێمە ئەوەیە هەرچەندە ئێستا هێندە وێستگەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان هەیە کە بڕی رۆژانە 900 ملیۆن پێ سێجا گازی سرووشتی وەربگرێت و بیکاتە کارەبا، بەڵام پێشبینی دەکەین ئەوەندە خواست بۆ بەکارهێنانی کارەبا نەبێت لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کەڵک لەو هەمووە گازە وەربگیردرێت. کەواتە ئەگەر ئێمە ئەو 250 ملیۆن پێ سێجا زیادەیە لە هەرێمی کوردستان لە خزمەت بەرهەمهێنانی کارەبا دابنێین، ئەوا ئەو کارەبایە رەنگە بکرێ هەناردەی حکومەتی فیدراڵی بکرێت. ئێمە دەزانین کە حکومەتی فیدراڵی کێشەی کەمیی کارەبای هەیە. ئەوەش لە بەرژەوەندیی هەردوولایەن دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بۆمان دەرکەوتووە پیشەسازییەکانی وەک ئاسن و چیمەنتۆ لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان تواناییان هەیە رۆژانە 100 ملیۆن پێ سێجا گاز وەربگرن و وەک سووتەمەنی بەکاری بهێنن. لەبەر ئەوە خواستی ناوخۆ لە کوردستان بۆ بەکارهێنانی گازی سرووشتی بەهێزە.

**رووداو: ئێوە بیرتان لە هەناردەکردنی گاز کردووەتەوە. تۆ باست لە ئەگەری هەناردەکردنی بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق و توانای بەرهەمهێنانی زیاتر لە قەبارەی بەکارهێنانی ناوخۆت کرد. چۆن لە هەناردەکردنی گاز دەڕوانن؟**

**د.وارد:** ئێمە بیرمان لە هەناردەکردنی گازی وێستگەی دووەم کردووەتەوە کە توانای

> **دوو وێستگەی نوێ دادەمەزرێنین کە توانای بەرهەمهێنانی 500 ملیۆن پێی سێجا گازیان هەیە**

> **کێڵگەی چەمچەماڵ سەرچاوەیەکی زەبەلاحی گازی هەیە**

بەرهەمهێنانی رۆژانە 250 ملیۆن پێ سێجای هەیە. بەلای ئێمەوە گرنگە ژێرخانی هەناردەکردنی گازی سرووشتی پتەو بکەین لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی بۆ ئێمە گرنگە گاز بۆ تورکیا هەناردە بکرێ. تورکیا خواستێکی زۆری بۆ گازی سرووشتی هەیە. رۆژانە 5 ملیار پێ سێجا گازی پێویستە. بەشێکی زۆری ئەو گازەش لەلایەن رووسیاوە دابین دەکرێت کە بە نرخێکی گران پێیان دەفرۆشرێ. لەبەر ئەوە بەمەبەستی هەمەڕەنگکردنی سەرچاوەکانی خۆیان، ئێمە پێمانوایە تورکەکان دەبێت ئارەزووی وەرگرتنی گازی هەرێمی کوردستانیان هەبێت کە دراوسێیە و بە وڵاتێکی دۆست ئەژمار دەکرێت. لە قۆناغی سەرەتادا توانای دابینکردنی بەشێکی باشی پێداویستییەکانی تورکیامان هەیە بە گاز. سەرچاوەکانی ئێمە زۆر لە تورکیاوە نزیکن و لەسەر وشکاییەوە بەرهەمدێن. ئێمە هەروەها پێمانوایە کە لەڕووی نرخیشەوە دەتوانین رکابەریی وڵاتانی دیکە بکەین بۆ فرۆشتنی گاز بە تورکیا.

**رووداو: پێتوایە دەتوانین هەرزانتر لە رووسیا و ئێران گاز بدەینە تورکیا؟**

**د.وارد:** پێمانباشە رۆژانە 250 ملیۆن پێ سێجا گازی زیادەی خۆمان کە لەسەرووی خواستی ناوخۆی کوردستانە، هەناردە بکەین و پێمانباشە ئەو بژارەیەمان هەبێت کە هەناردەی تورکیای بکەین. بە دڵنیاییەوە هەندێ پرس لە دیوی تورکیا هەن. ئێوە دەبێت بەدوای هاوبەشێکدا بگەڕێن کە ئامرازی وەرگرتنی گازەکەی هەبێت. بەڵام پێمانوایە توانای رکابەریی باشمان هەیە لەڕووی نرخەوە و بە دڵنیاییەوە لەبەر نزیکی و هەروەها لەبەر ئەوەی کە دەکرێت ژێرخانی هەرزانتری بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی هەناردە بکرێت، پێمانوایە زۆر بەهێزین بۆ ئەوەی رکابەری لەگەڵ وڵاتانی دیکە بکەین و وەک سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو سەیر بکرێین بۆ دابینکردنی گاز و هەناردەکردنی بۆ تورکیا.

**رووداو: هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 گرێبەستێکی بۆ هەناردەکردنی گازی سرووشتی بۆ تورکیا هەبوو، پێتوایە هێشتا ئەو رێککەوتنە دەکرێت کاری پێبکرێت؟**

> **وێستگەکانی کارەبا لە کوردستان دەتوانن رۆژانە 900 ملیۆن پێ سێجا گاز بەکاربهێنن**

**د.وارد:** من ناچارم ئەوە بڵێم کە ئەو گرێبەستە نهێنی بوو. لەبەر ئەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی نیم. جگە لەوەی کە لە میدیاکاندا باسی لێوەدەکرێت. بەڵام بەپێی تێگەیشتنی من بنەماکانی ئەو رێککەوتنە لەسەر پەرەپێدانی کێڵگەکانی دیکەی وەک میران و بنەباوی کرا، ئاشکرایە ئەو دوو کێڵگەیە لەلایەن کۆمپانیای دیکەوە بەڕێوەدەبرێت. تەحەددای گەورە لەو کێڵگانە ئەوەیە کە ئەو گازەی لە کێڵگەکاندا هەیە هەڵگری بڕێکی زۆر لە هایدرۆجین سولفایدن. ئەوە بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی پەرەپێدانی ئەو کێڵگانە تێچوویەکی بەرزی هەبێت. لەڕووی تەکنیکیشەوە کارێکی ئەستەمە. هەروەها لەگەڵ ئەو گازەی کە بەرهەمدێت بڕێکی زەبەلاح گۆگردیش هەیە کە لەگەڵ گازەکە بەرهەمدێت. ئێستا کێشەیەک هەیە کە تۆ چی لەو هەموو گۆگردە دەکەیت کە هاوکات لەگەڵ گازەکە بەرهەمدێت. گازەکەی ئێمە بەپێچەوانەوە هەڵگری گۆگردێکی زۆر کەمە. ئێمە پێمانوایە کۆی یەدەگی گازی کۆرمۆر و چەمچەماڵ لە ژێر زەوی نزیکەی 75 ملیار پێ سێجایە، بۆیە کێڵگەکانی ئێمە گونجاوترن بۆ ئەوەی پشتیان پێ ببەسترێت بۆ هەناردەکردن.

**رووداو: راکێشانی بۆڕیی گازی سرووشتی لە ماوەی دوو تاوەکو سێ ساڵی داهاتوودا مومکینە؟**

**د.وارد:** راکێشانی بۆڕی لەڕووی تەکنیکەوە ئەوەندە کارێکی ئەستەم نییە. ئێمە خۆمان داناگاز و کۆمپانیای هیلال 175 کیلۆمەتر بۆڕیمان لە کۆرمۆرەوە بە چەمچەماڵدا راکێشا بۆ وێستگەی کارەبای هەولێر. پیشانماندا وە کە دەتوانین بۆڕی رابکێشین. راستە جوگرافیای ئەستەم هەیە، بەڵام بە گشتی راکێشانی بۆڕی کارێکی سەخت نییە. لە 2017دا ئەو کاتەی کە دووەم رێککەوتنمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کرد، پلانێک هەبوو داوا لە کۆمپانیای رۆسنەفت بکرێت بۆڕییەک رابکێشێت کە بکرێت بە هاوبەشی کاری پێبکرێت. تێگەیشتنی ئێمە ئێستاش هەر ئەوەیە کە رۆسنەفت ژێرخانی بۆڕی گاز رابکێشێت. ئەو بۆڕییە دەکرێت گازی ئێمەش بگوازێتەوە. هەرچەندە ئەمە هەیە، بەڵام پێشکەوتنی زۆرمان لەو رووەوە نەبینیوە.

**رووداو: زۆر کەس و شارەزای تەکنیکی و کەسانی ئەکادیمی دەڵێن گاز چارەسەرێکی باشە بۆ رێگرتن لە پیسبوونی ژینگە؟**

**د.وارد:** من بە تەواوەتی دڵنیام کە گاز

> **بەدوای بازاڕێکی گونجاودا دەگەڕێین بۆ ئەو گازە زیادەیەی هەمانە**

سووتەمەنییەکی باشترە بۆ داهاتوو. بەتایبەتی لە بەرهەمهێنانی کارەبادا. بۆ نموونە ئەگەر هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرین. هەموو ئەو گازەی ئێستا بەرهەمدێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا کەڵکی لێوەردەگیرێت. ئەو گازەش جێی گازوایلی گرتووەتەوە. لە ماوەی 10 ساڵی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لەلایەن کۆمپانیاکەمانەوە، ئێمە بووینەتە هۆکار بۆ ئەوەی 30 ملیۆن تۆن گازی زیانەبخشی $CO_2$ کەمتر بەرهەمبێت. ئەوەش لەڕێگەی گۆڕینی گازوایل بۆ گازی سرووشتی لە وێستگەکانی کارەبا. ئەمە هاوتایە لەگەڵ بەرهەمهێنانی $CO_2$ لەلایەن 5 ملیۆن ئۆتۆمبیلەوە. هەروەها لەو ماوەیەدا زیاتر لە 20 ملیار دۆلار پارەمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاندووەتەوە. ئەوەش تەنیا لەڕێگەی گۆڕینی ئەو گازوایلە گرانەی کە هاوردە دەکرێت بۆ ئەو گازە سرووشتییەی کە لەناوخۆ بەرهەمدێت. بەمە دەردەکەوێت تاچەندە گازی سرووشتی سووتەمەنییەکی باشترە.

**رووداو: سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و پرۆسەی کەمکردنەوەی کاربۆن، بەڕای تۆ حکومەتی هەرێمی کورستان دەبێت چ رێوشوێنێکی دیکە بگرێتەبەر؟**

**د.وارد:** حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بەردەوام بێت لە گۆڕینی سووتەمەنی گازوایل بە سووتەمەنی گاز. ئێمە وەک داناگاز زۆر شانازی بەوە دەکەین کە بەشێکین لەم چارەسەرە. لەگەڵ کردنەوەی وێستگەی دووەمی بەرهەمهێنانی خۆمان، هەموو پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان بەگاز دابین دەکەین بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. بەڵام لەسەرووی ئەمانەشەوە بەبڕوای من ئەو گازەیە کە دەکرێت لە کەرتی گواستنەوەدا بەکاربهێنرێت. ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە دەبینین شۆفێرەکان خەریکی گۆڕینی بەنزینن بە گازی شلکراو. ئەمە دوو قازانجی هەیە، یەکەم زۆر هەرزانترە لە بەنزین. دووەمیش کاریگەری زۆر ئەرێنی و گەورەی لەسەر ژینگە دەبێت. ئاستی دروستکردنی سی ئۆ توو لەڕێگەی سووتاندنی گازی شلکراوەوە نیو هێندەی بەکارهێنانی بەنزینە.

> **لەنرخدا دەتوانین رکابەریی وڵاتانی دیکە بکەین بۆ فرۆشتنی گاز بە تورکیا**

هەروەها کۆمەڵێک گازی زیانبەخشی دیکە هەیە وەک نایترۆجین سۆلفایت، بە بەکارهێنانی گازی شلکراو دروستنابێت.

**رووداو: ئێوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرنامەتان چییە. چیتان کردووە بۆ خەڵکی ئەو ناوچانەی لە کێڵگەکانتانەوە نزیکن و بەگشتی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستانیش؟**

**د.وارد:** ئێمە پێشەنگین لەڕووی بەرنامەی کۆمەڵایەتی و دەستپێشخەری بۆ پەرەپێدانی ئەو ناوچانەی کاریان تێدا دەکەین. دەزانین کە مۆڵەتدان بەوەی کار بکەین هاوتەریبە لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ خەڵکانی نزیک لە کێڵگەکانمان لە نزیکەوە و بە باشی کاربکەین. ئامانجیشمانە ئەو ناوچانە سەقامگیر بن و ئەگەر سەرچاوەکانی ئێمە لەوێ تەواو بوون، بۆ نموونە لە 20 یان 30 یان 40 ساڵی دیکە، بەنیازبووین وەک کۆمپانیا ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەین، خەڵکانێک بە جێبهێڵین کە بەتەواوەتی پێشکەوتوون و ئاستی ژیانیشیان لەسایەی وجودی ئێمە لەو ناوچانە بە تەواوەتی بەرز بووبێتەوە. هەرچەندە هێشتا زووە، بەڵام زۆر بە شانازییەوە دەیڵێم ئێمە چەندین دەسپێشخەریمان هەیە بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ ئەو گوندانەی لە نزیک کێڵگەکەی ئێمەن، هەروەها ژێرخانی گونجاو دادەمەزرێنین وەک رێگەوبان و پشتگیریی خەڵکانی ئەو ناوچەیە لەڕووی تەندروستییەوە، ئەویش لەڕێی دانانی شوێنی چارەسەری پزیشکی و هەروەها بە شێوازێکی چڕیش دەستمان هەیە لە بەرزکردنەوەی کواڵیتی خوێندن لەو ناوچەیە.

**رووداو: ئەی سەبارەت بە دامەزراندن؟ چەندە لە کارمەندانی ئێوە لۆکاڵین و چەندەی بیانین؟**

**د.وارد:** رێژەیەکی بەرزی کارمەندانمان ناوخۆیین. لە قۆناغی یەکەمی پەرەپێدانی پرۆژەکەمان هەلی کارمان بۆ 20 هەزار کەس رەخساند. دوای ئەوەی کە قۆناغی پەرەپێدانیش تەواو بوو، ئەو ژمارەیە هەرچەندە کەمبووەتەوە بۆ 8 هەزار کەس، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆری هەلی کارمان رەخساندووە. هەروەها 95%ی کارمەندانمان خەڵکی هەرێمی کوردستانن.

> **توانای دابینکردنی بەشێکی باشی پێداویستییەکانی تورکیامان هەیە بە گاز**



## کچێک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2019/9/27 کچێکی کورد لە گوندێکی پارێزگای ورمێ، بەهۆی ئەوەی ڕێگری لێکراوە هاوسەرگیری بکات، خۆی دەرمانخوارد کرد و مرد. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندووە "کچە کوردێکی شاری سیلوانای سەر پارێزگای ورمێ بەناوی (پەیدا مەجیدیان) بەهۆی ڕێگریی بنەماڵەکەی لە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کوڕەی خۆشویستووە، کە بەگوتەی کەسە نزیکەکانی دووجار چووەتە خوازبێنی و بنەماڵەکەی ڕازی نەبوون و باوکی لێیداوە، بۆیە لە ڕێگەی خواردنی حەبەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە".

### لەلایەن برایەکی خۆیەوە بەبیانووی "پاراستنی شەرەف" کوژراوە

# لە کەرکووک مەلۆتکەیەک فڕێدەدەن و دایکەکەشی دەکوژن

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

(ع) کاتێک زانیبووی خوشکەکەی دووگیانە لەو کوڕەی پەیوەندی لەگەڵی هەبووە، چاوەڕێی کرد تاوەکو منداڵەکەی بوو. پاشان بە دەمانچەکەی باوکیان خوشکەکەی کوشت و خۆیشی ڕادەستی پۆلیس کرد.

ڕۆژی 2019/9/18، کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی لەیلا فازڵ، دانیشتووی گەڕەکی کۆبانێ لە شاری کەرکووک، لەلایەن برا تەمەن 19 ساڵانەکەیەوە بەناوی (ع.فازڵ) کوژرا.

عەمید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/9/18 بنکەی پۆلیسی دومیز لە کوشتنی کچێکی ١٧ ساڵان ئاگادار کرانەوە. بکوژەکە گەنجێکی تەمەن 19 ساڵانە و برای کچەکەیە. دوای تاوانەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد".

پۆلیس ئیفادەی لە (ع) وەرگرتووە، لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: "خوشکەکەم پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی عەرەب هەبووە و لێی دووگیان بووە، کوڕەکە کاتێک بەمەی زانیوە هەڵاتووە، خێزانەکەم گوتیان تا منداڵەکەی نەبێت نایکوژین، با نەبێتە دوو تاوان، ئەو منداڵە هیچ تاوانێکی نییە، بۆیە نۆ مانگ چاوەڕێمان کرد تاوەکو منداڵەکەی بوو".

لەیلا ڕۆژی 2019/9/13 لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون لە کەرکووک منداڵەکەی بوو. (ع) لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: "دایکم لەگەڵی چووبوو بۆ نەخۆشخانە. ئەو ڕۆژەی منداڵەکەی بوو، یەکسەر هێنایانەوە ماڵەوە و منداڵەکەیان فڕێدا".

(ع) تەنیا پێنج ڕۆژ چاوەڕێی کردبوو. ئەو دەڵێت: "دوای پێنج ڕۆژ بە دایکم و باوکمم گوت، لەیلا دەکوژم. ئەوان هیچیان نەگوت. لەیلا زۆر پاڕایەوە کە نەیکوژم، بەڵام بە دەمانچەکەی باوکم دوو گوللەم لێدا و کوشتم". ئەمە لە ئیفادەی (ع)دا هاتووە بۆ پۆلیس.

عەمید ئەفراسیاو دەڵێت: "دایک و باوکی کچەکەشمان بە تۆمەتی بەشداریکردن لەو تاوانە دەستگیرکردووە. ئەوان دەڵێن کچەکەمان شەرەفی ئێمەی برد، بۆیە براکەی کوشتی".

ڕۆژی 2019/9/13 پۆلیسی کەرکووک لە دۆزینەوەی منداڵێکی تازە لەدایکبوو ئاگادار کرایەوە. دوای بەدواداچوون دەرکەوت ئەوە منداڵەکەی لەیلایە.

عەمید ئەفراسیاو دەڵێت: "لە ڕێگەی کامێرای چاودێرییەوە ئەو کەسەمان دۆزییەوە کە منداڵەکەی فڕێدابوو، دەرکەوت دایکی لەیلایە. هەر ئەو ڕۆژەی دایکی ئەو کچەمان دۆزییەوە، لەلایەن بنکەی پۆلیسی دۆمیز لە کوشتنی لەیلا ئاگادارکراینەوە".

منداڵەکەی لەیلا کە کوڕە، ئێستا لە نەخۆشخانەی لەدایکبوونە. حوسێن سابیر، بەرپرسی ڕاگەیاندنی تەندروستی کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕەوشی تەندروستیی منداڵەکە زۆر باشە".

سەبارەت بە چارەنووسی منداڵەکەش، حوسێن سابیر گوتی: "دادگا بڕیار لە چارەنووسی دەدات. دەدرێتە ژن و پیاوێک کە منداڵیان نەبێ. ئەگەریش کەس منداڵەکەی وەرنەگرت، ڕەوانەی خانەی بێسەرپەرشتان دەکرێت لە بەغدا".

بەپێی زانیارییەکان، لەیلا ماوەی ساڵێک و شەش مانگ پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی عەرەب هەبووە کە خەڵکی دیالەیە و لە کەرکووک کاری کردووە. کوڕەکە دوای ئەوەی زانیویەتی لەیلا دووگیانە، کەرکووکی جێهێشتووە.

ئەحمەد دڵشاد، دراوسێی ماڵی لەیلا دەڵێت: "دەمێک بوو دراوسێکان ئەو کچەیان لە دەرەوە نەبینیبوو. دایکی بە دراوسێکانی گوتبوو کچەکەم نەخۆشە و لەلای پورییەتی، بەڵام دەرکەوت ئەو کچە لەو ماوەیە لە ماڵەوە بەند کراوە". سەبارەت بە هۆکاری کوژرانیشی، ئەحمەد گوتی: "دەڵێن پەیوەندی خۆشەویستی هەبووە و دووگیان بووە، لەسەر ئەوە کوشتوویانە".

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو هەفتە بەسەر کوژرانیدا، تەرمی لەیلا هێشتا لە پەیمانگەی دادپزیشکی کەرکووکە. سەرچاوەیەک لەو پەیمانگایە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێستا تەرمی سێ ئافرەت لە پەیمانگاکەمانن کە یەکێکیان کوردە و دووانەکەی دیکە عەرەبن. کۆنترینیان دوو مانگە لێرەیە. تا ئێستا کەس نەهاتووە داوای ئەو سێ تەرمە بکات".

### 5 ئافرەت بەناوی "شەڕەف"ەوە کوژراون

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک لە مانگی یەکی ئەمساڵ تاوەکو 17/9/2019 لە کەرکووک 25 ئافرەت کوژراون، کە پێنجیا بە پاساوی شەڕەف بووە.
پۆلیس دەڵێت بکوژی هەموو ئەو ژنانەیان دەستگیرکردوون کە بە پاساوی شەڕەفەوە کوژراون و سزاشیان داون.
ئەوانەی بە پاساوی شەڕەف ئافرەت دەکوژن. بەپێی مادده 409 لە یاسای سزای عێراقی دادگایی دەکرێن. کە بە گوێرەی یاساکە نابێت سزاکەیان لە سێ ساڵ بەندکردن پتر بێ.
جوان حەسەن، سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ و کاروباری ئافرەتان و منداڵان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، پێیوایە یاسای شەڕەفپارێزی، هاندەرە بۆ کوشتنی ئافرەتان. جوان حەسەن بە (ڕووداو)ی گوت: داوایان لە پەرلەمانی عێراق کردووە کە ئەو ماددەیە هەموار بکەنەوە، بەڵام پەرلەمان داواکارییەکەی بە هەند وەرنەگرتوون.

# خانمانی خاوەنکار.. خۆڕاگری لەپێناو بەدەستهێنانی ماف و پارە

**ڕووداو- هەولێر**

زیلان بە بزەوە پێشوازی لە میوانانی ڕێستورانتە گەڕۆکەکەی دەکات کە لەسەر بارهەڵگرێک دایناوە. بەڵام بۆ ئەم دەستپێشخەرییە تەنیا پێویستی بە مۆڵەتی حکومەت و پارە نەبووە، بەڵکو دەبوو خێزانەکەشی ڕازی بن.

بەربەستی کۆمەڵایەتی، گوشاری خێزان و کەرتێکی تایبەتی لاواز، بەربەستی بەردەم ئافرەتانن بۆ ئەوەی بێنە ناو هێزی کاری عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام هیچکام لەمانە ڕێگر نەبوون لەبەردەم زیلانی تەمەن 22 ساڵدا کە ماوەی مانگێکە لە هەولێر (زیی بێرگەری) کردووەتەوە.

زیلان بە ئاژانسی (فرانس پرێس) دەڵێ، یەکەم هەنگاو بۆ ئەوەی ئافرەتێک بتوانێ بزنسی خۆی هەبێ، ئەوەیە قەناعەت بە خزم و کەسەکانی بهێنێ کە کۆمەڵگا بە چاوی نزم سەیری بزنسەکە ناکەن. وەک خۆی دەگێڕێتەوە: "دەمبیستەوە خەڵک دەیانگوت: باوک و برای هەیە، چ پێویست دەکات خۆی ڕێستورانتێک هەڵسووڕێنێ. بەڵام کە خۆت بیرۆکەت هەبوو و ویستت پەرە بە خۆت بدەی، نابێ گوێ بدەیتە قسەوباس".

زیلان ڕەزامەندیی خێزانی وەرگرت، دواتریش توانی پشتیوانیی دارایی ئاژانسی پەرەپێدانی ئەڵمانی (GIZ) بەدەستبهێنێ بۆ ئەوەی کەلوپەلی مەتبەخێکی گەڕۆک بکڕێ. خێزانی زیلان نەک هەر ڕەزامەندییان دا، بەڵکو باوکی لە هەڵبژاردنی کەلوپەلی مەتبەخەکەی یاریدەدەری بوو، بەیادی براشی لە دروستکردنی بێرگەرەکاندا یارمەتی دەدات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی هاوبەشی ساڵی ڕابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچبەران (IOM)، جیاوازیی جێندەری لە هێزی کاری هەرێمی کوردستاندا یەکجار زۆرە، بە جۆرێک ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان بۆ کارکردن دەشێ، تەنیا 15%ی هێزی کاری هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن، بەڵام ئەو ڕێژەیە بە نسبەت پیاوانەوە 70%یە.



150 ئافرەت لە سەنتەرەکەی شەونم حوسێن وەرزش دەکەن (فۆتۆ: AFP)

جیاوازییەکە لە کەرتی تایبەتیشدا هەر لە قازانجی پیاوانە. نزیکەی 75%ی ئافرەتانی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لە کەرتی گشتیدا کاردەکەن، لە کاتێکدا تەنیا 44%ی پیاوان فەرمانبەری کەرتی گشتین، ئەوەی دیکە 12%ی لە کەرتی تایبەتن، 21% خاوەن کاری ئازادن، 21%یان کرێکار و وەستای ڕۆژکارن. بەشداریی زۆری ئافرەتان لە کەرتی گشتی هۆکارە بۆ ئەوەی لە کەرتی تایبەت و بازاڕی ئازاد ڕێژەیان کەم بێ.

دیمەن فەتاح، تەمەن 59 ساڵ، خاوەنی یەکەم نەمامگەی هەولێرە کە ئافرەتێک هەڵیدەسووڕێنێ و سەرۆکی گروپێکی ڕووەکناسیشە کە 450 ئەندامی هەیە و 25یان ئافرەتن. دیمەن دەڵێ: "ئەوەی لەو کۆمەڵگایەی ئێمەدا ئافرەتی لەناوبرد وشەی عەیبەیە. ئافرەتان دەترسن داهێنان و نوێگەری بکەن، چونکە ڕەنگە خەڵک قسەیان لەسەر بکەن".

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەندێک کەس لە کۆمێنتی فەیسبووکدا ئافرەتە کارسازەکانیان بە "گەمژە" ناوبردووە و گوتوویانە "ئافرەت ئەوەی لەسەرە ئاگای لە کاری ماڵەوە بێ".

بەڵام دیمەن هانی ئافرەتان دەدات و دەڵێت: "کاتێک ئافرەتێک کار دەکات، تەنیا پارە پەیدا ناکات، بەڵکو هۆشیاریش لەبارەی یەکسانی بڵاودەکاتەوە و ڕێگە بۆ ئافرەتانی دیکە خۆش دەکات بێنە ناو بازاڕی کارەوە".

ئاڤان جاف، چالاکڤانی بواری ئافرەتان، بە ئاژانسە فەرەنسییەکە دەڵێ، گۆڕانکاری هەیە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە "بەهۆی ئەوەوە نییە کە کۆمەڵگا لەپڕ بە مێشکێکی کراوەوە بیربکاتەوە. ڕاستە هەندێک کەس لێبوردەتر بوونە، بەڵام بەشەکەی دیکەی کۆمەڵگا پەییان بەوە بردووە کە ئافرەتان خۆڕاگرن و کۆڵنادەن و هەر بە دوای خولیاکانی خۆیانەوەن".

بەپێی برگەی یەکەمی مادەی 86 لە یاسای کاری عێراق "ئافرەت نابێ بە شەو کار بکات، مەگەر ئەوەی کارەکە زۆر پێویست بێ، یاخود ناچارییەک بێتە پێشەوە، یان بۆ پاراستنی مادەی خاو و ڕێگری لە لەناوچوونی بێ، یان هۆکارێکی لەناکاو بێتە پێشەوە". جیا لەمە لە هەرێمی کوردستان ئەو ئافرەتانەی بۆ مۆڵەتی دایکایەتی پیشەکەیان بە شێوەیەکی کاتی جێدەهێڵن، دوای گەڕانەوەیان شوێنی پێشووی کارکردنیان پارێزراو نییە، ئەوە جگە لەوەی پیاوان لە زۆر حاڵەتدا بڕیاردەرن بۆ ئەو ئافرەتانەی دەیانەوێ کاری خۆیان هەبێ.

شەونم حوسێن، خاوەنی سەنتەری لەشجوانیی سکای لە ڕانیە، 150 ئافرەت لە سەنتەرەکەی وەرزش دەکەن، ئەوان لەو سەنتەرە هەم دانسی زومبا دەکەن و هەم دەردەڵیش بۆ یەکدی دەکەن.

شەونم لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسە فەرەنسییەکە دەڵێت: "ئەم ئافرەتانە تەنیا بۆ ڕاهێنان نایەن، بەڵکو دەیانەوێ لەگەڵ ئافرەتەکانی دی تێکەڵاو بن و قسە بکەن و باسی کێشەکانی خۆیان بکەن".

یەکێک لە ئافرەتەکان کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، دەڵێت سەنتەرەکەی شەونم حوسێن وای لێکردووە بیر لە کردنەوەی ڕێستورانتێک بکاتەوە، بەڵام مێردەکەی ناهێڵێت: "پێیگوتم هەر ڕۆژێک ڕێستورانتەکەت کردەوە، ئەو ڕۆژە دوایین ڕۆژی تۆ دەبێ لەم ماڵەدا".

# نەیانهێشت لە هاوژینەکەی جیابێتەوە و خۆی سووتاند

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

سەلوا بە خێزانەکەی گوتبوو ئەگەر بگەڕێتەوە لای هاوژینەکەی، خۆی دەسووتێنێ، بەڵام کەسوکارەکەی گوێیان بە هەڕەشەکەی نەدا. هەفتەیەک دوای ناردنەوەی بۆ لای مێردەکەی، خۆی سووتاند.

شەوی 2019/9/13 ئافرەتێکی تەمەن 33 ساڵ بە ناوی سەلوا فاروق، دانیشتووی گەڕەکی دەروازەی شاری کەرکووک، لە ژوورێکی ماڵەکەیاندا ئاگری لە خۆی بەردا. دوای 12 ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی ئازادی لە کەرکووک، مرد.

موقەدەم فەرهاد مەحموود، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ئازادی لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کاتەی ئافرەتەکە لە نەخۆشخانە بوو، ئیفادەیان لێوەرگرتووە. سەلوا لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: "من کێشەم هەبوو، مێردەکەمم نەدەویست، ئەو شەوە برایەکیشم لەماڵمان بوو، من لە ژووری دواوە نەوتم بە خۆمدا کرد و خۆم سووتاند، دەرگاکەیان شکاند و منیان برد بۆ نەخۆشخانە. ئێستا سکاڵام لەسەر کەس نییە، خۆم ئاگرم لە جەستەی خۆم بەردا و پەشیمانم".

پۆلیس ئیفادەی لە مێردی سەلواش وەرگرتووە. ئەو دەڵێت: "سەلوا باری دەروونیی جێگیر نەبوو، چەند جارێک پێمگوت بچین بۆ نەخۆشخانە، بەڵام ڕازی نەبوو".

سەلوا 12 ڕۆژ لە ژێر چاودێریی پزیشکەکاندا بوو، تا سەعات هەشتی سەرلەبەیانی ڕۆژی 2019/9/25 چاوەکانی لێکنا و سێ منداڵی لە دوای خۆی جێهێشتن. سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی ئازادی بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕێژەی سووتانی سەلوا 95% بوو، هەموو جەستەی سووتابوو".

ڕەعد فاروق کە زڕبرای سەلوایە، لەبارەی ڕووداوەکە گوتی: "سەلوا تەمەنی 18 ساڵ بوو کە دایکی دای بە خوشکەزایەکی خۆی، تا بوون بە خاوەنی سێ منداڵیش هیچ کێشەیەکیان نەبوو. پێنج مانگ لەمەوبەر سەلوا تۆرا و هاتەوە، بە باوکم و دایکی گوت من دەمەوێ لە مێردەکەم جیاببمەوە".

سەلوا لە دادگا سکاڵای تۆمار کردبوو، داوای جیابوونەوەی لە هاوژینەکەی کردبوو، بەڵام بەرلەوەی دۆسیەکەی لە دادگا یەکلایی ببێتەوە، خۆی سووتاند.

ڕەعد دەڵێت: "کێشەی سەلوا لە دادگا بوو، بەڵام دایکی و براکانی ڕازینەبوون جیاببێتەوە و گوتیان دەبێ بگەڕێیتەوە لای مێردەکەت".

گوتیشی: "باوکم لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە سەلوا بچێتەوە، بەڵام دایکی و براکانی پێداگیرییان لەسەر ئەوە کرد بگەڕێتەوە لای مێردەکەی. تەنانەت سەلوا هەڕەشەی کردبوو ئەگەر بینێرنەوە خۆی دەسووتێنێ، بەڵام ئەوان گوێیان بەو هەڕەشەیە نەدا".

سەلوا بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر و هەفتەیەک دوای گەڕانەوەی بۆ لای مێردەکەی، خۆی سووتاند. ڕەعد پێیوایە لەبەر ئەوەی مێردی سەلوا خوشکەزای دایکی بووە، بۆیە دایکی نەیدەویست جیاببنەوە.

چەند سەعاتێک بەرلەوەی خۆی بسووتێنێ، سەلوا لەلای هاوڕێیەکی خۆی بووە. ئەو هاوڕێیەی سەلوا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕۆژە سەلوا هاتە لای ئێمە لە ئارایشگا، ماوەیەکی زۆر دانیشت. گوتی هاتووم گەردنم ئازاد بکەن، چونکە زۆر بێزارم و دەمەوێت خۆم بسووتێنم، ئێمە وامانزانی گاڵتە دەکات، بەڵام بەداخەوە دواتر هەواڵمان بۆ هات کە خۆی سووتاندووە".

سەلوا لەلای هاوڕێیەکەی باسی لەوە کردووە کە هەست بە بێزاری دەکات و دەیەوێ لە مێردەکەی جیاببێتەوە. تەنانەت مێردەکەی ئازاد کردبوو لەوەی ژنێکی دیکە بهێنێ و دەست لەو بەربدات.

ئەو هاوڕێیەی سەلوا کە لە ئارایشگایەک کار دەکات، هەڵسوکەوتی سەلوای پێ نامۆ بووە، چونکە لەلایەک داوای گەردنئازادیی لێکردبوون، لەلایەکیش داوای لێکردبوون قژی بۆ بۆیە بکەن و مکیاژی بۆ بکەن.

هاوڕێکەی سەلوا گوتی: "کاتێک سەلوا ئەو قسانەی کرد، دایکم تەلەفۆنی بۆ هاوژینەکەی کرد، ئەویش گوتبووی سەلوا باری دەروونی تێکچووە و چەند جارێک هەوڵمداوە بیبەم بۆ لای پزیشکی دەروونی، بەڵام ڕازی نییە و دەڵێت من شێت نیم، هەر لە هیچ و خۆڕایی منی لەبەرچاو ڕەش بووە".



سەلوا بە خێزانەکەی گوتبوو ئەگەر بگەڕێتەوە لای هاوژینەکەی، خۆی دەسووتێنێ



## پێنج دز دەستگیردەکرێن

**رووداو- هەولێر**

لە هەولێر پێنج تۆمەتبار بەتۆمەتی دزینی پارە لەنێو جانتای ئافرەتان و ماتۆڕسکیل دەستگیرکران.

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوای سکاڵای چەند کەسێک رۆژی 2019/9/28 پێنج تۆمەتبارمان دەستگیر کرد کە پارەیان لەنێو جانتای ژنان و ماتۆڕسکیلیان دزیبوو. هۆگر عەزیز گوتیشی: "تۆمەتباران (ع.ئا) تەمەن 16 ساڵ، (ئا.ئا) تەمەن 11 ساڵ، بڕێکی زۆر پارەیان لەنێو جانتای ئافرەتان لە بازاڕی دارەتوو دزیبوو. هەروەها تۆمەتباران (م.س) تەمەن 14 ساڵ، (ئا. گ) تەمەن 19 ساڵ و (پ. م) تەمەن 17 ساڵیش سێ ماتۆڕسکیلیان دزیبوو. هەر پێنج تۆمەتبارەکە بەپێی ماددەی 446 لە یاسای سزادانی عێراقی بەندکراون.

### هەولێر لەچاوی گۆڤاری (پلەی بۆی)ـەوە

# ژیانی شەوانە لە هەولێر.. گەڕانێکی پڕمەترسی بەدوای چێژدا

## لە بارەکانی هەولێر ئافرەت بە حیجابەوە نێرگەلە دەکێشن

ئەو ئافرەتانەی دەچنە بارەکانی کوردستان زۆرتر کارمەندی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانن، یان مەسیحی و ئێرانین

بارەکانی کوردستان هەتا ئێستاش زیاتر شوێنی پیاوانن



پلەی بۆی: هیچ شارێکی هەرێمی کوردستان هێندەی هەولێر نەبووژاوەتەوە

**رووداو- هەولێر**

"وایت ئەربیل" لە سەربانی هۆتێلێکەوە بەسەر هەموو هەولێردا دەڕوانێ، لە ژوورەوەی بارەکە مۆسیقای دی جەی دەیکوتێ، خەڵک لە لێواری مەلەوانگەی ناو بارەکە دانیشتوون و بیرە و کۆکتێلی پێدا دەکەن، رووناکیی کزی بارەکە لەسەر شەپۆلی ئاوەکە یاری دەکات و کەشێکی سیحراوی بە بارەکە بەخشیوە. ئەوە یەکێکە لەو شوێنانەی کە گۆڤاری (پلەی بۆی)ی ئەمریکی وەک سەرەتایەک بۆ گۆڕانی هەولێر ناوی دەبات.

لەبەر دەرگای بارەکە پیاوانی ئەمنی وەستاون. شوێنەکە خەڵکی کورد و رۆژئاوایی پێکەوە کۆدەکاتەوە کە شەوی خۆیان لە وایت ئەربیلدا بەڕێدەکەن. یەکێک لە رۆژئاواییەکان ئافرەتێکی ئەمریکی بە رەچەڵەک عێراقییە کە خێزانەکەی لە سەردەمی سەدام حوسێن و بەهۆی هەڵمەتی دژی شیعەکانی باشووری عێراق، روویان لە ئەمریکا کردووە، بەڵام ماوەی ساڵێک دەبێ گەڕاوەتەوە و لەگەڵ ئاوارە عێراقی و سوورییەکان کار دەکات.

ئافرەتەکە جلی عەرەبیی لەبەرە و خواردنەوەی جین و تۆنیک (ئاوی غازدار)ی لە پێشە و پێیوانییە نایت کڵەبەکان لە هەولێر سەرکەوتن بەدەستبهێنن، لەبەر ئەوەی کورد و عەرەب کەیفیان بە نایت کڵەبی بچووک و بێدەنگ نایەت، وەک خۆی بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ: "عێراقییەکان حەزیان لە شتی ڤی ئای پییە".

راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هیچ شارێکی هەرێمی کوردستان هێندەی هەولێر نەبووژاوەتەوە، لەم شارەدا شوێنی سەمای سالسا و کڵەبی مۆسیقای جاز و باڕی سەربانی باڵەخانە بەرزەکان هەن. یەکێک لەو شوێنانە باڕی دەسک (Dusk)ە کە لەسەربانی باڵەخانەیەکە. ڤیان لە دەسک فرێ بچووک لە بیرە مەکسیکییەکەی دەدا و دەڵێ "دەکرێ هۆش لەسەرمدا نەمێنێ".

لەو بارە ئافرەتێکی سەرپۆشی جل پەمەییش دانیشتووە کە خۆی خەریکی نێرگەلە کێشانە و کۆمەڵە کەسێکی دیکە لەسەر هەمان مێز خەریکی خواردنەوەی مەشروبن.

بەگوتەی ڤیان، گەنجەکانی کوردستان زۆربەی جار پێش ئەوەی بگەنە باڕ دەخۆنەوە، تەنانەت هەندێکجار هەر بە رێگاوە هەتا دەگەنە شوێنەکە دەخۆنەوە. وەک خۆی بە (پلەی بۆی) دەڵێ: "هەندێکجار ئەو کاتەی بەرەو باڕ دەچین، لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە کۆکتێل دروستدەکەین".

ساڵی 2016 پەرلەمانی عێراق هێنان و بەرهەمهێنان و فرۆشتنی هەموو جۆرە خواردنەوەیەکی کحولی قەدەغە کرد. شارەزایان و چاودێران دەڵێن ئەمە هەنگاونانی عێراقە بەرەو دەوڵەتێکی ئیسلامی. ئافرەتێکی مەسیحی دانیشتووی هەولێر بە راپۆرتەکە دەڵێ: "ئەگەر خواردنەوەی کحولی قەدەغە بکرێ، ئەوە هەموو کەس روو لە مادەی هۆشبەر دەکەن"، لە کاتێکدا "دەستخستنی مادەی هۆشبەر کارێکی سەخت نییە".

ئافرەتە مەسیحییەکە دەڵێت حەشیش باوترین مادەی هۆشبەرە لە کوردستان، هیچکەس نایەوێ دان بەوەدا بنێ کە دەیکێشێ "هەرچەند هەموو ئەوانەی من دەیانناسم، حەشیش دەکێشن".

راپۆرتەکە دەڵێت، سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنانەش، کۆمەڵگای کوردستان نوقمی دابونەریتە. ئەوەش لە باشترین حاڵەتدا وایکردووە "خەڵک لە کاری بزنس و پەیوەندییە تاکەکەسییەکاندا راستگۆ و دادپەروەر بن، بۆ ئەوەی خێزان، هۆز و کۆمەڵگەکەی خۆیان تووشی شەرمەزاری نەکەن"، بەڵام "لە خراپترین حاڵەتدا شەرەف وەک پاساوێک بۆ توندوتیژی و سەرکوت بەکاردەهێنرێ، لەوانەش کوشتن بەناوی پاراستنی شەرەفەوە".

راپۆرتەکە لەگەڵ هاوڕەگەزخوازێکی کوردی خەڵکی دهۆکیش قسەی کردووە کە لە هەولێر خوێندکارە و خۆی بە ناوی دانتێ ناساندووە. دانتێ دەڵێ: "لە عەشیرەتەکەی ئێمەدا هەموو شتێک مایەی شەرمەزارییە".

دانتێ کە لە کافێیەکی پارک ڤیو لەگەڵ ئامادەکاری راپۆرتەکە قسەی کردووە، سەبارەت بە یەکەم هەستکردنی خۆی بەرامبەر مەیلی هاوڕەگەزخوازی دەڵێ: "بێگومان ساتەوەخت هەبوو کە لۆمەی خۆمم دەکرد، بەڵام دواتر هەستم کرد هیچ کێشەی تێدا نییە، چونکە من زیانم بۆ هیچ کەسێک نییە".

هاوڕەگەزخوازە کوردەکە سەبارەت بە شارەکەی خۆی دەڵێ: "شوێنێکی زۆر موحافزکارە، ژێرخانی ئەوێ مۆدێرنترە لە جاران، بەڵام بیرکردنەوە زۆر نەگۆڕاوە. خەڵک لە گۆڕان دەترسن". هەر بۆیەش خولیای هاتنی هەولێر لە مێشکی داوە و کاتێک یەکەمجار هاتووەتە هەولێر، سەری لەو فرەڕەنگیی شارەکە سوڕماوە. وەک خۆی لەبارەی خەڵکی هەولێرەوە دەڵێ: "لێرە خەڵک گوێت پێنادەن و زیاتر خەریکی ژیانی خۆیانن".

خێزانی دانتێ هەتا ئێستا قەبووڵیان نەکردووە کوڕەکەیان ببێتە دیزاینەر، چجای ئەوەی لێی قبووڵ بکەن هاوڕەگەزخواز بێ، بەو حاڵەشەوە دانتێ دەڵێ: "وەک بڵێی دەمەوێ لە کوردستان بەربەستەکان بشکێنم".

لە رۆژی نۆی شوباتی ئەمساڵ، قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە تویتێکدا نووسی: "من بڕوام وایە هەموو هاووڵاتیان، بێ گوێدانە نەژاد، ئایین، رەگەز، هەڵبژاردنی رەگەزی، ناسنامەی ئەتنیکی و هەڵبژاردنی پەیوەندیی سێکسیان لە هەموو جیهان و بە تایبەتی لە کوردستان شایانی مافی یەکسانن". دانتێ دەڵێت: "ئەو هیوای ئەوەی پێدام کە ئەم شوێنە دەکرێ بگۆڕێ".

راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بارەکانی کوردستان هەتا ئێستاش زیاتر شوێنی پیاوانن، ئەو ئافرەتانەش کە لە بارەکان دەبینرێن زیاتر کارمەندی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانن، یان مەسیحی و ئێرانین، هەرچەند کچانی کوردستانیش "بەرەبەرە بەرەنگاری نەریت دەبنەوە و بەربەستەکان تێدەپەڕێنن". ڤیان یەکێکە لەوانە و دەڵێ: "ئەگەر راستیت دەوێ، حەزم لێیە سەیری پیاوان بکەم و ئەوانیش سەیرم بکەن، ئێستا زیاتر لە جاران کچی لێیە، بەتایبەتی کچی کورد".

پیاوێکی کلدان کە بۆ خوێندن لە رۆژئاوایە و بۆ سەردان هاتووەتەوە کوردستان، ئەو گۆڕانکارییە پشتڕاست دەکاتەوە: "تەنانەت چوار ساڵ لەمەوبەر ئافرەتت نەدەبینی وەک ئێستا بچێتە دەرەوە و نێرگەلە بکێشێ، با باسی خواردنەوەش هەر نەکەین. تەنوورەکانیش هەتا دێ کورتتر دەبنەوە. ئێستا کە بۆ دیدەنی گەڕاومەتەوە، لە وڵاتێکی جیاواز دەچێ. کوردستان گۆڕاوە".

راپۆرتەکە لە (تی باڕ) لە عەنکاوە چاوی بە بەڵێندەرێکی ئەمریکی بەناوی مەت کەوتووە کە ماوەی هەشت ساڵە لە بەسرە گرێبەستی هەیە، بەڵام زوو زوو سەردانی کوردستان دەکات. مەت دەڵێ: "لای من ئەم بارە لەسەر تاتواینە". تاتواین ناوی هەسارەیەکی خەیاڵییە کە لە فیلمی جەنگی ئەستێرەکاندا ناوی هاتووە.

> **نایت کڵەپەکانی عێراق و کوردستان سەرکەوتوو نابن، چونکە خەڵک لێرە حەزیان لە شتی ڤی ئای پییە**
> ئافرەتێکی عێراقی

> **لێرە خواردنەوەی کحولی قەدەغە بکرێ، خەڵک روو لە مادەی هۆشبەر دەکەن**
> ئافرەتێکی مەسیحی

> **تەنوورەکان هەتا دێ کورتتر دەبنەوە**
> پیاوێکی مەسیحی

> **لە هەولێر کەس گوێت پێنادات و خەڵک خەریکی ژیانی خۆیەتی**
> هاوڕەگەزخوازێک

PLAYBOY

### گۆڤاری پلەی بۆی

گۆڤاری (پلەی بۆی) کە ئەم راپۆرتەی لەبارەی شاری هەولێر ئامادەکردووە، 65 ساڵ لەمەوبەر لە شاری شیکاگۆ لە ویلایەتی ئیلەنۆی ئەمریکا دەرچووە. هەر زووش بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەی نیمچەڕووت و چیرۆکی مۆدێلەکان ناوی دەرکرد. ئەو گۆڤارە رۆڵێکی گەورەی لە "شۆڕشی سێکسی"ی شەستەکان بۆ هەشتاکانی سەدەی رابردوودا هەبووە و ئێستا بە دەیان زمان بڵاودەبێتەوە.

# قوتابییەکی زانکۆ لە گەرمیان خۆی دەخنکێنێ

**دیمەن بورهان**
**رووداو – هەولێر**

فریاد لە دوا پۆستیدا لە فەیسبووک کە وێنەیەکی خۆیشی لەگەڵ دابەزاندووە، ئامۆژگاریی فرێندەکانی دەکات و دەڵێت :"هەمیشە بە دەم ژیانەوە خەندە بکە، بۆ ئەوەی بتوانی ئاستەنگەکانی ژیان بە ئاسانی ببڕیت". بەڵام خۆی نەیتوانی بەدەم ژیانەوە پێبکەنێ و ئاستەنگەکانی ببڕێ و لەنێو دووکانەکەیدا خۆی هەڵواسی.

رۆژی 2019/9/23 قوتابییەکی زانکۆی گەرمیان بەناوی فریاد جەمال، دانیشتووی ناحیەی باوەنووری سەر بە قەزای کەلار، لەنێو دووکانی لەفەفرۆشییەکەیدا خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. کەسوکار و هاوڕێکانی دەڵێن لە وانەکانی دەرنەچووبوو، بۆیە خۆی خنکاند.

فریاد جەمال، قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی زانستی کۆمپیوتەر بوو لە زانکۆی گەرمیان. دووکانێکی لەفەفرۆشیی هەبوو، ئێوارانیش دەوامی زانکۆی دەکرد. ئەو رۆژە کاژێر پێنجی بەیانی چووەتە دەرەوە بۆ ئەوەی دووکانەکەی بکاتەوە، کاتێک موشتەرییەکانی چوون بۆ دووکانەکەی، بە هەڵواسراوی بینیویانە و پۆلیسیان ئاگادار کردووەتەوە.

عەلی جەمال قەدووری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند: "رۆژی 2019/9/23 تەرمی گەنجێک بە ناوی فریاد جەمال لە ناحیەی باوەنوورەوە هێنرایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید هەژار لە کەلار کە بەهۆی خۆهەڵواسینەوە، خنکابوو".

پۆلیس قسەی لەگەڵ کەسوکاری گەنجەکە کردووە، ئەوان گوتوویانە فریاد هیچ کێشەیەکی نەبووە و نازانن بۆچی خۆی خنکاندووە. قەدووری دەڵێت: "پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ رووداوەکە کردووەتەوە و بەدواداچوون بۆ هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو گەنجە دەکەین".

فریاد قوتابی قۆناغی دووەمی زانکۆ بوو، ئەمساڵ لە سێ وانە کەوتبوو، وانەیەکی عبووری قۆناغی یەکەمی هەبوو، هاوڕێکانی دەڵێن فریاد بە کەوتنەکەی زۆر بێتاقەت بووبوو، لەو باوەڕەدان هەر لەبەر ئەوەش خۆی خنکاندبێ.

هاوڕێیەکی فریاد کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت: "فریاد یەکێک بوو لە مرۆڤە جوانەکان. هەمیشە خەمەکانی خەڵکی بۆ خۆی دەبرد و خەندە و قسەی جوانی پێدەبەخشین. هەرچەند لە خێزانێکی دیار و دەوڵەمەندی ناحیەکە بوو، بەڵام زۆر سادە و خاکی بوو. گەنجێکی زۆر کاسب بوو، دەیویست بەرەنجی شانی خۆی خوێندنەکەی تەواو بکات".

فریاد ماوەی شەش مانگ بوو دووکانێکی لەفەفرۆشیی دانابوو لە باوەنوور، لەلای هاوڕێکانی گوتبووی چیدی نایەوێ ببێتە ئەرک بەسەر خێزانەکەیەوە، دەیەوێ خۆی بە لەفەفرۆشی پارەی خوێندنەکەی پەیدا بکات کە بۆ ساڵێک ملیۆنێک و 650 هەزار دینارە. پێش دانانی دووکانەکەش، شوانی ئاژەڵەکانی ماڵی باوکی بوو.

هاورێکەی فریاد دەڵێت: "فریاد لە یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم ئامادە نەبووبوو، بەهۆی ئەوەی کارەبای دەواجنەکەی ماڵی باوکی شۆرتی کردبوو، ئەو رۆژە چووبوو بۆ دەواجنەکە، بۆیە هیچ رێگەیەک نەبوو تاوەکو ئاسانکاری بۆ بکرێ و بپەڕێتەوە قۆناغی سێی زانکۆ. هەرچەندە هەموو مامۆستاکان خۆشیاندەویست، بەڵام نەهاتنی بۆ تاقیکردنەوە لە دەسەڵاتی کەسدا نەبوو".

گوتیشی: "فریاد بەو کەوتنە زۆر بێتاقەت بووبوو، ترسی لەوە هەبوو کە نەتوانێ درێژە بە خوێندنەکەی بدات، جا نازانین ترسەکەی لەبەر ئەوە بووە کرێی خوێندنی پێ نەدەدرا یان ماڵی باوکی رێگەیان پێنەدەدا بێتەوە زانکۆ".

(رووداو) هەوڵیدا قسە لەگەڵ خێزانەکەی بکات، بەڵام بەهۆی خەمی لەدەستدانی فریاد، هیچیان قسەیان بۆ نەدەکرا.

مامۆستا سەرخێڵ کە مێردی خوشکی فریادە، لەبارەی ئەو کوڕە دەڵێت: "فریاد گەنجێکی زۆر هێمن و بەڕەوشت و بێ کێشە بوو. هەموو باوەنوور شایەتی بۆ بەڕێزی و بێ کێشەیی ئەو و خانەوادەکەمان دەدەن".

دوای رووداوەکە، لەنێو خەڵکدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە فریاد کێشەی لەگەڵ خێزانەکەیدا هەبووە و پێش رووداوەکە دەمەقاڵێ لە نێوانیاندا دروستبووە، بەڵام مامۆستا سەرخێڵ ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە و گوتی: "بەهیچ جۆرێک شتی وا روویندداوە، ئەوە دوورە لە راستییەوە. بە پێچەوانەوە خێزانەکەی فریاد بێکێشەترین خێزانن".

سەبارەت بە دەرنەچوونی فریاد و نەگەڕانەوەی بۆ زانکۆ، مامۆستا سەرخێڵ گوتی: "ئەوە لە ئێوەوە بزانین کە لە زانکۆ دەرنەچووە، لەلای ئەندامانی خێزانەکەی باسی هیچی نەکردووە، فریاد هیچ کێشەیەکیشی نەبووە، بۆیە نازانین بۆچی خۆی خنکاندووە".



فریاد لە نێو دووکانی لەفەفرۆشییەکەیدا خۆی هەڵواسیبوو

# قەیرانێکی دارایی گەورە چاوەڕێی جیهان دەکات

## "پێشبینی دەکرێت نرخی بەرمیلێک نەوت بگاتە 150 دۆلار"



کاردۆ کەماڵ*

ئەم وتارە بۆ ترساندنی کەس نییە، بەڵکو بۆ بیرکردنەوەیە لەوەی چۆن قەیرانێک بکەینە دەرفەتێک. با وەکو ئەو بەڵێندەرە وابین کە باشترین دەرفەتەکانی کارکردن لە شارێکی وێراندا دەبینێتەوە.

### نیشانەکانی قەیرانەکە:

**- سەرەتاکانی داکشانی ئابووریی جیهان دەرکەوتوون.**
**- قەرزی جیهان سێ هێندەی کۆی گشتی بەرهەمی جیهانە.**
**- شەڕی بازرگانیی نێوان چین و ئەمریکا.**

قەیرانی ساڵی 2020 زۆر جیاواز دەبێت لەوەی 2008، بەوپێیەی قەیرانی ساڵی 2008 بازاڕە داراییەکان و کەرتی خانووبەرەی گرتەوە، بەڵام لە قەیرانی ساڵی 2020 دا ئابووری دادەکشێ و دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا.

قەیرانەکە کاریگەری لەسەر نرخی نەوت و بازاڕی پشکەکان و تەنانەت بەهای دۆلاری ئەمریکیش دەبێت، بەپێی پێنوێنی بازاڕە داراییەکان، سەرەتای قەیرانەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەردەکەوێ و دواتر زۆربەی جیهان دەگرێتەوە، بەشێک لە سندوقەکانی دڵنیایی پێشبینی دەکەن لە ماوەی دوو ساڵدا پێنج وڵاتی ئەورووپا مایەپووچ ببن و لەبەرامبەریشدا ئابووریی چین و هیندوستان گەشە بکەن.

بەپێی ئامارەکان، ئەمریکا بەڕێژەی 2.5% گەشەی ئابووری تۆمار کردووە، بەڵام ئەگەر سەرنجی داتاکان بدەین، دەبینین گەشەکردنەکە بەهۆی زۆربوونی خەرجیی بەکاربەر و خستنەڕووی سیولەیەکی زۆرەوەیە لەلایەن حکومەتەوە بەتایبەتیش بۆ بازاڕە داراییەکان ، ئەمەش بە پێنوێنێک بۆ گەشەی ئابووریی ئەمریکا هەژمار ناکرێت.

ترەمپ لەوە تێگەیشتووە کە سیستەمەکە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام نابێت، بۆیە پێویستی بە دۆلارێکی هەرزانە تا بتوانێت بەشێکی قەرزەکانی سەر حکومەتی پێ بسڕێتەوە، بەڵام بانکی فیدراڵیش لەگەڵ دابەزاندنی ڕێژەی سوودی بانکی نییە، بەتایبەتیش لەدوای نزیکبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان لە ئامانجی بانکی فیدراڵی و گەشەکردنی ئاستی کرێ و دابەزینی ڕێژەی بێکاری بۆ نزمترین ئاستی لە مێژووی ئەمریکادا. بە دابەزاندنی سوودی بانکی، سەرمایەیەکی زۆر لە ئەمریکاوە دەچێتە دەرەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە ڕێژەی سوود تێیاندا بەرزترە و سەقامگیریی ئابووری هەیە، ئەمە جگە لەوەی بانکی فیدراڵی متمانەی وەبەرهێنەر تاڕادەیەک لەدەستدەدات، ئەمەش بانکی فیدراڵی ناچار کردووە کە ئەگەر سوودی بانکیش دابەزێنێت تەنیا بەڕێژەیەکی سنووردار بێت، ئەمە لەکاتێکدا بەردەوام دۆناڵد ترەمپ گوشار دەخاتە سەر بانکی فیدراڵی کە بەڕێژەی 1% سوودی بانکی کەمبکاتەوە، چونکە هەستی بە مەترسییەکان کردووە، قەرزێک کە قەبارەکەی گەیشتووەتە 3 هێندەی کۆی گشتی بەرهەمی جیهان، تەواوی سیستەمی دارایی دەخاتە مەترسییەوە.

> **بەرهەمی ناوخۆی جیهان 80 تریلیۆن و 683 ملیار دۆلارە، بەڵام قەرزەکانی جیهان 300 تریلیۆن دۆلاریان تێپەڕاندووە**

داتاکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سندووقەکانی یەدەگ بە خراپترین ڕەوشی داراییدا تێدەپەڕن لە ساڵی 2008ەوە، بڕی قەرزەکانیش بۆ 26 تریلیۆن دۆلار بەرزبووەتەوە. قەبارەی ئابووریی ئەمریکا کە ٪25ی ئابووریی جیهان پێکدەهێنێ، نزیک دەبێتەوە لە 20 تریلیۆن و 500 ملیار دۆلار، ئەمە لەکاتێکدایە قەرزەکانی دەگاتە 26 تریلیۆن و 209 ملیار دۆلار، بە واتایەکی دیکە، لە هەموو چرکەیەکدا، قەرزەکانی ئەمریکا بە بڕی 45،486 دۆلار زیاد دەکات.

پێنوێنی ڤیکس کە ترس لای وەبەرهێنەران نیشان دەدات، پێشبینی دەکات لە چارەگی یەکەمی ساڵی داهاتوودا بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو تۆمار بکات بۆ ئاستەکانی 35.98 خاڵ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ترسێکی زۆر لەلای وەبەرهێنەران هەیە و ناڕوونییەک لە دیدی وەبەرهێنەراندا هەیە سەبارەت بە ئاراستەی ئابووریی جیهان لەساڵی داهاتوودا.

بەرزبوونەوەی پێنوێنی ڤیکس هاوتەریبە لەگەڵ دابەزینی داهاتی سەر قەواڵە تەمەن 10 ساڵەکانی ئەمریکا، ئەمەش بەو واتایە دێت کە وەبەرهێنەران دەیانەوێت وەبەرهێنانەکانیان لەو ئەسپاردانەدا بکەن کە بۆ ماوەی 10 ساڵە و خۆیان لەو وەبەرهێنانە دووربخەنەوە کە کورتخایەنە، ئەمەش بە نیشانەیەکی دیکەی سەرهەڵدانی قەیرانەکە دادەنرێت لە ساڵی داهاتوودا.

جیمی ڕۆجەرز شارەزا لە بەڕێوەبردنی پارەدارکردن دەڵێت، سەرجەم ئاماژەکان گوزارشت لە ڕوودانی قەیرانێکی گەورە دەکەن لە ساڵی داهاتوودا. بەشێک لە وڵاتان و بانکەکان گۆڕانکاری لە ئاراستەی وەبەرهێناندا دەکەن و لەو وەبەرهێنانانە دووردەکەونەوە کە هەڵگری مەترسین.

> **وڵاتانی وەک عێراق، سعودیە و یەمەن بەهۆی خەرجیی سەربازی سوود لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت وەرناگرن**

بەهۆی کەڵەکەبوونی قەرزەکان، گوشارێکی زۆر لەسەر سیستەمی دارایی جیهان دروستبووە، بەپێی ئامارەکان کۆی گشتیی بەرهەمی جیهان 80 تریلیۆن و 683 ملیار دۆلارە، ئەمە لەکاتێکدایە بڕی قەرزەکانی جیهان 300 تریلیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەمەش بە فاکتەری سەرەکی دروستبوونی قەیرانی دارایی جیهان دادەنرێت لە ساڵی 2020دا.

پێشبینی دەکرێت خواستی جیهان لەسەر نەوت 125 – 130 ملیۆن بەرمیل بێت لە ڕۆژێکدا، ئەمە لەکاتێکدا ئاستی بەرهەمهێنان 105 ملیۆن تا 110 ملیۆن بەرمیل دەبێت، بەم شێوەیەش پێشبینی دەکرێت لە ساڵی دووەم و سێیەمی قەیرانەکە، نرخی بەرمیلێک نەوت بگاتە 150 دۆلار، ئەمەش شەڕێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

لە چوارەم یاخود پێنجەم ساڵی قەیرانەکەدا گۆڕانکاری بەسەر شێوەی وەبەرهێنان و هەیکەلی ئابووریدا دێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو وڵاتانەی لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە جێگیرن، لەگەڵ کۆتاییهاتنی قەیرانەکە دەرفەتێکی گەورەیان بۆ دەڕەخسێ و سوودیش لە دەرفەتەکە وەردەگرن و ئابوورییان بەشێوەیەکی خێرا پێشدەکەوێت.

ئاماژەکان وادەردەخەن کە ئابووریی هەریەکە لە ئیسپانیا، پورتوگاڵ، یۆنان، قوبرس و ئیتاڵیا ڕووبەڕووی داکشانی گەورە ببنەوە، ئەگەریش هەیە چەند وڵاتێک مایەپووچبوونی خۆیان ڕابگەیەنن، بەڵام ئابووریی هیندوستان، چین، کۆریای باشوور، بەرازیل و ڕووسیا بەڕێژەیەکی جێگیر گەشە دەکەن.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، لە سەرەتای قەیرانەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئابووریی وڵاتانی کەنداو کاریگەر دەبێت، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ، وڵاتانی هەناردەکاری نەوت سوودمەند دەبن، بەڵام ئەمە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەو وڵاتانەی کە خەرجییە سەربازییەکانیان بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە وەک ئێران، عێراق، سعودیە و یەمەن کەمتر سوود لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەبینن، چونکە زۆربەی بودجەیان بۆ کەرتی سەربازی دەچێت، ئەمەش لەسەر حیسابی بودجەی وەبەرهێنان دەبێت.

سندووقەکانی یەدەگ پێشبینی دەکەن قەیرانەکە بە سێ قۆناغدا تێپەڕێت، ئەگەر قەیرانەکە گەیشتە قۆناغی سێیەمی، ئەوا ئەگەری هەڵگیرساندنی شەڕ هەیە لەلایەن ئەمریکاوە، چونکە بۆ ئەوەی سیستەمەکە نەڕووخێت، دەبێت شەڕ هەڵبگیرسێت.

لەلایەکی دیکەوە شەڕی بازرگانیی نێوان چین و ئەمریکا بە دانیشتنێک و دوو دانیشتن کۆتایی نایەت.

بابەتی خاوەندارێتی هزری و تەرازووی بازرگانی تەنیا پڕوپاگەندەیەکە و دراوەتە میدیاکان، کێشەکە زۆر گەورەترە لەوە و شەڕی هەیمەنە و دەسەڵاتە.

بەهای دۆلار، نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوەکان، سیستەمی نوێی جیهان، قەواڵەکانی ئەمریکا ، هەیمەنەی چین بەسەر بەشێکی ئەفریقا و وڵاتانی ئاسیا و هتد، سەرجەمیان ئەو کێشانەن کە هێشتا چارەسەر نەکراون لە نێوان ئەو دوو زەبەلاحەی جیهاندا.

چین تەنیا خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز نییە، تەنیا خاوەنی هێزێکی بازرگانی نییە، بەڵکو ئێستا خاوەنی ژێرخانێکی تەکنەلۆژیای بەهێزە کە تەنانەت بووەتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاش.

نۆرێل رۆبن، مامۆستای ئابووری لە زانکۆی نیویۆرک لە وتارێکیدا بۆ ڕۆژنامەی فاینەنشڵ تایمز دەڵێت: لەدوای ئەوەی قەیرانی داهاتووی دارایی ڕوودەدات، سەرەتا لاوازبوونێکی زۆر ڕووبەڕووی گەشەی ئابووریی چین دەبێتەوە، بەڵام دواتر چین دەچێتەوە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەی کە گەشەیەکی ئابووریی جێگیریان دەبێت. سەرەتای ئەم لاوازبوونەش وەک شۆکێک دەبێت بۆ سیستەمی ئابووریی چین، قەیرانەکە وەکو پەتا دەگوازرێتەوە بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان و لە هەندێک وڵات ناسەقامگیریی سیاسیشی بەدوادادێت.

> **قەیرانەکە وەکو پەتا بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان دەگوزارێتەوە و لە هەندێکیاندا دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی سیاسیش**

*** کاردۆ کەماڵ، شارەزای بازاڕە داراییەکان.**

## بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێنماییەکان لە خاڵە سنوورییەکانی عێراق

# تەعریفەی گومرگی هەڕەشە لە کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان دەکات

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر

**سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی هاوردە و ناردنکاران:**

> **یەکخستنی تەعریفەی گومرگی 450 کۆمپانیای بە داخستن داوە**

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی:**

> **لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیار لەسەر چارەسەری کێشەکە دەدرێت**

دوای یەکخستنی تەعریفەی گومرگی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و بەهۆی جێبەجێنەکردنی بڕیارەکە لە دەروازە سنوورییەکانی عێراق، زیانێکی زۆر بەر بازرگان و خاوەن کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان کەوتووە. یەکێتی هاوردە و هەناردنکارانی هەرێمی کوردستان پێیانوایە ئەگەر حکومەت چارەسەری کێشەکە نەکات، لە شەش مانگی داهاتوودا 70%ی بازاڕی هاوردە و هەناردە شکستدێنێ. وەزارەتی بازرگانی دەڵێ دیراسەیەکی وردیان ئامادە کردووە و لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدرێت.

تەعریفە یەکگرتووەکەی گومرگ لە ڕۆژی 2019/2/17 وە لە سەرجەم خاڵە گومرگییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێ، بەڵام بازرگانانی هەرێمی کوردستان دەڵێن بە زیانی ئەوان شکاوەتەوە.

ساماڵ عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتیی گومرگی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یەکەمجارە تەعریفەی گومرگیی هاوبەش لە هەرێمی کوردستان و عێراق پەیڕەو بکرێت. تەعریفەکە لە بەرژەوەندیی چینی کەمدەرامەت و مامناوەند دارێژراوە. لە دیاریکردنی تەعریفەی گومرگی عێراقدا، ئەوەی هەرێمی کوردستان کراوەتە بنچینە، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر جووڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان دروست دەکات".

تەعریفەکە بە پلەی یەک کاریگەری لەسەر ئەو کۆمپانیایانە هەبووە کە ئاسن هاوردە دەکەن، ئەمەش بووەتە هۆی داخستنی چەند کۆمپانیایەک.

گەیلان حاجی سەعید، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی هاوردە و ناردنکاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پێش یەکخستنی تەعریفەی گومرگی، بۆ یەک تۆن ئاسن 25 دۆلار گومرگ وەردەگیرا، بەڵام ئێستا 125 دۆلار وەردەگیرێ، بۆیە لەدوای بڕیارەکەوە 45 کۆمپانیای هاوردەکردنی شیش و ئاسن لە هەرێمی کوردستان زەرەرمەند بوون و ئیشیان نەماوە، یان داخراون".



تەعریفە یەکگرتووەکەی گومرگ لە ڕۆژی 2019/2/17 وە لە سەرجەم خاڵە گومرگییەکانی عێراق و کوردستان کاری پێدەکرێ

بەپێی ڕوونکردنەوەیەکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان کە هەفتەی ڕابردوو ئاراستەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کراوە، پێشتر ساڵانە نزیکەی 400 بۆ 450 هەزار تۆن ئاسن بۆ هەرێمی کوردستان هاوردە دەکرا و لێرەشەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەگوازرایەوە، ئێستا ئەو بازرگانییە 85% کەمی کردووە: "ئەویش بەهۆی زیادبوونی بەهای گومرگی، بەناوی پشتیوانی لە بەرهەمی ناوخۆ".

گەیلان حاجی سەعید دەڵێت: "زیادکردنی گومرگ لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پشتیوانی لە بەرهەمی ناوخۆیە. ئێمە پشتیوانی لە بەرهەمی ناوخۆ دەکەین، بەڵام ئێمە تەنیا دوو کارگەمان هەیە کە ئەوانیش ناتوانن پێویستی هەرێمی کوردستان بۆ ئاسن پڕبکەنەوە".

بەپێی قسەی بەرپرسەکەی یەکێتی هاوردە و ناردنکاران: "ئەو کۆمپانیایانەی کاڵای دیکە هاوردە دەکەن زەرەرەکەیان زۆر زیاترە لە بازرگانانی ئاسن، چونکە ژمارەی کۆمپانیاکان لە بوارەکانی شووشەوات، کەلوپەلی ئەلیکترۆنی زۆر زیاترە. دوای جێبەجێکردنی یەکخستنی تەعریفەی گومرگی کێشەی زۆر بۆ بازرگان و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان دروستبووە، بەجۆرێک نزیکەی 450 کۆمپانیا کە ئیشیان هاوردن و ناردنە، داخراون. نزیکەی 3500 کارمەندی ئەو کۆمپانیایانە بێکار بوون".

پێشتر زۆربەی کاڵا و شمەکەکان لە ڕێگەی گومرگەکانی هەرێمی کوردستانەوە هاوردە دەکران و لێرەوە هەناردەی شارەکانی عێراق دەکران، بەڵام دوای یەکخستنی تەعریفەی گومرگی، ئێستا ئاراستەی هاوردە بۆ دەروازە و بەندەرەکانی عێراق گۆڕاوە.

گەیلان حاجی سەعید دەڵێ: "بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێنماییەکانی تەعریفەی گومرگی لە خاڵە سنوورییەکانی عێراق، ئێستا بازرگانییەکە گواستراوەتەوە بۆ سنوورەکانی (شەلەمچە، ئوم قەسر، سومار، مهران و تریبیل). ئەمەش بووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی داهاتی گومرگ بۆ حکومەت و لاوازبوونی بازرگانی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی سنووری ئیبراهیم خەلیل و داخستنی بەشێک لە کۆمپانیاکان".

کۆمپانیاکان بۆ هاوردەکردنی کاڵا دەبێ مۆڵەت لە وەزارەتی بازرگانی وەربگرن. بە گوتەی ئەو بەرپرسەی هاوردە و ناردنکاران، ئێستا وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردنی کاڵا بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە: "ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو وەرگرتنی مۆڵەتی بازرگانی 50% کەمی کردووە. لەماوەی نزیکەی 7 مانگی دوای بڕیارەکە ئەو کاریگەرییەی هەبووە، ئەگەر حکومەت زۆر زوو ڕێگەچارەی بۆ نەدۆزێتەوە، شەش مانگی دیکە زیاتر لە 70%ی بازاڕەکە شکستدێنێ و بازرگان و خاوەن کۆمپانیا و خەڵکیش لەسەر ئەم کێشەیە زیاتر دەنگیان بەرزدەبێتەوە".

یەکێتی هاوردە و ناردنکاران بە نووسراو وەزارەتی بازرگانی و حکومەتیان لەو مەترسییە ئاگادار کردووەتەوە. سەبارەت بە وەڵامی حکومەت، گەیلان حاجی سەعید دەڵێ: "وەڵامێکیان نەبووە. تەنیا لە کۆبوونەوەی پێشتری ئەنجوومەنی وەزیران ڕاسپاردەیەکیان دەرکرد کە گومرگ لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان یەکبخرێن. ڕاستە لە هەموو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان وەکو یەک نییە، بەڵام کێشە گەورەکە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدایە. دەبێت گورمرگ لەگەڵ ئەوان یەکبخەین، لەوێش وەربگیرێت یان لێرەش وەرنەگیرێ".

گەیلان هەروەها دەڵێت: "لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە بەڕێوەبەری گشتیی گومرگی هەرێمی کوردستانم گوت، ئەگەر پێداچوونەوەیەکی ورد بە تەعریفەی گومرگیدا نەکرێ، ئەو ڕێڕەوە بازرگانییەی ماویشە لە دەستی دەدەین، چونکە بازرگان بۆ هاوردەکردنی کاڵاکانی بە دوای ڕێگەی هەرزاندا دەگەڕێ".

فەتحی مودەڕیس، گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "چەند بازرگان و کۆمپانیایەک سەردانی وەزارەتیان کردووە. ئێمە ئاگاداری کێشەکەین. لە وەزارەت دیراسەیەکمان ئامادە کردووە، بڕیارە لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی وەزیران بخرێتەڕوو، چەند نموونەیەکیش وەرگیراوە، لەوێ بڕیار لە چۆنێتی چارەسەری ئەو کێشەیە دەدەین".

گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی گوتیشی: "دەبێت وەزارەتی دارایی قەرەبووی ئەو بازرگان و خاوەن کۆمپانیایانە بکاتەوە، جا چ بە کەمکردنەوەی باج بێ یان لە گومرگ ئاسانکارییان بۆ بکرێت".

> **"ئەمساڵ لەچاو ساڵی ڕابردوو وەرگرتنی مۆڵەتی بازرگانی 50 % کەمی کردووە"**

# نیشانەکانی زۆر خواردنی خوێ



**رووداو– برایت ساید**

بەپێی ئـەو رێنماییەی پسـپۆڕانی خۆراک بڵاویدەکەنەوە، کەسـێکی پێگەیشـتوو نابێت رۆژانە زیاتر لە شـەش گرام خـوێ بخوات، بۆ منـداڵان ئەم بـڕە کەمتریش دەبێتـەوە. بەڵام ئێستا خەڵکی بەگشتی بڕێکی زیاتر لە ئاستی ئاسایی خوێ دەخۆن. ئەم نیشانانە دەریدەخەن کـە ئایا رۆژانە بڕێکی زیاتر لە پێویسـت خوێ دەخۆیت؟

## – هەڵئاوسان:

کاتێک رێژەی خوێ لە جەستەدا زۆر دەبێت، جەستە هەوڵدەدات ئاوێکی زیاتر کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی هاوسەنگییەکە رابگرێت، بەمەش تووشی ئاوسانی پێیەکان و دەوروبەری چاوەکان دەبێت.

## – تینووبوونی بەردەوام:

کاتێک کەسێک بڕێکی زۆری خوێ دەخوات، جەسـتە داوای شـلەمەنی دەکات بـۆ ئـەوەی ئـەو بـڕە خوێیـە زۆرە لـە جەسـتە دەربکات تاوەکو ماسـولکە و ئەندامەکانـی دیکە بتوانن فەرمانی ئاسـایی خۆیان جێبەجێ بکەن، بۆیە باشـترە بەردەوام ئاو بخۆیتەوە، چونکە ئەگەر ئـاو نەخۆیتەوە جەسـتە ناچار دەبێت شـلەی خانـەکان بەکاربهێنێ و ئەمـەش دەبێتە هۆی وشکبوونەوەی جەستە.

## – گۆڕانی رەنگی میز:

زۆر خواردنـی خـوێ گوشـارێکی زۆر دەخاتـە سـەر گورچیلـەکان، چونکـە گورچیلـەکان کاتێکـی زیاتریـان دەوێت بۆ ئـەوەی ئەو خوێیـە لە جەسـتە دەربکەن، بۆیـە رەنگـی میـز دەگۆڕێـت و دەبێتـە زەردێکـی کاڵ، بەهـۆی زۆر خواردنی خوێ مەترسـیی تووشـبوون بە نەخۆشـییەکانی گورچیلە زیاتر دەبێت.

## – ئازاری ماسولکەکان:

هاوسـەنگی راگرتنـی نێوان سـۆدیۆم و پۆتاسـیۆم ئێجـگار گرنگـە بـۆ گرژبوونی ئاسـایی ماسـولکەکان، بۆیە کاتێک رێژەی خـوێ لە جەسـتەدا بەرزدەبێتـەوە و زیاتر دەبێـت لە پۆتاسـیۆم، هەسـت بـە ئازار و شەکەتبوونی ماسولکەکان دەکەی.

# پێنج نیشانەی تێکچوونی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان

**رووداو– هەولێر**

زۆربەی پرۆسـە گرنگەکانی جەسـتە لەلایەن هۆرمۆنەکانـەوە کۆنترۆڵ دەکرێـن، بۆیە کاتێک بەرهەمهێنانی هۆرمۆنێک لە جەستەدا تێکدەچێت، بەشێک لەو پرۆسانەش تێکدەچن، ئەم نیشانانە دەردەخەری ناهەوسەنگیی هۆرمۆنەکانن:

## 1 – زیپکە:

دروستبوونی زیپکە چەندین هۆکاری لەدوایە، بـەڵام پزیشـکان دەڵێن دروسـتبوونی لەناکاوی زیپکـە یەکێکـە لـە نیشـانەکانی تێکچوونـی هاوسـەنگیی هۆرمۆنـەکان، بەتایبەتی هۆرمۆنی ئەندرۆجیـن، کاتێک ئەم هۆرمۆنە لە جەسـتەدا کەمدەبێتەوە، زیپکە لە هەموو بەشەکانی جەستە دەردەکەوێت.

## 2 – سەرئێشەی بەردەوام:

پزیشـکانی پسـپۆڕی کوێرەڕژێنـەکان رووندەکەنـەوە، تێکچوونـی ئاسـتی هۆرمۆنی ئیسترۆجین لە جەستەدا یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرئێشـەی بـەردەوام، هەرچەنـدە سەرئێشـە هۆکاری دیکەشی هەن وەک گوشاری دەروونی و ماندووبوون، بەڵام سەرئێشەی بەردەوام پێویستی بە راوێژی پزیشکە.

## 3 – کەمخەوی:

کەمبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی پرۆجیسترۆن لە جەسـتەی خانماندا یەکێکە لـە هۆکارەکانی کەمخـەوی، پسـپۆڕانی بـواری خەوتـن دەڵێن، هۆرمۆنی پرۆجیسترۆن ئارامکەرەوەیە و یارمەتی خەوتـن دەدات. بۆیـە ئـەو خانمانـەی گرفتـی خەوتنیان هەیە، دەبێت پشـکنینی ئاسـتی ئەم هۆرمۆنەیان بۆ بکرێت.

## 4 – ماندووبوون:

ئەو کەسانەی هەمیشە هەست بە ماندووبوون دەکـەن، سـەرەرای ئـەوەی بەپێـی پێویسـت پشـوو وەردەگرن، لەوانەیـە گرفتیان هەبێت لە رژێنـی دەرەقـی، چونکـە تەمبەڵبوونـی رژێنی دەرەقـی و کەمتردەردانـی هۆرمۆنەکان، یەکێکە لـەو هۆکارانەی بەردەوام هەسـت بە ماندووبوون دەکەی.

## 5 – گۆڕانی کێشی جەستە:

کاتێـک کەسـێک تووشـی ناهاوسـەنگی لە هۆرمۆنەکان دەبێت، کێشی جەستەی زیاد دەبێت بەبـێ ئـەوەی گۆڕانکاری لـە رژیمـی خۆراکیدا روویدات، زۆر بەرهەمهێنانی ئاستی هۆرمۆنەکانی ئیسـترۆجین، کۆرتیزۆڵ و ئەنسۆلین یان کەمیی ئاستی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن هۆکارن.



# چەند هەڵە تێگەیشتنێک لە دابەزاندنی کێش



**رووداو – برایت ساید**

قەڵـەوی گرفتێکی گـەورەی جیهانییە، ژیانی سـەردەمی ئێسـتاش بە جۆرێکە خەڵکی کەمتر بایەخ بە خواردنی خۆراکە دروستەکان و وەرزش دەدەن. هـەر بۆیە قەڵەوی سـاڵ لە دوای سـاڵ رووی لـە زیادبوونـە، زۆرن ئەوانـەی دەیانەوێت کێشـیان دابەزێنن، بۆ ئەمـەش پەنا دەبەنە بەر پەیڕەوکردنی رژیمی خۆراکیی توند و نادروسـت، ئەمانـە هەندێـک هەڵـە تێگەیشـتنن لەبـارەی دابەزاندنی کێش کە لەنێو خەڵکیدا بڵاون:

## "رژیمی خۆراکی کەم کاربۆهێدرات"

پەیڕەوکردنـی رژیمێکـی خۆراکـی کـە کاربۆهێدراتـی کەمبێـت، یەکێکە لـە رێگەکانی دابەزاندنـی کێـش، بـەڵام دەبێـت بزانرێت ئەم رژێمـەش کاریگەریـی لاوەکـی هەیە، بەشـێکی خەڵکـی کاربۆهێـدرات لـە ژەمەکانیانـدا کەمدەکەنـەوە یـان هەر نایخـۆن، ئەمەش وایان لێدەکات هەسـت بە بێهێزی بکەن، بۆیە هەمیشە هەڵبژاردنی رژیمێکـی خۆراکی کەم کاربۆهێدرات باشترین بژارە نییە، بەڵکو هەوڵبدە بژارەی دیکە تاقیبکەیتەوە، وەک پرۆتینی کەم و کەمخواردنی چەوری.

## "لە پاش 6ی ئێوارە هیچ مەخۆ"

زۆربەمان گوێمان لەو قسـەیە بووە کە دەڵێت (وەک پاشـا ژەمی بەیانیان بخۆ، ژەمی نیوەڕۆ وەک شـازادەیەک بخۆ و ژەمی ئێوارەشـت وەک گەدایەک)، بـەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە دوای 6:30ی ئێوارە هیچ شـتێک نەخۆیت بۆ ئەوەی کێشـت دابـەزێ، گرنگە ئەو شـتانەی دەخورێن خۆراکی تەندروست بن و کالۆری کەمیان هەبێت.

## "وەرزشی زۆر و کێشی کەم".

چالاکیـی جەسـتەیی، لەوانـەش وەرزش رێگەیەکـی کاریگەرە بـۆ دابەزاندنی کێش، بەڵام ئەمـە بـەو مانایە نییـە بەدرێژایـی رۆژ وەرزش بکەیـت، رۆژانـە نیـو کاژێـر بۆ کاژێرێک و نیو وەرزش بکە و خۆراکی تەندروسـتیش بخۆ، ئەمە لە ماوەیەکی کەمدا کێشت دادەبەزێنێ.

## "لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن، قەڵەو دەبیت"

ئەگەر شـێوازێکی ژیانی تەندروسـتت هەبێت، لەگـەڵ هەڵکشـانی تەمەن قەڵـەو نابیت، نهێنی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وەرزشـکردنی بەردەوام و خواردنی خۆراکە تەندروستەکان.

# خەمۆکیی ماوەی سووڕی مانگانە چییە؟

**رووداو– فلو**

بەشێکی زۆری خانمان لە پێش یان لە ماوەی سووڕی مانگانەدا تووشی خەمۆکی و شڵەژانی دەروونی دەبن، بە جۆرێک بەشێکی زۆریـان جگـە لەو ئازارەی لە ماوەی سـووڕی مانگانە تووشـیان دەبێت، لەنێو ژوورەکەیان دەمێننەوە و گۆشەگیر دەبن.

تێکچوونی باری دەروونی بەگشـتی و هەستکردن بە خەمۆکی لە ماوەی سووڕی مانگانەدا شتێکی ئاساییە، چونکە لەو ماوەیەدا هاوسەنگیی هەندێک لە هۆرمۆنەکان لە جەستەدا تێکدەچن.

لە ماوەی سووڕی مانگانەدا ئاستی هۆرمۆنەکانی پرۆجیسترۆن و ئیسترۆجین تێکدەچن، ئەمەش کاردەکاتە سەر ئاستی هۆرمۆنی سـیرۆتۆنین کە بە هۆرمۆنی دڵخۆشـی ناسـراوە، کەمبوونەوەی سیرۆتۆنینیش دەبێتە هۆی تێکچوونی میزاج، خەو و خواردن.

لە ماوەی سووڕی مانگانەدا جگە لە خەمۆکی، خانمان تووشی هەندێک گرفتی دیکەش دەبـن وەک: لەبیرچوونەوە، تووڕەبوون، کەمبوونـەوەی ئـارەزووی سـێکس، خـەوزڕان، زۆرخـۆری یـان کەمخۆری، هێڵنج، ماندووبوون و بێهێزی.

بەپێـی توێژینـەوەک کە لە ماڵپـەڕی (فلـو) بڵاوکراوەتەوە، نزیکەی 75%ی خانمان پێش دەسـتپێکردنی سووڕی مانگانەیان تووشی خەمۆکی دەبن و نزیکەی 7–8% لە ماوەی سووڕی مانگانە تووشـی حاڵەتێکـی توندی خەمۆکـی دەبن کە تەنانـەت بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە.

بـۆ دووربوون لە گرفتـە دەروونییەکان بەگشـتی و خەمۆکی بەتایبەتی لە ماوەی سـووڕی مانگانەدا، خانمان دەبێت رژیمێکی خۆراکی هاوسـەنگ و تەندروسـت پەیڕەو بکەن، بـۆ ماوەی 30–45 خولـەک وەرزش بکـەن، خەویان رێکبخەن و لانیکەم 8 کاژێر بخەون. هەروەها بۆ کەمکردنەوەی گوشاری دەروونی تەکنیکەکانی خاوبوونـەوە پەیـڕەو بکەن، ئەگەر بـەم هەنگاوانە چاک نەبوون، دەبێت راوێژ بە پزیشک بکەن و لەوانەیە دەرمانی دژە خەمۆکییان بدرێتێ.



# چۆن رووبەڕووی گوشاری دەروونی دەبیتەوە؟

**رووداو– هەولێر**

پاراستنی دەروونـدروستی لەم جیهانە جەنجاڵەدا ئاسان نییـە، بەڵام چەند گۆڕانـکاری و هەنگاوێک دەتوانن ئەمە ئاسـانتر بکەن. مرۆڤ بەشـێوەیەک دروسـت نەبووە کە بتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگەی گوشاری دەروونی بگرێت، راسـتییەکە ئەوەیە گوشـاری زۆر کوشندە، هۆکارێکە بۆ نەخۆشییەکانی دڵ، خەمۆکی و شەکرە، بەڵام مانەوە بەبێ گوشـار و بە تەندروستی، مەترسییەکە کەمدەکاتەوە. بۆ ئەوەی گوشـاری دەروونی کەم بکەیتەوە، ئەم هەنگاوانە پەیڕەو بکە:

## – خۆراکی باش

زۆرینەمـان لە کاتە پڕ سترێسـەکاندا ژەمێکی خێرا یان سـووکەژەمێکی نادروسـتی پڕ لە شەکر، خوێ و چەوری دەخۆین، ئەمەش تەواو دژی بیرۆکەی مانەوە بە تەندروسـتییە لە کاتە پڕ سترێسەکاندا. بۆیـە هـەوڵ بدە خۆت بـە ژەمێکی تەواو دروست یان سـووکەژەمێکی میوە و سەوزەکان تێر بکە.

دەسـتەی پزیشکانی دەروونی لـە ئەمریـکا دەڵێـن نزیکـەی سێیەکی ئەمریکییەکان لەکاتی گوشـاردا بـەدوای ژەمێکـی خۆراکی چەور و سـوێر و پڕ کالۆریـدا دەگەڕێن. ئەمەش رێگەیەکی هەڵەیە.



## – وەرزش یارمەتیت دەدات:

زۆرینەمـان لـە کاتی سترێسـدا لە جیاتـی وەرزش، پاڵدەکەوین و پشـوو دەدەین، بەڵام باشـتر وایە لەکاتی گوشـاری دەروونـی وەرزش بکرێـت، بەتایبەتـی ئەگەر وەرزشـە تێکەڵەکان بێت باشـترە و بەهۆی وەرزشـەوە خەڵکی گوشاریان لەسەر نامێنێ.

## –راوێژکردن بە کەسانی شارەزا:

ئاساییە کەسێک سـترێس بێت، بەڵام بەردەوامبوونی سترێس ئاسایی نییە و مانەوە لە سترێسدا ئاسایی نییە، چونکە دڵەڕاوکێی رۆژانە جیاوازە لە نەخۆشیی دڵەڕاوکێ، بـۆ نموونە ئەوانەی نەخۆشـییەکەیان هەیـە و لەگەڵیدا تووشـی دڵەکوتە، ترس و تێکچوونی خەو دەبن، دەبێت راوێژ بە پزیشک بکەن یان سەردانی دەروونناس بکەن.

## – باش بخەوە:

کاتێک سترێسیت، خەوت تێکدەچێت، بەڵام مانەوە تا کاتە درەنگەکانی شەو مەترسیی دروستدەکات و لەجیاتی ئارامکردنەوە، خەوتێکچوون و دڵەڕاوکێ پێکەوە دۆخەکە تێکـدەدەن، چونکـە کەمخەوی گوشـاری دەروونی زیاتر دەکات.

## – زیرەکانە مامەڵە بکە:

کاتێک کە گوشـارت هەیە و لـە دڵەڕاوکێدایت، بڕیار مەدە، ئارام ببەوە و دواتر کارەکانت بکە، بڕیاری کاتی گوشـار دروست نییە و زۆرجار هەڵەت پێدەکات. پاڵپشـتی لە کەسانی دەوروبەر و نزیکەکانت وەربگرە و پەیوەندییەکانت بەهێز بکە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# خاڵی ناکۆک، جوگرافیا و راپرسی

لەدوای پەسەندنەکردنی ئەنجامی گشتپرسیی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لەلایەن بەغداوە، لەژێر گوشاری وڵاتە دۆست و نێوەندگیرەکانی نێوان هەردوولا، کورد بەناچاری و گورپوتینەوە رووی کردەوە ناوەند. مەبەستێتی وەڵامی یەکلاکەرەوەی دەستبکەوێت لەوەی بەغدا کە قبوڵی نەبوو کورد لە عێراق جیابێتەوە، ئایا مافە دەستوورییەکانی دەسەلمێنێ؟

بەرووکەش کەشێکی وا رەخساوە کە کورد بەچاوی ئومێدەوە لە بەغدا بڕوانێ. بەتایبەتی دوای ئەوەی دادگای باڵای فیدراڵی لە وەڵامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور کردەوە. ئەمە تێگەیشتنێکی لای بەشێک لە نوخبەی سیاسی کورد دروستکردووە کە هێشتا دەرفەتی ئەوە ماوە لە چوارچێوەی ئەو رێکارە دەستوورییانەی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە عێراق دیاریکراون، لەگەڵ بەغدا بگەنە لێکگەیشتن.

هەرچەندە بەندە هیوام بەوە نییە بەغدا لە هیچ هەلومەرجێکدا چارەسەری کێشەی کورد پەسەند بکات و زەمینەی ئەوە برەخسێنێ کە کوردستانی ژێردەستی خۆی، بخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان. بەپێچەوانەوە وای دەبینم کە ستراتیجی بەغدا نەهێشتنی قەوارە دەستوورییەکەی هەرێمیشە، چجای ئەوەی چاومان لەوەبێت بە ئەندازەی ئەم جوگرافیایەی ئێستای هەرێم خاکمان بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام گریمان دید و تێڕوانینی ئەو نوخبەیەی روو لە بەغدان دروستترە و عێراق پابەندە بە بەند و برگەکانی دەستوورەوە. گریمان هەلومەرجی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەرفەتی خولێکی تری دەورانی کورد دەرەخسێنێتەوە، دەپرسم ئایا بەراستی چارەسەری کێشەی خاک و سنووری جوگرافیای کوردستان بە ماددەی 140 دەستەبەر دەبێ؟ ئایا کورد بۆ ئەو ئەگەرە خۆی ئامادە کردووە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ماددەی 140ی دەستوور بکات؟ هەڵە و کەموکورتییەکانی دەستنیشان کردووە؟ لەکوێدا دەکرێت بە قازانجی کورد تەواو بێت و لەکوێدا دەبێتە مەترسی؟

کورد لە کاتی نووسینەوەی دەستووردا سەرباری ئەوەی لە گفتوگۆکانی لەگەڵ لایەنی بەرانبەر بە وردی پەنجەی خستبووە سەر کێشەکان، بەڵام لە گواستنەوەی بەرئەنجامی گفتوگۆکان بۆ ناو دەستوور، هەروەها لە دەستنیشانکردنی رێکارەکان بۆ چارەسەری کێشەکان، تووشی هەڵەی گەورە بووە. بەدڵنیاییەوە باجی ئەو هەڵانەش دەداتەوە. رەنگە لە وتارێکی وادا نەتوانرێت هەموو هەڵە و کەموکورتییەکانی ناو دەستوور باس بکرێت، بەڵام ئەوەی لە هەموویان گرنگترە و زیاتر بۆ کورد دەبێتە کێشە، دوو خاڵە: یەکەمیان جگە لە کەرکووک دیارینەکردنی ئەو ناوچانەی تری کوردستانە کە بەپێی دەستوور (ناکۆکییان لەسەرە). دووەمیش میکانیزمی ئەنجامدانی راپرسی کە لە دەستووردا وەک دوا قۆناغ بۆ وەرگرتنی رای دانیشتووان دیاریکراوە، روون نەکراوەتەوە ئایا لەسەر چ ئاستێک راپرسی دەکرێت، لەسەر ئاستی عێراق، پارێزگاکان، یان ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە؟

نە لە دەستوور و نە لە هیچ دەقێکی نووسراوی نێوان هەولێر و بەغدا وەک پاشکۆیەکی دەستووری بۆ دیاریکردنی ئەو ناوچانەی چارەسەرە دەستوورییەکان دەیگرێتەوە، باسی ئەو جوگرافیایەی تێدا نییە کە کورد بە موڵکی خۆی دەزانێت و چاوەڕێیە لەرێگەی ماددەی 140ی دەستوورەوە وەریانبگرێتەوە. ئایا کورد بە نیەتی دڵ مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە دەکات؟ یان پێویست بوو لەگەڵ بەغدا رێککەوتنێکی تری سیاسی بکات بۆ ئەوەی هەموو ئەو ناوچانەی ماددەی 140 دەیانگرێتەوە، دیاری بکرێن.

ئەو ناوچانەی کورد بە بەشێک لەکوردستانیان دەزانێ و ئێستا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، کامانەن؟ لە کوێی دەستووری عێراق و لە کام برگەی ماددەی 140 دا باسی قەزاو ناحیە و گوندە کوردییەکانی سەر بە پارێزگای کوت کراوە؟ رێکاری داواکردنەوە و وەرگرتنەوەی قەزا و ناحیە و گوندە کوردییەکانی سەر بە پارێزگای دیالە لە کوێی دەستووری عێراقدایە؟ کامەیە رێگەچارەکانی وەرگرتنەوەی قەزا و ناحیە کوردستانییەکانی دەشتی نەینەوا؟ ئەگەر ئەو رێوشوێنە یاساییانەی لە دەستووردا هاتوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە، بێ گیروگرفت کاریان لەسەر کرا، دواجار خرانە بەردەم راپرسیی دانیشتووانەکەی، کورد کام ناوچە دەباتەوە و کوێ دەدۆڕێنێ؟ ئایا هیچ ئامادەسازییەک بۆ ئەمە کراوە؟

ئەوەی لە ماددەی 140دا هاتووە تەنیا دەڵێت لە کەرکووک و ناوچەکانی تری کێشەلەسەر. ئێمە لای خۆمانەوە دەزانین سنووری جوگرافیای کوردستان تا کوێیە و چەند شار و شارۆچکەی کوردستان لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن. ئەگەر بەپێی سنووری ئیداری ریزیان بکەین، دەکرێت بەم شێوەیە دەستنیشان بکرێن:

پارێزگای کەرکووک بەم هەیکەلە ئیدارییەی ئێستایەوە، قەزای مەرکەزی کەرکووک و قەزای حەویجە، قەزای داقوق، قەزای دوبز، بە ناحیە و گوندەکانیانەوە، بەپێی دوا دەستکاریی ئیداری و ئاماری ساڵی 1987 رووبەرەکەی (10391) کیلۆمەتر دووجایە.

بەدرە، ناحیەی جەسان و زرباتییە، بەپێی ئاماری ساڵی 1957 لەگەڵ 53 گوند، کەوتوونەتە سنووری پارێزگای کوت. بەپێی ئاماری ساڵی 1987 رووبەرەکەی (3650) کیلۆمەتر دووجایە.

مەندەلی، بەپێی ئاماری 1957 لەگەڵ دوو ناحیەی بەلەدروز و قەزانیە و 234 گوند، کەوتوونەتە سەر پارێزگای دیالە. بەپێی ئاماری ساڵی 1987 رووبەرەکەی (6586) کیلۆمەتر دووجایە.

خانەقین، بەپێی ئاماری 1957 لەگەڵ چوار ناحیە، مەیدان و قۆرەتوو و سەعدیە و جەلەولا و 287 گوند، کەوتوونەتە سەر پارێزگای دیالە. بەپێی ئاماری ساڵی 1987 رووبەرەکەی (3915) کیلۆمەتر دووجایە.

دوزخورماتوو، لەگەڵ ناحیەکانی سلێمان بەگ، ئامرلی، نەوجول، قادرکەرەم، بەپێی بڕیارێکی کۆماریی ساڵی 1976 خراوەتە سەر تکریت، بەپێی ئاماری ساڵی 1987 رووبەرەکەی (4019) کیلۆمەتر دووجایە.

هەروەها لە سنووری پارێزگای هەولێر قەزای مەخموور، لەگەڵ ناحیەکانی قەراج، کەندیناوا، گوێر، بەپێی ئاماری ساڵی 1987 رووبەرەکەی (2759) کیلۆمەتر دووجایە.

لە پارێزگای نەینەوا، حەمدانیە و ناحیەکانی، بەپێی ئاماری 1987 رووبەرەکەی (1188) کیلۆمەتر دووجایە. تەلکێف لەگەڵ ناحیەکانی، سەر بە پارێزگای نەینەوا، بەپێی ئاماری ساڵی 1987 رووبەرەکەی (1257) کیلۆمەتر دووجایە.

شەنگال لەگەڵ ناحیەکانی بەپێی ئاماری ساڵی 1987 رووبەرەکەی (3188) کیلۆمەتر دووجایە. تەلعەفەر لەگەڵا ناحیەکانی، سەر بەپارێزگای نەینەوا، بەپێی ئاماری ساڵی 1987 رووبەرەکەی (4297) کیلۆمەتر دووجایە. شێخان لەگەڵ ناحیەکانی، سەر بەپارێزگای نەینەوا، بەپێی ئاماری ساڵی 1987 رووبەرەکەی (1333) کیلۆمەتر دووجایە.

ئایا ئێمە لە رێگەی ماددەی 140 و ئەو میکانیزمەی دیاریکراوە دەتوانین ئەم جوگرافیایە بخەینەوە سەر هەرێمی کوردستان؟ یان دواجار رووبەڕووی ئەو مەترسییە دەبینەوە کە جگە لەو هەموو قەزا و ناحیانە، بەغدا بە رێکارەکانی ماددەی 140 قەزاکانی چەمچەماڵ و کفری و کەلاریش لە هەرێمی کوردستان وەربگرێتەوە و گرفت بۆ ئاکرێ و دهۆکیش دروستبکات کە دەبێت بخرێنەوە سەر نەینەوا.

پێویستە سەرکردایەتی کورد، سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە رووکردنەوە بەغدایان پەسەند کردووە و دەچنە گفتوگۆوە، بەوردی ئەم مەترسییە لەبەرچاو بگرن و پلان و بەرنامەیان بۆ ئەوەی چۆن لە ئێستا و داهاتوودا مامەڵە لەگەڵ ئەم گرفتانە دەکەن. ئەگەر بێ پلان و بێدەربەستانە و بێ بەرنامەی راستکردنەوەی هەڵەکان رووبکەنەوە بەغدا، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەو پەندە کوردیەمان بەسەردا دەسەپێت کە دەڵێ (چوو بۆ ریشی، سمێڵیشی دانا).

---



سیروان رەحیم

# ئەتۆم .. ئەتۆم

رۆژی 2019/9/20، زۆر شوێن، زۆر شەقام، گەلێ گۆڕەپانی نێودار و زۆر سەکۆی گرنگی دونیا بوون بە مەیدانی خۆپیشاندان. خۆپێشاندانی گەورە و فراوان سازکران، خۆپیشاندان بە مەبەستی پاراستنی ژینگە و ئەو گۆڕانە نەرێنییانەی چاوەڕوانی ئاووهەوای ئەستێرەکەمان دەکەن، بەتایبەتیش بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی. پاشتریش لە ئەمەریکا و بە بەشداریی سەرۆکی دەوڵەتان، دەوڵەتە بەهێز و دەسەڵاتدارەکان، لە نێویاندا ئەو دەوڵەتانەی چەکی ئەتۆمیان هەس، سازکردنی لوتکەی ئاووهەوای بەسەردا هات.

بێگومان سەبارەت بە گۆڕانەکانی ئاووهەوا، جەخار پێشبینییەکان پڕ مەترسین.

رێپێوان، دەربڕینی نارەزایی، ئاگادارکردنەوە و سازکردنی لوتکەی ژینگە، کاری پێویست و ئەرێنین، کارێکن یەکجار باش، بەڵام لە سۆنگەی پاراستنی ژینگە، ژیانی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی دڵنیایی لەسەر ئەم ئەستێرەیە، کاری باشتر، پێویستتر و بەپەلەتر هەن رێپێوانیان بۆ بکرێت.

مرۆڤ گیاندارێکی گونجێنەر و خۆگونجێنەرە بەرانبەر بە گۆڕانکاریی خوەزا و لەبەردەم ئاستەنگەکانی سروشتدا زۆرجار دانامێنێ و دەریچە دەدۆزێتەوە.

بەڵام بەڵای گەورەتر لە گۆڕانی نەرێنییانەی ژینگە و ئاووهەوا بەرانبەر بە مرۆڤ، بوونی چەکە. چەکی کۆکوژ، چەکی ئەتۆم و چەکە کۆکوژە جۆراجۆرەکان کە زۆربەمان هێشتا ناویشیان نازانین. چەکێک کە مرۆڤ خۆی داهێنەر و بەرهەمهێنەرێتی.

ئەتۆم، چەکێک لەو رۆژەوە دروستکراوە، ئاماژەیە بۆ نادڵنیایی بەردەوامی ژیان لەسەر ئەم ئەستێرەیە.

ئەتۆم، ئەو چەکە ترسناکە وێرانکارە، ئەوەندەی لێبەرهەم هاتووە و ئەوەندەی لێ کەڵەکە کراوە، کە بتوانێت دەیان جار ئەم ئەستێرە داماوە هەپرون بە هەپرون بکات.

با ئەتۆم نەمێنێت. ئەتۆم، لەو رۆژەوە ئەم چەکە نەفرەتییە هەس، نە مرۆڤ و نە ئەم ئەستێرەیە دڵنیا نین. با فرۆشتنی چەک نەمێنێت.

با مرۆڤەکان بۆ نەمانی ئەتۆم و بڵاوبوونەوەی چەک، فرۆشتنی چەک بە دیکتاتۆر و دەسەڵاتدارە سەرەرۆکان بێنە سەر شەقام و گۆڕەپانەکان بهەژێنن.

ئۆسکار وایڵد دەڵێت: بەخشینی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی کەسانی تر چەند ئاسانە، ئەوەندەیش زانیاری بەخۆبەخشین و خۆهۆشیارکردنەوە سەختە.

با مرۆڤەکان، بەتایبەتیش دەسەڵاتداران و بەڕێوەبەرانی سیستەم، سیستەمە کاریگەرەکانی جیهان، لەبارەی چەکەوە خۆهۆشیار بکەنەوە و بەئاگابێنەوە. با لە بری مەترسیی ژینگە، هیچ نەبێت سنوورێک بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ و بڵاوبوونەوەی چەک دابنێن.

بەداخەوە ئەوە ناکەن، بەرلەوەی باس لە مەترسیی ژینگە و کارەساتی سروشتی بکرێت، دەبوو چاوێک بە عەمبارەکانی چەک، بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ و فرۆشتنی چەکدا بخشێننەوە.

ئایا هەڵەبجە بەشێک نەبوو لەم ژینگەیەی ئێستا مرۆڤەکان بۆی دەڕژێنە سەرشەقام و وەردەبنە نێو گۆڕەپانەکان بۆی؟

ئایا شەڕە مووشەک بەسەر زەریاکاندا ژینگە وێران ناکات؟

گەلۆ وێرانکردنی خاک و کەژوکێوی کوردستان، وڵاتانی وەکو سووریا، لیبیا، یەمەن و کوێ و کوێی دی رۆژانە بە چی دەکرێت؟

بە کام چەک و چ دەرئەنجامێکی نەک بۆ مرۆڤ، بۆ ژینگەیش دەبێت؟

ئایا وێرانکردنی دەروونی مرۆڤەکان، راونانیان و کوشتنیان بە چەکە هەرە هاوچەرخەکان چین؟ چ شرۆڤەیەک هەڵدەگرن؟

ئایا سەبەبکارانی کیمیابارانی هەڵەبجە و کەژەکانی کوردستان کێ بوون؟ ئەرێ تاوانباران چییان لێهات؟

سەبارەت بەو بابەتە و دڵنیایی ژینگە و پاراستنی گیان و ژیانی مرۆڤ پرسیارەکان زۆرن.

بەڵام بەرسڤ نییە!

کارەسات ئەوەیە مرۆڤ چارەسەر، سەرچاوەی لەنگەرگرتن و جڵەوگرتن لە بواری پاکژیی ژینگە و دڵنیایی لەخۆیدا نەبینێت و لە شوێنێکی تر بۆی بگەڕێت یان چاوی مرۆڤ وزەی بینینی هۆکاری سەرەکی کارەساتی نەبێت.

چەند خۆش دەبوو مرۆڤ ئارامی و دڵنیایی لە خۆیدا بدۆزیباوە و خۆی بکردبا بە پارێزەری ژینگە و پارێزەری ئەم ئەستێرەیە بە گشتی. نەک خۆی هۆکاری وێرانکردن بێت، چەکی ئەتۆم و کۆکوژ بۆ ژینگە و مرۆڤ بەرهەم بهێنێت و باسیش لە هەڵکشانی پلەی گەرمای ئەستێرەکە بکات.

گاندی دەڵێت: تۆ، خۆت ببە بە سەرچاوەی گۆڕانکاری، گۆڕانکارییەک کە هیوای بۆ دەخوازیت بۆ ئەم جیهانە.

گۆڕانکاری گەورە، بەتایبەتیش بۆ پاراستنی ژینگە ئەو گۆڕانکارییەیە کە لەم خاڵەوە دەستپێدەکات:

لە دەستبەردان لە چەکی ئەتۆم، جۆرە زۆر و ترسناکەکانی چەکی کۆکوژ و بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی چەک.

لەوێوە دەستپێدەکات، هەموو ئارامی و دڵنیاییەک لەوێوە دەستپێدەکات. لەوێوە ...

---



د.زوبێر رەسوڵ
biyar_zubir@yahoo.com

# ستراتیجی گەڕانەوە بۆ بەغدا ناکاملە

کاریگەریی ئەمریکییەکان لەسەر عێراقی دوای داعش تا دێت کەمتر دەبێتەوە، بەجۆرێک وەک مایکڵ رۆبنیش چەند رۆژێک پێش ئێستا لە نووسینێکدا ئاماژەی بۆ کرد، ئەمریکا خەریکە عێراق بەتەواوی دەدۆڕێنێ، بە جۆرێک گەر وا بڕوات، دوور نییە یەکەم تەقەی ئێران و ئەمریکا لە عێراقدا بێت. تا ئێستا چەندین جار لەلایەن سەرکردە سەربازی و سیاسییەکانی حەشدی شەعبی کە ئێستا بەشێکی سەرەکیی سوپای عێراقن، هەڕەشە لە ئەمریکییەکان کراوە، ئەمریکا خۆیشی متمانەی بە دۆستایەتیی عێراق نەماوە، بەتایبەتی ئێستا کە ململانێی ئێران و ئەمریکا گەیشتووەتە ئەوپەڕی. بۆ راستکردنەوەی ئەو بەڵانسە ئەمریکا پێویستی بە کورد و سوننە دەبێت بۆ ئەوەی بەغدا بە تەواوی لەدەست نەدات.

تەرازووی هێز لە عێراقدا تادێت لە بەرژەوەندیی بەغدا و دەوڵەتی شیعەی باڵادەست لاسەنگ دەبێت، بە تایبەتی هەرێمی کوردستان لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە زۆربەی کارتە بەهێزەکانی لەدەستداون بەرامبەر بەغدا، ئەم لاوازیە بەڕوونی لە رۆڵی کورد لە پەرلەمان و دامەزراوەکانی تری حوکمڕانی لە بەغدا دەردەکەوێت. راستە ریفراندۆم نەیتوانی مەبەستەکەی بپێکێت، بەڵام لەڕاستیدا حەزی مانەوەی هەولێر لەگەڵ بەغداش تادێت لاوازتر دەبێت، بە جۆرێک ئەوەی ئێستا هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە بەغداوە تەنیا بودجەیە، ئەگەرنا هیچ ئومێدێکی سیاسیی گەورەی بە بەغدا نییە.

ستراتیژی گەڕانەوە بۆ بەغدا لە ئێستادا ستراتیژێکی عاقڵانەیە، بەڵام بەو دۆخە لاوازەی کە هەرێمی کوردستانی تێدایە ناتوانێت هیچ کاریگەری و دەستکەوتێکی سیاسی هەبێت، بەڵکو ئەو پێگە سیاسی و دیبلۆماسیەی کە هەرێمی کوردستان لە 2003 تاوەکو 2017 هەیبوو لەسەر ئاستی عێراق و ئاستی نێودەوڵەتیش، بە گەڕانەوە بۆ بەغدا لەباردەچێت و هەرێم لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بەتەواوی بە بەغداوە دەبەستێتەوە ئەگەر پاڵپشتی و هێزی سیاسیی تر بۆ ئەم گەڕانەوەیە دروست نەکرێت. واتا ستراتیژی گەڕانەوە بۆ بەغدا و رادەستکردنی نەوت کە کۆڵەگەی ئابووریی هەرێمی کوردستانە، جیاوازییەکی ئەوتۆ ناهێڵێت لە نێوان بەسرە و هەولێردا، تا ئەو ئاستەی دوور نییە دواتر هەندێک لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان داوای کارگێڕیی سیاسی و دارایی لە بەغدا بکەن، وەک تا ئێستا چەند جارێک بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ کراوە، بەتایبەتی لە ئەگەری گرژبوونی ململانێکانی یەکێتی و پارتی. بۆ ئەوەی ستراتیژی گەڕانەوە بۆ بەغدا نەبێتە هۆی توانەوەی هەرێم لەناو عێراقێکی ئایندە نادیاردا، پێویستە هەولێر دوو کۆڵەگە بۆ ئەو ستراتیژەی زیاد بکات:

## یەکەم: هاوپەیمانی لەگەڵ سوننە

کورد هەرچەندە لە دوای 2003 وە شەریکی سەرەکیی شیعە بووە لە دروستکردنی عێراقی نوێدا، بەڵام بەهۆی روانینی ئایدیۆلۆژی و مەزهەبیی شیعەکان بۆ حکومەت و دەوڵەتداری، نە کورد و نە سوننەش ناتوانن ببنە هاوبەش لە عێراقی نوێدا. ئینجا بۆ ئەوەی گەڕانەوەی کورد بۆ بەغدا سەنگ و کاریگەریی سیاسی هەبێت، دەبێت جۆرێک لە هاوپەیمانی لەگەڵ سوننە ببەستن. واتا بۆ راستکردنەوەی ئەو بەڵانسەی هێز کە هەم ئەمریکییەکان دەیانەوێت و هەمیش بۆ خودی هەرێمی کوردستان گرنگە، دەبێ هەرێمی کوردستان چاوێکی لەسەر سوننە بێت، بە تایبەتی ئەو سوننانەی کە وەک کورد نائومێد بوون لە بەغدا و ئەوەندەی روویان لە هەرێمە ئەوەندە روویان لە بەغدا نییە. هەریەکە لە کورد و سوننە لە ئێستادا ئەوەندە پەرشوبڵاو و لاوازن کە پێویستیان بە هاوکاریی یەکتر هەیە، کورد دەتوانێت نەک هەر کۆیانبکاتەوە، بەڵکو سەرکردایەتیشیان بکات، نیشتەجێبوونی بەشێکی زۆری سەرکردە سیاسی و خێڵەکییەکانیشیان لە هەرێمی کوردستان، دەتوانێت ئاسانکاری بۆ ئەو هەنگاوە بکات.

سوننە نەیانشاردووەتەوە کە ئەوان تامەزرۆی دروستکردنی هەرێمێکن. بەتایبەت لە دوای کاولکارییەکانی شەڕی داعش، چەند جارێک بیرۆکەی ئەو هەرێمەیان پێشنیاز کردووە، کورد دەتوانێت هاوکاریان بێت لە دروستکردنی هەرێمێکی وەها کە دەرئەنجام لە بەرژەوەندیی کورد دەشکێتەوە. دروستبوونی هەرێمێکی دیکە لە عێراقدا وا دەکات پاڵپشتیی دەستووریی هەرێمی کوردستانیش بەهێزتر بێت لە بەرامبەر حکومەتی ناوەند، ئەمە جگە لەوەی دروستبوونی هەرێمێکی دیکە، ئەگەری دروستبوونی چەند هەرێمێکی تریش ئاسان دەکات. لە ئاستی ئیقلیمیشەوە داواکارییەکانی کورد چیتر تەنیا وەک داواکاریی نەتەوەیی و ئیتنیکی و ناوچەیی دەرناکەون، بەڵکو دەچنە قاڵبێکی ترەوە، ئەو پاساوەش لەدەست ئەو هێزانە دەردەهێنرێت کە کورد وەک نەتەوەیەکی جوداخواز و دژەدەوڵەت سەیر بکرێت.

ئەم هاوپەیمانێتیە لەگەڵ سوننە کورد دووبارە دەکاتەوە بە شەریکێکی بەهێز لە عێراقدا کە بتوانێت داکۆکی لە مافەکانی بکات، بە تایبەت کە ئێستا هەریەکە لە کورد و سوننە دوو کاراکتەری زۆر لاوازن و خەریکە هیچ کاریگەرییان نامێنێ بەسەر جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عێراقەوە. هاوپەیمانێتییەکی لەو جۆرە دوور نییە ببێتە ئەڵتەرناتیڤی ئەو هاوپەیمانییە ستراتیژیەی نێوان کورد و شیعە کە لەدوای 2003 پایە سەرەکییەکانی دەوڵەتی نوێی عێراقی لەسەر بنیاتنرا. ئەم هاوپەیمانێتیە هێزێکی زۆر دەدات بە گەڕانەوەی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و کورد لە مەترسیی توانەوەی سیاسی و ئابووریش دەپارێزێ.

## دووەم: سوپایەکی نیشتمانیی پرۆفیشناڵ

هەرێمی کوردستان وەک ئەکتەرێکی بەهێز لەناو عێراقدا، هەمیشە جێی بایەخی ئەمریکا و ئەوروپییەکانیش بووە، بەتایبەتی دوای بەحەشدکردنی سوپای عێراق و هەژموونی ئێران بەسەر سوپادا خەریکە ئەمریکا متمانەی بە سوپای عێراق نامێنێ. کورد دەبێت بزانێت کە ستراتیژی ئێستای ئەمریکا بریتیە لە پشتبەستن بە سوپا و هێزە چەکدارە لۆکاڵییەکان بۆ دەستتێوەردان و هەژموونی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا، ئەمە نەک هەر لە سەردەمی ئیدارەی ترامپ، بەڵکو لە سەردەمی ئیدارەی ئۆباماش ئەمریکا خۆی بەدوور دەگرت لە ناردنی هێزی سەربازیی زەمینی وەک ئەوەی لە عێراق و ئەفغانستان کردی، بۆیە لە سووریا و لە عێراق لەرێی پاڵپشتیی هێزە لۆکاڵیە سەربازییەکانی وەک هێزەکانی سووریای دیمۆکرات و هێزی پێشمەرگە شەڕی داعشی کرد. پاڵپشتیی دارایی و لۆجستیی ئەمریکا و ئەوروپییەکانیش بۆ رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیە، نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش کۆتایی نەهاتووە. لە سەروبەندی ململانێی ئێران و ئەمریکا و ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا، ئەوا وێستگەی سەرەکیی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستان دەبێت بۆ چاودێریکردنی ئێران. خودی سەرۆکی ئەمریکا نەیشاردەوە کە دوای کشانەوەیان لە سووریا، هێزەکانیان لە عێراق نیشتەجێ دەبن. بۆیە هەرێمی کوردستان دەبێت تا زووە هێزی پێشمەرگە رێکبخاتەوە لەسەر شێوازی لەشکرێکی نیشتمانیی پرۆفیشناڵ کە بتوانێ جێی متمانەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێت لە ناوچەکەدا، دروستکردنی سوپایەکی بەهێز و ناحیزبی دەتوانێت ببێتە ئەڵتەرناتیڤی لەدەستدانی کارتی نەوت و وزە و کۆمپانیا بیانییەکان. هەرێمی کوردستان دەبێت بزانێت بەبێ پاڵپشتیی نێودەوڵەتی و هاوکاریی سیاسی ئەمریکا و هێزە ئەوروپییەکان لەناو عێراقدا دەتوێتەوە.

ئەم دوو هەنگاوە دەتوانن هەم لە ئاستی ناوخۆ و هەم لە ئاستی دەرەوەش هەرێمی کوردستان لە توانەوەی سیاسی و ئابووری رزگار بکەن، بەبێ ئەو دوو هەنگاوە، ستراتیژی گەڕانەوە بۆ بەغدا، هەرێمی کوردستان بەتەواوی دەبەستێتەوە بە عێراقەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕەفعەت سەلیمی

# ئێران وریا نەبێ دەگەوزێ

ماوەیەکی زۆرە گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئێران و ئامریکا ڕووی لە پەرەسەندنە و ئێران وەک تاکتیک نووکی ڕمی هێرشەکانی بەرەو وڵاتانی هاوپەیمانی ئامریکا لە کەنداو ئاراستە کردووە. لەم نێوەندەدا سعودیە و ئیمارات بە چەند هۆکارێکەوە کە گرینگترینیان ڕکابەریی هەناردەکردنی وزە و نەوتە، پشکی شێریان بەرکەوتووە. وەک دوایین تێکهەڵچوونیش بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن) لە کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی سعودیە (ئارامکۆ) درا کە ئەمە بۆخۆی دیمەنێکی زۆر ئاڵۆزە و هەوڵدەدەم لەم وتارەدا تیشک بخەمە سەر لایەنە نادیارەکانی.

ئەم هەنگاوە لەوانەیە لە کورتخایەندا وەک سەرکەوتنێکی ڕێژەیی بۆ ئێران بێتە ئەژمار، بەڵام دواجار دیوێکی دیکەشی هەیە کە ڕەنگە ئەنجامێکی ئاوەژووی بۆ ئێران لێبکەوێتەوە.

گومان لەوەدا نییە کە لێدانی دامودەزگاکانی ئارامکۆ ئۆپەراسیۆنێکی ئاڵۆز، قورس و هەرە تەکنیکیە کە حووسییەکان لەتوانایاندا نییە کارێکی لەوشێوەیە بکەن. حووسییەکان ئەوپەڕی دەتوانن زیانی زۆر سووک بە فڕۆکەخانەی سعودیە لە جیزان بگەیەنن، یان لەڕووی مەیدانیەوە زەبری سووک لە هێزەکانی سعودیە و هاوپەیمانیی عەرەبی بدەن. هەربۆیە ئامریکا و بەریتانیا و سعودیە و زۆر وڵاتی دیکەش ئێران بە ئەنجامدەری هێرشەکانی سەر ئارامکۆ دەناسن و تا ڕادەیەکی زۆریش گومان هەڵناگرێت کە هێرشەکە لە خاکی ئێرانەوە ئەنجامدراوە. هەر لە سەرەتاوە ئەم گومانە لەوێوە دروست بوو کە سیستەمی بەرگریی دژەمووشەکی سعودیە مەیلەو یەمەن و بەئاراستەی باشوور دامەزرابوون و چاوەڕوانی هێرشی مووشەکی لە باکوور (ئێران) ـەوە نەبوون. کەواتە ئەگەر لەلایەن حووسیەکان و لە یەمەنەوە هێرش بکرایە، سیستەمی دژە مووشەکیی سعودیە لانیکەم چەند دانەیەکی پووچەڵ دەکردەوە. لەبیرمان نەچێت کە ترەمپ پێش خستنەخوارەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی لەلایەن ئێرانەوە چالاکیی سەربازیی ئێرانی لەدژی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بە هێڵی سوور دانابوو کە بەزاندنی وەڵامی توندی ئامریکای بەدوادا دێت. بەڵام ئەم کردارەی ئێران ڕێکوڕاست بەزاندنی هێڵە سوورەکانی ئامریکایە و لێرەدایە کە بێدەنگی و بێهەڵوێستیی ترامپ گومانێکی لۆژیکیمان بۆ دروست دەکات. ئەگەر بەوجۆرەی کە ئامریکا و وڵاتان دەڵێن، ئەو هێرشانەی سەر ئارامکۆ لە ئێرانەوە ئەنجامدرابێت، کەواتە نەک هەر ئەو هەموو چەکوچۆڵەی سعودیە لە ئامریکا و ئەورووپای دەکڕێت بێکەڵکن، بەڵکو دەکرێت بڵێین ئەو هەموو هێزەی ئامریکا لە کەنداو خەریکن قاز و سۆنە دەلەوەڕێنن. چونکە هێرشی بەربڵاوی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر زیاتر لە بیست شوێنی پاڵاوگەی بەقیق و گۆڕەپانی نەوتیی خورەیس نەک هەر هیچ بەرپەرچدانەوەیەکی سیستەمی بەرگریی سعودیەی بەدوادا نەهات، بەڵکو بەسەر سەری دەستەی پێنجەمی هێزی دەریایی ئامریکا لە بەحرەین و بارەگای فەرماندەیی هێزەکانی ئامریکاشدا لە قەتەر تێپەڕیوە و هیچ کاردانەوەیەک یان بەرگرییەک لەلایەن ئامریکاوە نەبووە. بەجۆرێک رایان کرۆکەر کە لەسەردەمی بووشی باوکەوە تا دەورانی ئۆباما باڵیۆزی ئامریکا بووە لە پێنج وڵاتی ناوچەکە (عێراق- ئەفغانستان- کوەیت- لوبنان- سووریا)، لە بەرنامەیەکی رادیۆییدا گوتی ئەم هێرشانەی سەر ئارامکۆ هێندەش لەناکاو نەبوون و لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی نەک هەر سەیرە کە چۆن ئەو هەموو مووشەکە بەنێو جەرگەی سیستەمە پێشکەوتووەکانی سعودیەدا تێپەڕیون، بەڵکو جێی سەرسوڕمانیشە کە ئێمە لە بەحرەین بنکەی سەربازیمان هەیە، کەشتییە جەنگیەکانمان بەردەوام لەکەنداو لەهاتوچۆدان، ئەگەر ئەم مووشەک و فڕۆکە بێفڕۆکەوانانە بەکەنداودا تێپەڕیون ئایا هێزەکانی ئێمە توانیویانە بیانبینن؟ ئەگەر وەڵامەکە "نا" بێت، ئەوا پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی دەستبەجێ و تێروتەسەل لەبارەی هۆکاری ئەم ناکارامەییە بکرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کرۆکەر باڵیۆزی چوار سەرۆکی ئامریکا بووە لە ناوچەکەدا، دەتوانین بڵێین پەرۆشی و پرسیارەکەی بەتەئکید بەهەند وەردەگیرێت و ئەگەر پشتڕاست ببێتەوە کە دوور لە چاوی هێزەکانی ئامریکا ئەو هێرشانە ئەنجامدرابن، ئەوا پێنتاگۆن لێکۆڵینەوە دەکات، بەڵام بەبڕوای من کار ناگاتە ئەو شوێنە، چونکە هەمووان دەزانن هەرچەند توانای سەربازیی ئێران بەئاستێکی بەرچاو گەشەی کردووە، بەڵام توانای سەربازیی ئامریکاش هێندە دانەبەزیوە کە لانیکەم توانای بینینی مووشەکەکانی ئێرانی نەبێت. بێگومان ئامریکا ئەگەر بەرژەوەندی نیشتمانیی خۆیی تێدا نەبێت تەنیا و تەنیا لەبەر خاتری سعودیە ناچێتە شەڕێکی نوێوە. بڕوام وایە ئاسایشی نیشتمانیی ئامریکا و دۆکترینی نوێی ئەو وڵاتە وا دەخوازێت تاماوەیەک دەستی ئێران بەکراوەیی لە کەنداودا بهێڵێتەوە. بۆ نموونە هەر سەبارەت بە هێرشەکانی سەر ئارامکۆ دەتوانین بڵێین بێدەنگی و بێهەڵوێستیی ئامریکا لەمەڕ ئێران چەندین قازانجی بۆ ئامریکا هەبووە. یەکەم بڕیار وابوو ئارامکۆ پشکەکانی لە بۆرسەدا بخاتە بەردەست کڕیارانەوە و ئامریکاش لە هەمووان زیاتر تامەزرۆی کڕینی پشکەکانی ئەو کۆمپانیایەیە و لەدوای هێرشەکانەوە بێگومان نرخی پشکەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت و لە ئەگەری فرۆشتنیدا ئامریکا دەتوانێت هەرزانکڕی بکات. هەروەها فرۆشتنی زیاتری سیستەمی پاتریۆت بە سعودیە کە بەهۆی سیستەمی S 400 ی ڕوسیاوە بازاڕی ڕوو لە کزبوونە، یاخود دەسکەوتنی حەنجەت بۆ ڕەوانەکردنی هێزی زیاتر بۆ کەنداو. بەڵام بەبڕوای من لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە ئامریکا جڵەوی بۆ ئێران شل کردووە، زیاتر بەمەبەستی ئەوەی کە توانا سەربازییەکانی ئەو وڵاتە باشتر و وردتر بخەمڵێنێ. ئێران لەوەدا لەهەڵەدایە کە بەردەوام دەستی خۆی بۆ ئامریکا دەخاتەڕوو. بێگومان ئەمجۆرە هێرشانە نەک هەر یارمەتیدەری فرۆشتنی زیاتری نەوتی ئێران نابێت، بەڵکوو بە زیانی زیاتری ئەمنی و بگرە ئابووریشی دەشکێتەوە. چونکە لەوانەیە سعودیە دۆسیەی ئێران لەم هێرشانەدا بباتە ئەنجوومەنی ئاسایش، یان لەڕێگەی دارایییە بلۆککراوەکانی ئێرانەوە قەرەبووی ئەم زیانانەی وەرگرێتەوە و دواتر هەر سەری ئێرانیش لەم بەینەدا بێکڵاو دەمێنێتەوە.

بەباوەڕی من ئامریکا بەئەنقەست ڕێگە بە دەستکراوەیی ئێران دەدات بۆئەوەی توانا سەربازییەکانی ئەو وڵاتە و خاڵە لاوازەکانی سوپاکەی خۆیشی کە دەبنە هۆی زیانهەڵگربوونی ئامریکا لە ئەگەری شەڕێکی داهاتوودا، بۆ دەرکەوێت. نەسەندنەوەی تۆڵەی خستنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی ئامریکا داوی ئامریکا بوو بۆئەوەی ئێران لە هێرش و پەلامارەکانی بوێرتر و بێباکانەتر هەنگاو بنێت و هەر هێرشێکی ئێرانیش کەشفبوون و بگرە هاککرانی بەشێک لە توانا سەربازیە نهێنییەکانی ئێرانی بەدواوە بووە و وەک دەگوترێت هەرجار کە هاتووە ئەبرۆی بگرێت، چاوێکیشی لەسەر داناوە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# هەم زیارەت هەم تیجارەت

ئەگەر بە کاردانەوەی چالاکڤانانی سەر فەیسبووک بێت، ڕۆژانی ڕابردوو گەورەترین کوفر کراوە. ئەویش بەوەی کە دوو کەناڵی ناسراوی تەلەڤیزیۆنی پەخشیان ڕاگیراون. ئەمە نیشانەی تێنەگەیشتنە لە ڕۆڵی میدیا و لەبیرکردنی ئەو ڕاستییەیە کە میدیا کەرەستەیە بۆ گەیشتنە ئامانج نەک ئامانجەکە خۆی بێت.

جارێ پێش هەموو شتێک دوو حیزب دوو کەناڵی خۆیان داخست. ئەوەش لە مێژووی حیزبایەتیی باشووری کوردستاندا هەرچەندە پێشینەی هەبووە، بەڵام بەزەحمەت هەزمکراوە. کاتێک حیزبی شیوعی تەلەڤیزیۆنی ڕێگای داخست، ئەو واوەیلایەی بۆ داخستنی دەکرا، زۆرتر لەوەی لە دڵتەنگی بۆ نەمانی میدیایەکی کاریگەر بێت، دڵتەنگی بوو بۆ ئەوەی کە مادام هەموو حیزبەکان تەلەڤیزیۆنی خۆیان هەیە کەواتە بۆ شیوعی نوشوستییەکی گەورەیە کە نەیمێنێت. چیرۆکی کەناڵی جەماوەریش بەهەمانشێوە بوو.

ڕاستییەکەی میدیای حیزبی، بەو فۆرم و ستایلە کوردییە کۆنەوە، زۆر دەمێکە سەردەمی بەسەرچووە و خەرجکردنی بودجەی زەبەلاحە لە پڕۆژەیەکدا کە هیچ ئەنجامی نییە.

لەدوای هاتنی ڕووداوەوە، میدیای بینراو چووە قۆناخێکی ڕاگوزەرەوە کە شوێنێکی بۆ میدیای حیزبی نەهێشتووەتەوە. یەکێتی بە دانانی کەناڵێکی هەواڵیی هاوتەریب لەگەڵ کوردسات ویستی پەلەقاژەی مانەوەی میدیا حیزبییەکەی بکات، بەڵام ئەو پڕۆژەیە بەمردوویی لەدایک بوو و نەیتوانی هەم حیزبی بێ و هەم هەواڵی بێ و هەم سەرکەوتووش بێت. پارتیش بەوەی کە میدیاکانی کردە ئێچ دی و ئامێرەکانی گۆڕین و کەمێک سیاسەتی ڕووماڵی دەستکاریکردن، هەوڵیدا لەو قۆناخە ڕاگوزەرە بە میدیای حیزبییەوە دەربازی بێت. بەڵام ئەویش کاریگەرییە خوازراوەکەی لەو میدیایەدا نەبینی. لەو نێوانەدا گۆڕان پاش هەوڵێکی زۆر لەگەڵ کەی ئێن ئێن بڕیارە دروستەکەی دا و دایخست و تەسلیمی واقیعە نوێیەکە بوو.

ڕاستییەکەی ئەگەر ئەو حیزبانە میدیاکانیان وەکو موقەدەسات نەبینن و بیرێکی هێمنانە و ڕوونیان لێبکەنەوە، بۆیان دەردەکەوێ کە بە نیوەی ئەو بودجەیەی لەو تەلەڤیزیۆنە بێ کاریگەرییە حیزبییانە خەرجیدەکەن، دەتوانن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کاری میدیایی دە جار کاریگەرتر بۆ حیزبەکانیان و بۆ گەیشتنە دەنگدەرانیان بکەن.

لە هەموو دنیاش ئێستا حیزبەکان هەر وادەکەن. قورسایی زۆر دەخەنە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵدەدەن باشترین قسەکەر و نوێنەری سیاسەتەکانی حیزبەکانیان وەک میوان بنێرنە ئەو کەناڵانەی هاوشێوەی ڕووداون و مەودا دەدەنە هەموو لایەک وەکیەک تێیاندا دەربکەون و دیبەیت بکەن و سەنتێکیش وەک خەرجی لەسەر حیزبەکانیان بارگرانی دروستنەکەن. هەر ئەمەیە کە کورد پێیدەڵێت: هەم زیارەتە و هەم تیجارەت!

شتێک کە وەک پەراوێزی گۆشەی ئەم هەفتەیە پێم گرنگ بوو بیڵێم لەسەر ئەمنە سوورەکەیە. ئەوەی کە تاوەکو ئێستا خەرجییەکانی ئەو شوێنەوارە مێژووییە لەسەر هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد یان یەکێتی بووە بۆخۆی کێماسییەکی گەورەیە بۆ حوکمڕانیی کوردستان. ڕاستییەکەی نەدەبووایە و ناشبێت ئەمنە سوورەکە ببێتە قوربانیی شەڕی گیرفانی پارەدارانی یەکێتی. بۆیە باش وایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەتیش لەوەدا تەدەخول بکەن و نەهێڵن یەکێک لەو ڕەمزانەی هەر بۆ خەڵکی سلێمانی نا، بەڵکو بۆ هەموو کوردستان نرخی گەورەی مێژوویی هەیە، بە کونفەیەکوونێک دابخرێ.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# نیشتمانێ وەک تەماتە

بەر لە چەند ساڵ ڕێم کەوتە یەکێ لە مۆڵە مۆدێرنەکانی شار. تەماتەیەکی زۆر هەڵچنرابوو کە هەر لە یەکەم نیگادا لێیان دڵکرمێ بووم، ئاخر هیچ لەو تەماتە سوور و خڕ و پڕانەیان نەدەکرد کە ساڵانی ساڵ لە هەندەران چاوم بە بینینیان ڕاهاتبوو. فرۆشیارێکی گەنج لە نزیکم بوو. لێم پرسی «تەماتەی ترتان نییە؟» کاتێک فرۆشیارەکە بە «نەخێر» وەڵامی دامەوە، لێمپرسی «باشە ئەم تەماتانە بۆ ئاوان؟!» تەماتەکان شل و بڵ دەهاتنە بەرچاو، وەک بڵێی زۆر مابنەوە یان بەرەو خراپبوون بچن. فرۆشیارە گەنجەکە بێ بیرلێکردنەوە، وەڵامێکی دەسبەجێی دامەوە: «تەماتەی کوردستانە، قابیلە لەوە باشتر بێ!». پرسیم تەماتەی کوێیە؟ گوتی «نازانم، ئەڵێن هی دەشتی شلێرە". من هەرچەند بە نابەدڵی تەماتەکەم کڕی، بەڵام ئەوەی بووە هۆی ئەوەی ئەو بیرەوەرییە لە مێشکمدا بچەسپێ، تامی چاوەڕواننەکراوی تەماتەکان بوو: بێ دوودڵی، خۆشترین تەماتە بوون کە لە ژیانمدا خواردبێتم! دواتر بۆم دەرکەوت ئەو جۆرە تەماتانە هەر سروشتیان بەو شێوەیە؛ تامیان خۆشە، بەڵام توندوتۆڵ نین.

دەیڤید ڕۆمانۆ لە نووسینێکیدا لە "هەفتەنامەی ڕووداو"، ئاماژەی بە "هەنگاوێکی ئەرێنی"ی حکومەتی هەرێم کردبوو، کە ئەویش بریتی بوو لە قەدەغەخستنەسەر هاوردەکردنی تەماتە لە وڵاتانی دراوسێوە.

لە سۆنگەی بایەخی ستراتیژیکی گرینگیدان بە بەرهەم و بەرهەمهێنەری خۆماڵییەوە، دەیڤید ڕۆمانۆ لە نووسینەکەیدا چەند خاڵێکی هەستیاری وروژاندبوو. من لێرەدا پێمخۆشە ئاماژە بە دیاردەیەکی پێوەندیدار بەو باسەوە بکەم، کە ڕەنگە چاودێرێکی بیانی وەک خۆمان سەرنجی نەدابێ. ئەو دیاردەیەش نەک گرینگینەدان بە بەرهەمی خۆماڵی، بەڵکو ڕێک بەسووک سەیرکردنی هەر شتێکە کە هی خۆمان بێ، بە تەماتە و پیازیشەوە!

بەڵام پێش چوونە ناو ئەو باسە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە قەدەغەکردنی هاوردە ناتوانێت چارەسەرێکی بنەڕەتی بێت، چونکە ڕووبەری جوگرافی و سروشتی کوردستان ڕێگەی ئەوە نادا لە دوو سێ وەرزی جیاوازدا کشتوکاڵ بکرێت، بۆیە بەرهەمی کشتوکاڵی خۆماڵی تەنیا لە مانگەکانی هاویندایە کە بە فراوانی دەڕژێتە ناو بازاڕ. زۆریی ئەو بەرهەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی لەڕادەبەدەری نرخەکان و زیانگەیاندن بە بەرهەمهێنەران. کشتوکاڵی کوردستان پێویستی بە مۆدێرنیزەکردنە لە هەموو سێکتەرەکاندا، هەر لە دەستپێکی بەرهەمهێنان واتە داچاندنی زەوییەوە تا سیستەمی ئاودێری و کۆکردنەوەی بەرهەم و لەهەمووی گرینگتر، هەڵگرتن و کۆگاکردنی بەرهەم بۆ مانگە ساردەکانی ساڵ. زەوی و سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان دەفرایەتیی ئەوەیان بەبەرەوەیە کە کشتوکاڵ بکرێ بە سەرچاوەیەکی ئابووریی بەهێز. بەتایبەتی ئەگەر ستراتیژی حکومەتی هەرێم کارکردن لەگەڵ ناوەند بێت، ئەوا بازاڕی گەورەی باشووری عیراق ساخکەرەوەیەکی باش دەبێ بۆ بەرهەمی جووتیارانی کورد، بەبێ ئەوەی پێویست بکا داهاتی کشتوکاڵ بەدەردی داهاتی نەوت بچێ و، بگەڕێندرێتەوە بۆ بەغدا.

بەڵام با بگەڕێینەوە سەر ئەو دیاردە درێژەی پێشتر ئاماژەم بۆ کرد: بەسووک سەیرکردنی بەرهەمی خۆماڵی. جارێ با ئەوە بڵێم، هۆی ڕیشەیی ئەوەی کە قاتوقڕیی شمەک و بەرهەمی خۆماڵی ڕووی لە باشووری کوردستانی ئەم سەردەمە کردووە، سەرمایەداری نییە. لەڕاستیدا بەپێچەوانەی شیمانەی هێندێ نووسەر و توێژەری کورد، پشتگوێخستنی بەرهەمی خۆماڵی لەسەرەتاوە پێوەندیی بە تەشەنەسەندنی دیاردەی بەرخۆرییەوە نەبووە. بەرخۆری دەرەنجامێکی درەنگوەختە. ئەوە ڕاستە کە بەر لە ڕاپەڕین، حکومەتی بەعس بەشێکی زۆری لادێکانی کاول و گوندنشینانی ڕاگواست. ئەوەش ڕاستە کە لەدوای ڕووخانی حکومەتی بەعس و شۆڕبوونەوەی لێشاوی دۆلار بۆ کوردستان، بەرخۆری بوو بە دیاردەی زاڵ، بەڵام لە نێوان ئەو دوو مێژووەدا، سەردەمێکی دە ساڵەی حوکمڕانیی کوردی هەبووە، کە هیچ نیشانەیەک لە بوونی ستراتیژێک بۆ ژیاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی خۆماڵیی لێ بەدی ناکرێ. ئاوەدانکردنەوە بەندە بە پلانی پەرەسەندنەوە، بە دوورنمایەک لە گەشەپێدانی ژیارییەوە. حیزبە حاکمەکانی ئێمە کە لە شاخەوە دابەزینە خوارەوە، نە وێنایەکی نیشتمانییان بۆ دەسەڵاتداریێتیی بان-حیزبی هەبوو، نە ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگە — لەهیچ بوارێکدا!

بێگومان لەو ساڵانەی دوای ڕاپەڕیندا هێندێ گوند ئاوەدان کرانەوە. بەڵام شتێک بە ناوی ئەجندای ستراتیژیک بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری، خولیای هیچیەک لە حیزبە حاکمەکان نەبوو. لەباری کرۆنۆلۆژیکەوە، تازە لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکاندا بوو کە بۆ یەکەمینجار، نەوشیروان مستەفا بە نووسین پێویستیی بووژاندنەوەی کشتوکاڵی (وەک فاکتەرێکی زەمینەسازی خۆڕاگری، لە ئەگەری هاتنەئارای زەمینەی سەربەخۆییدا) هێنایە بەرباس. هەڵبەت ئەو باسەش هیچکات لە وشەی ناو نووسینەوە نەگوازرایەوە بۆ ناو پراکتیکی دەسەڵاتداریێتیی سیاسی.

ئەوەی لێرەدا من دەمەوێ باسی بکەم، مەسەلەی ژێرخانی ئابووری یان کەمتەرخەمی لەئاست بەرهەمی خۆماڵی نییە. دیاردەیەکی ترسناک کە لە ئێستای کوردستاندا بەدی دەکرێ بێ متمانەییە کە بووەتە هۆی بەچاوی سووک سەیرکردنی هەر شتێک پێوەندیی بە ناوخۆی کوردستانەوە هەبێ. وتەزای وەک ئەو نموونەیەی لەسەرەتای ئەم نووسینەدا گێڕامەوە، لام وایە لای کەس نامۆ نەبێ: «تەماتەی کوردستانە، قابیلە لەوە باشتر بێ!» هەڵبەت ئاشکرایە، ئەوەی کە بیانیبوون بە مانای باشبوون و خۆماڵیبوون بە مانای خراپبوون بێ، هەمیشە لە ئەزموونی کردەکیی بەکارهێنەرەوە سەرچاوە ناگرێ و مەرجیش نییە هەمیشە شتی بیانی باشتر بێ. کێشەی سەرەکی لێرەدا بێ متمانەییە بە هەر شتێ کە خۆماڵی بێت.

با نموونەیەکی پێچەوانەتان بۆ بگێڕمەوە: لە وڵاتێکی وەک فینلاند، بەهۆی سەرماوسۆڵی زۆرەوە، هەموو بەرهەمێکی سروشتی شین نابێ و ڕێژەی جۆراوجۆریی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە خوارەوەیە. فینلاند زۆربەی خواردەمەنییەکانی لە دەرەوە هاوردە دەکا. تەنانەت بەهۆی بوونی بازاڕی ئازادەوە، زۆر لەو خواردەمەنییانەش کە لە ناوخۆدا بەرهەم دێن، لە دەرەوەش هاوردە دەکرێن، چونکە هەرزانتر دەکەون. ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی زۆرجار چۆنایەتیی بەرهەمی هاوردەکراو لە بەرهەمی خۆماڵی باشترە و، هەمیشەیش نرخی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هاوردەکراوەکان لەسەرەوەترە، کەچی هێشتاش خواست لەسەر بەرهەمی خۆماڵی زیاترە! جارێکیان لە فرۆشگایەک تەماتەی وڵاتان لای یەکەوە ڕیزکرابوون. ناسیاوێکی فینلاندی دەستی برد تەماتەی خۆماڵی هەڵبگرێ کە نرخەکەی لەوانەی تەنیشتی زۆر زیاتربوو. هاوڕێیەکی کوردم بە پێکەنینەوە پێیگوت؛ «دەزانی جیاوازیی ئەم تەماتانە هەر ئەوەیە کە ئیسپانیاییەکە بە خۆرەتاو پێدەگا، فینلاندییەکە بە گوڵخانە!» فینلاندییەکە دایە قاقای پێکەنین و تەنیا گوتی «وایە، بەڵام ئاخر ئەمیان خۆماڵییە!». وەک دەبینین لێرەدا باس تەنیا لە متمانەیە. متمانە بە چۆنایەتیی بەرهەمی خۆماڵی، کە ڕیشەی لە دڵنیابوونێکی دەستەجەمعیدایە. دڵنیایی واتە هەست بە ئاسایشکردن.

ئاسایش ڕاستە چەمکێکی ڕێژەییە، بەڵام کاریگەرییەکی سەراپاگیری هەیە. نەبوونی ئاسایش لە کەرتێکی ژیانی کۆمەڵگەدا، کۆی دۆخی ئارامیی مرۆڤ دەشێوێنێ. لە هەرێمی کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا هەستی ئازادی و ئاسایش بەشێوەی هاوتەریب شێوێندراون. نەبوونی سەقامگیریی سیاسی، قەیرانی ئابووری و لێکترازانە بەردەوامە کۆمەڵایەتییەکان، وای کردووە مرۆڤی ئێمە متمانەی نەمێنێ. لێرەدا تەنیا باس لە بێمتمانەیی بە کوالیتی شمەک و بەرهەمی خۆماڵی نییە. بێمتمانەیی ئاماژە بە ڕەهەندی ئانتۆلۆجیکی ئاسایشە. باس لە بێمتمانەییەکی بووناسانەیە. تەنانەت دیاردەی "بێگانەپەرستی"ی مێژوویی ئێمەش هەر لەم سیاقەدا شیاوی تێگەیشتنە. مرۆڤی ئێمە لە قەڵەقێکی بەردەوامدا دەژی. هەستنەکردن بە ئاسایش هەڵبەت ڕیشەی لە ئەزموونێکی بەکۆمەڵدایە سەبارەت بەوەی کە وڵات (بە سەرخان و ژێرخانییەوە) لە دەستێکی دڵسۆز و باوەڕپێکراودا نییە.

دەمەوێ بڵێم؛ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی دەروونناسیی مێژوویی خەڵکی کوردستانیش هەیە. پێش ڕاپەڕین دیکتاتۆرێکی داگیرکەر بڕیاردەر و خاوەنی هەموو شتێ بوو. لەخۆوە نەبوو یەکەم هەنگاوی دوای ڕاپەڕین، ئاودیوکردنی سامانی گشتی بوو! بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری بەبێ بووژاندنەوەی هەستی خۆبەخاوەنزانینی گشتی، سەرناگرێ. بەچاوی سووک سەیرکردنی شمەک و بەرهەمی خۆماڵی، ڕیشەی لە نامۆکردنی مرۆڤی ستەملێکراوی کورددا هەیە لە دەوروبەری: هەستی دڵتەزێنی خۆبەخاوەن نەزانینی مرۆڤ لە خاکوئاوی خۆی. دەسەڵاتداریێتیی دوای ڕاپەڕین نەک هەر ئەم هەستە بریندارەی هەتوان نەکرد، بەڵکو لەڕێی پاوانکاریی حیزبی و قۆرخکردنی سامانە نیشتمانییەکان و گەندەڵییەکی سیستەماتیکەوە، بەردەوام خوێی بە برینی خەڵکدا کرد. ڕەنگە کەس نەمابێ ئەو وتە گشتگیرەی نەبیستبێ کە «ئەم وڵاتە خوا بۆ جەماعەتێ بەرپرسی دز و دەستوپێوەندەکانی ئەوانی کردووە!». ئەو وتەزا ترسناکە، دەربڕی هەستکردنێکی قووڵ بە نادادپەروەرییە، ئەویش لەوپەڕی هەستکردن بەبێ دەسەڵاتیدا. بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی بە سووکسەیرکردنی بەرهەمی خۆماڵی، دەبێ لەم پاشخانە تێبگەین: بەچاوی سووک سەیرکردن لێرەدا لە بێبەهایی بابەتیانەی شتێکەوە نایات، بەڵکو لەوپەڕی حەسرەتی دەستڕانەگەیشتن بەو شتە سەرچاوە دەگرێت. بەسووک سەیرکردن تۆڵەی پەراوێزخراوییە. تۆڵەیەکی کوێرانە!

هەڵبەت هەمووومان دەزانین کێ بەرپرسی ئەم دۆخەیە. پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ سەبەبکارانی ئەم ڕەوشە چۆن دەتوانن هەستی خۆبەخاوەنزانینی هاوبەشی نیشتمانی و، لەو سۆنگەیەشەوە، متمانەی گشتی ببووژێننەوە، ئەگەر لەو پێناوەدا، دەستبەرداری ئەخلاقیاتی خۆپەرستانە و بەرژەوەندیی خۆکەسی و پاوانکاریی حیزبی نەبن؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

# RÛDAW



## ناوی مستەفا رەشید بە 15 هەزار دۆلار دەچێتە کتێبی گینسەوە

2 »


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12 | rudaw@rudaw.net









